# گۆڤاری گیرفان

وەرزە گۆڤارێکی رۆشنبیریی گشتیی
سەربەخۆیە
کۆمەڵێك روناکبیر لە گەرمیاندا
دەریدەکەن

ژمارە (٢)، ساڵی دووەمی ٢٠٠٦

**خاوەنی ئیمتیاز و سەرنوسەر**
مەلا تەحیسن گەرمیانی
ژ. مۆبایل (٠٧٧٠١٥٧٥٤٩٢)

**بەرێوەبەری نوسین**
ئومێد بەرزان برزۆ
ژ. مۆبایل (٠٧٧٠١٩٠٩٢٢٢

**دەستەی نوسەران**
ئیبراهیم سدیق
سامان کەریم
کەریم ئەحمەد تایشەیی

**ماڵپەڕی ئینتەرنێت**
www.dengekan.com

**E-mil**
govarigirfan@yahoo.com

**ناونیشان**
کەلار - کتێبخانەی بێدار

دیزاینی بەرگ: ئارام لوقمان
مۆنتاژ: هاوار محەمەد
چاپ: چاپخانەی رەهەند-سلێمانی

## پێرست

پەیڤی گۆڤار ———— 5–

چاوپێکەوتنێکی نهێنی لەگەڵ ناخی خۆمدا
لەتیف هەڵمەت ———— 7–

سیاسەتسالاری و زمان بەرهەمی عەقلانییەتێکی سیاسی
یان ناعەقلانیەت لەسیاسەتدا
بەکر ئەحمەد ———— 13–

سیستەمی حزبایەتی لەکوردستاندا پێویستی
بەچاکسازییە
یاساناس: بەهائەدین ئەحمەد ———— 47–

زمان و کۆمەڵ
م. ئومێد بەرزان برزو ———— 53–

خوێنەری راستەقینە نیشتمانی نییە!!
فاتیح سەلام ———— 72–

ئەخلاق یان ئاکار لەروانگەی نیشتەوە
هێمن حەمید خورشید ———— 78–

مێژوی بیروباوەڕەکانی کورد بەر لەهاتنی ئاینی ئیسلام
کەریم ئەحمەد تایشەیی ———— 84–

کورتەیەك سەبارەت بەگەشەکردن و سەرهەڵدانی رۆژنامەوانی
کوردی لەگەرمیاندا (١٩٤٠–١٩٧٠)
ئەحمەد باوەڕ ———— 94–

ژن لەنەریتی خێلەکیانەدا
بەناز عومەر ئەحمەد ———— 108–

زیندانی گوانتانامۆ لەشانۆی لەندەندا
وەرگێڕانی لەفارسیەوە: عومەر عەبدولکەریم ———— 115–

گۆشە نیگایەك لەمەڕ ژیانی گیڤارا
وەرگێڕانی: عادڵ عەبدوڵلا ———— 120–

شیعرو رۆڵی لە پشت راستکردنەوەی رووداوە مێژوییەکاندا
هیوا غەفار ———— 133–

خوێندنەوەیەکی تر بۆ شیعرەکانی بێدار ١٩٨٤-١٩٤٩
فەرهاد قادر ———— 141–

شیری دایك
وەرگێڕانی لەئینگل-یزیەوە: د.جەمال مەعروف ———— 149–

نەخۆشی سەرئێشە
وەرگێڕانی: ئەرکان محەمەد رەشید ———— 160–

بەنداوی دەربەندیخان و کارەبای هەرێم
ئەندازیار: خەلیل بەرزان ———— 164–

خۆشەویستی لەئێوارە ژوانێکی وەنەوشەییدا
ئامادەکردنی: دڵێر عەبدولڕەحمان ———— 170–

سێکس لەروانگەی فرۆیدەوە
ئامادەکردنی: چالاك عەبدالباقی ———— 176–

(جینی بۆماوەیی) لەماستەرنامەیەکدا
ئامادەکردنی: مەلا تەحسین ———— 186–

# پەیڤی گۆڤار

یەکێ لە خاسیەتە گرنگەکانی پەیامی ڕۆژنامەگەری بەجوانی گەیاندنی وشەی ڕەسەنە بە خوێنەر و خزمەتگەیاندنە بە گەل و نەتەوەکەت ، بۆیە ئیمە وای دەبینین ، کە دنیای ڕۆژنامەگەری سەرەڕای ئەوەی کارێکی قورس و سەرئێشە و تا بە لەناوچوونی خودی ڕۆژنامەنووس دەگات.

لێرەدا پێویستە کارکردنمان و ستراتیژییەتمان مەبەست بێت لەخزمەتکردن و پێشکەوتنی کۆمەڵگە و خودی تاك بەتایبەتی خۆشبەختانە (گۆڤاری گیرفان) ، بۆ ئەم مەبەستە و بە بوارێکی ڕۆژنامەوانی ڕاستەقینە و بەمەبەستی هۆشیاری و پێشکەوتنی کومەلگەی کوردەواری و بە گەیاندنی پەیامی جوان و ڕەسەنی کوردی هاتە مەیدانەوە ، واتە (گۆڤاری گیرفان) پرۆژەیەکە ستراتیژییەکی خۆی هەیە لەبواری ڕۆژنامەگەریدا ، کە هەوڵی سەرەکی و گرنگی خۆی لە ڕۆشنبیرکردنی کۆمەڵگە دەبینێ ، ئەویش بەبەردەوامی و بەگەیاندنی گۆڤارەکەمان بۆ نێو گیرفانەکانی تاکی کورد .

ئەم جارەش بە شانازییەوە لەکات و ساتی خۆیدا بەشێوەیەکی تر و بە کۆمەڵێك بابەتی هەمەجۆرەوە دەکەوێتە بەر دیدەی خوێنەرانی خۆشەویست ، کە ئەمەش



سوپاس و ستایشی ئەو نووسەر و ڕۆژنامەنووسانەی کورد دەکەم ، کە بە نووسینەکانیان (گۆڤاری گیرفان) دەوڵەمەند دەکەن.

هەروەها وەك ژمارەکانی (٠ ، ١ ) دەبێ هەوڵی ستافە خنجیلانەکەمان و هاوکارە دڵسۆزەکانمان لەبەر چاو بگرین ، کە خۆیان زۆر ماندوو دەکەن بۆ بەرهەمهێنانی گۆڤارەکە . وا لەژمارە (٢)شدا ئومێدەوارین هەوڵێکی جوان و بە پێزترمان دابێت بۆ خوێنەرانمان و مەڵۆیەکی تر بێت بۆ سەر خەرمانی بزووتنەوەی ڕۆژنامەگەری کوردی.

جارێکی تریش دووپاتی دەکەینەوە ، کە بە ڕەخنە و تێبینییەکانی ئێوەی بەڕێز وەپێشمان دەخات و هانی زێدەترمان دەدات و وزەی زیاترمان پێدەبەخشێ و جارێکی تر فەرموون ئێمە و ئێوە و گۆڤاری گیرفان.

**سەرنووسەر**



# چاوپێکەوتنێکی نهێنی لەگەڵ ناخی خۆمدا



لەتیف هەڵمەت

بەبێ دوودڵی دەڵێم سەرچاوەی ڕۆشنبیری نەتەوەی کورد لەکوردستانی خوارووودا لەئەنجامی زەبر و زەنگ و دڕندایەتی ڕژێمی ناسیۆنالیستی دکتاتۆری عەرەبیدا لێڵ بووە و شێواوە و داگیرکەرانی کوردستان (عەرەب و فارس و تورك) و هاوپەیمانەکانیان هەردەم هەوڵیانداوە ، بەجۆرێك لەجۆرەکان ناسنامەی ڕۆشنبیریی کورد شەت و پەتی کەن و بیسڕنەوە...

هەر بۆنموونە کاتێ ناسیۆنالیزمی عەرەبی بەیارمەتی بەریتانیا عێراقی عەرەبییان دروستکرد ، هیچ سێ و دوویان لێ نەکرد و باشووری کوردستانیان بەعێراقەوە گرێدا و هیچ



بایەخێکیشیان بە مۆرك و ناسنامەی ڕۆشنبیری و کلتووری کوردی نەدا و زمانی عەرەبییان لەعێراق و کوردستانی باشووردا کرد بە زمانێکی فەرمی لە هەموو قوتابخانە و دامودەزگا حکومەتییەکانی عێراق و کوردستاندا و لەئەنجامی ئەم سیاسەتە گلاوەی ناسیۆنالیزمی عەرەبی عێراقی و پشتگیری کردنی ئەم سیاسەتە لەلایەن بەریتانیاوە ، کە ئەوسا و ئێستاش دوژمنی سەرەکی و خوێنەخۆری نەتەوەی کوردە و بەرپرسە بەرامبەر بە کورد قڕانەکانی کوردستانی باکوور بەدەستی (کەمال ئەتاتورك) و هەموو کورد قڕانەکانی ڕۆژهەلات و ڕۆژئاوای کوردستان بەدەستی ڕژێمەکانی ئێران و سوریا و .... هتد . سەدان هەزار ڕۆڵەی کورد لەڕێگای پرۆگرامی خوێندنی قۆناغەکانی قوتابخانەوە لە بەسرا و عەمارە و کوت و حلە و باقووبە و خالس و خانەقی و سەعدیە و نەجەفی پیرۆز و کەربەلا و بەغدا و سامەرا و تکریت و موسڵ و هەندێ لە ناوچەکانی کەرکووك ناسنامەی ڕۆشنبیریی و کلتووریی نەتەوایەتی خۆیانیان لەبیرچووە و لەئەنجامدا چ بە تۆپزی بێ و چ بە خوایشت زمانی زگماکی خۆیان لەبیر چووە و زمانی عەرەبییان بەسەردا چەسپا و ئەو دوو سێ ملوێن کوردەی (شار و شارۆچکەکانی ناوەند و خوارووی عێراقدا بوون) و لەسایەی عێراقی عەرەبیدا دەژیان ، نیواونیویان ڕەگەزنامەی عەرەبییان بۆ

کرا و ئەوانەشیان کە لە ناخەوە هەست بە ڕەگەزنامەی ڕەسەنی خۆیان دەکەن ، بەداخەوە ئەگەر بیانەوێ ئاگاداری کلتوور و ڕۆشنبیری کوردی بن بە عەرەبی دەیخوێننەوە و جێی داخیشە ئەم تاوانە بە بەرچاوی ڕۆشنبیران و شاعیرانی ناسراوی عەرەبەوە ئەنجامدراوە و هیچ کەسێك لەو ڕۆشنبیرە عەرەبانەی ئەو سەردەمە و کاتی دوای خۆشیان نە گلەییەکیان لە ڕژێم کردووە و نە بە جۆرێك لە جۆرەکان نارەزاییان دەربڕیوە و ڕۆژێ لە ڕۆژان نە خۆیان و نە هاوکووفەکانیان بەئاشکرا نقە و ورتەیان لێنەهاتووە و بە هیچ جۆرێك لەجۆرەکانی دەربڕین پاڵپشتییان بۆ کورد دەرنەبڕیوە و باسی مافە کلتووری و نەتەوایەتییەکانی کوردیان نەکردووە و ئێستاش نەك فیدراڵی بەڵکو هیچ مافێکی ڕۆشنبیری و نەتەوەیی بە کورد ڕەوا نابینن و هەندێ لەوانە ناوی کوردستان بە مەرگەمووش دەزانن و هەرگیز نایخەنە سەر لێویان نەوەك دەرمان خواردبن ، کەچی لەم بارودۆخەدا کە باشووری ئازادکراو یاخود بڵێین نێوچە ئازادکراوی کوردستان ـ دەڵێم نێوچە ئازادکراو (چونکە ئێستا ژێر دەستەی حزبگەری و تیرەگەری و بنەماڵەگەری و دەوڵەمەندگەری و گرووپگەری و سەرکردەگەرییە) ، لەم بارودۆخەدا کە باشووری کوردستانی لەسەرەوە باسکراو گەمارۆی ڕۆشنبیری لەسەرە ، هەندێ دامودەزگای چاپەمەنی عەرەبی و عێراقی و نێوچە



عێراقی ساڵی یەك دووجار پێشنگای کتێب بە نرخێکی زۆر گران دەکەنەوە ، نرخ نییە ، بەڵکو ئاگرە ئاگر ، سەرپەنجە و گیرفانی ڕۆشنبیرانی کورد دەکات بە خۆڵەمێش ، هەر بۆنموونە ڕۆمان هەیە نرخەکەی لەبازاردا دوو دۆلارە ، کەچی سیازدە دۆلاری لەسەر دادەنرێت ، ئایا ئەم جۆرە پێشنگای کتێبانە جۆرێك نییە لە جۆرەکانی ئەنفال ، حەز دەکەم فەخری کەریم و ئەوانەی یارمەتی ئەم جۆرە پێشنگایانە دەدەن ، وەڵامی ئەم پرسیارانە بدەنەوە ، من دەپرسم ئەگەر شاعیرێکی وەکو (محەمەد عومەرعوسمان و حوسێن بەفرین و عیسا چیایی و محەمەد کوردۆ و مارف ناسراو و خۆم و دەیان و سەدان نووسەر و شاعیری دی کورد) کە ئاستێکی ئابووری دیاریکراویان هەیە ، دەتوانن ١٠-١٥ کتێب لەو پێشنگایەدا بکڕن ! من دووبارەی دەکەمەوە ، ئەمە جۆرێکە لە جۆرەکانی ئەنفال و دامودەزگا ڕۆشنبیرییەکانی عەرەب دژی ڕۆشنبیری کورد و گیرفانی ڕۆشنبیری کورد ئەنجامی دەدەن و دەبێ لەساڵانی داهاتوودا ڕۆشنبیرانی کورد بە جۆرێك لە جۆرەکان بەرپەرچی ئەم جۆرە ئەنفال کردنە بدەنەوە و هیوادارم حکومەتی هەرێمی کوردستان خۆی بەشێوەیەك لەشێوەکان هەوڵی ئەوە بدات ، بەروبوومی هزر و قەڵەمی دەرەوە بەنرخێکی هەرزان بگاتە کوردستان .

جێی خۆشیەتی ئەوە بێنمەوە یاد ، کە لەئەنجامی گرانی



بەرهەمە شاکارەکانی جیهانەوە گەلێ لەخوێنەرانی کورد لەهەموو ئاستەکانی خوێندندا ئاگاداری بەرهەمی هزری هزرمەندانی جیهان و شیعری شاعیرانی ناوداری جیهان و ڕۆمانی ڕۆماننووسە بەهرەمەندەکانی جیهان نین و لەبەرئەوە جاری وا هەیە نووسەرێکی زۆر بێ توانا کتێبێکی زۆر سەقەت دەربارەی ئایین یان دژە ئایین یان مێژوو یان کۆمەڵناسی یان بونیادگەری یان نوێگەری ... یاخود دیوانە شیعرێکی وێرانی پڕ لە لاسایی کردنەوەی کوێرانەی ئەوروپا بڵاودەکاتەوە ... یاخود ڕۆمانێکی درێژدادڕی بێ مەودا و ڕەهەندی دوور لە بارودۆخ و خەسڵەتە کوردستانییەکان دەخاتە بازاڕەوە ، وادەزانن بەرهەمێکی ناوازەیە و پێویست دەکات هەموو کوردێك بیانخوێنێتەوە و نازانێ دەیان کتێبی دی لەو جۆرە کە بە زمانەکانی دی نووسراون ، ئەمان لاساییان کردۆتەوە و گەدە و گیپاڵیان بۆ خۆیان دزیوە ، لەسەر شۆستەی وڵاتەکانی خۆیاندا کەوتوون و کەس ئاوڕیان لێناداتەوە ، بەڕای من ئەگەر هەر بۆنموونە هەموو ڕۆمانە شاکارەکانی جیهان بەئاسانی بگەنە دەستی خوێنەرانی کورد ، ئەوسا بەجوانی دەزانن ڕۆمانی باش و ڕۆمانی خراپ لێکجیاکەنەوە و کاتێك خوێنەرێك ڕۆمانی ڕۆمانووسێکی کوردی دەخوێنێتەوە ، ئەزانێ لە چ ئاستێکدایە و بە پڕوپاگەندە و هات و هاوار و هاش و هۆشی گرووپگەری و هۆزگەری و هاوڕێگەری و



پارەگەری و هاوبیرگەری و هاوشاریگەری و هاوگەڕەکی گەری ناخەڵەتێ و فریو ناخوات ، بۆیە قورسایی قسەم دەخەمە سەر ڕۆشنبیری و هونەر ، چونکە بەدرێژایی مێژوو هونەر لق و چڵ و بەش و هۆبە ڕۆشنبیرییەکانیەوە هاندەر و هۆکارێکی گرنگ بووە بۆ پەرەسەندنی چەمکە مرۆڤایەتییەکان و مرۆڤ و کۆمەڵگاکان توانیویانە لە کلاّورۆژنەی ئەو چەمکانەوە بۆچوونە مرۆییەکان و مۆرك و تیۆرە ڕەوشتییەکان بچەسپێنن و دەرگای بەردەوامبوونی نوێگەری و پێشکەوتن بخەنە سەر پشت و هونەر لەخودی خۆیشیدا بۆتە ئاوێنە نومایەك بۆ بەرجەستەکردنی بوون و ژیاری نەتەوە و ئەزموونی هونەریی و ڕۆشنبیریی هەموو نەتەوەیەك ڕەنگدانەوەی ئەزموونی ڕامیاری و کۆمەڵایەتی و ئابووری و ئایینی و دەروونی و بایۆلۆژی و سیکۆلۆژی و ئەبستمۆلۆژی و ئیستاتیك و لۆژیك و ئەنتۆلۆژیا و ئیکۆلۆژیای ئەو نەتەوەیە ، کە یزدان و جێژای ئەو هونەر و ڕۆشنبیرییەیە ، هەر لەم نوارگەیەوەیە کە نووسەری ناسراو (فلۆبێر) گوتوویەتی : ((هونەر بەرگرییەکی بێ کۆتاییە لە مرۆڤ)) ، هەر لەم بۆچوونەوە دەڵێین هونەر بەرگری بەردەوامە لە کەسایەتی خودی نەتەوە و هەموو ئەدگار و مۆرك و خەسڵەتەکانی نەتەوە . هەر لە بانێژەی گرنگی ڕۆڵی هونەرەوە و پەیوەستییەوە بە ژیانی کۆمەڵگاوە ، هزرمەندی

# سیاسەتسالاری و زمان بەرهەمی عەقلانییەتێکی سیاسی یان ناعەقلانییەت لە سیاسەتدا

سەرنجێک لە سیاسەتسالاری و زمان لای بەختیار عەلی

نووسینی/ بەکر ئەحمەد

بەشی دووەم و کۆتایی

**تێزی سیاسەتسالاری و زمان لای بەختیار عەلی :**

کاتێك بەختیار عەلی بە شوێن ئەوەوەیە پێمان بڵێت ئەم زمانە بە سیاسیکراوە لە کوێوە هاتووە دەنووسێت :"ئەم زمانە لە هەموو حزبە کوردییەکاندا لەیەکدەچێت ، لەبەرئەوەی حزب خۆی ئەم زمانەی دروستنەکردووە، بەڵکو بەلاغەتێکە بەر لەوەی بگاتە ناو گووتاری حیزبی وەك گوتارێکی زمانەوانی گشتی بووە و مەیدانی گرتووە ، هێندە هەیە حزب دواتر لەناویدا دەوەستێت و بەکاریدەبات و بەرهەمی دەهێنێتەوە." بەڵگەشی بۆ ئەم ڕوونکردنەوەیە ئەوەیە کە :"فرە حیزبی لە کوردستاندا بەواتای فرە ڕەنگی زمان نەبووە. "



ئەوەی لای بەختیار و سیستەمی بیرکردنەوەی ئەودا جێی نییە ، چۆنێتی هاتنەکایەوەی ئەم بەلاغەتەیە ، کە بە قسەی بەختیار بەلاغەتێکە و وەك گووتارێکی زمانەوانی گشتی بووە و مەیدانی گرتووە . ئەوەی کە ئەم گووتارە زمانەوانییە گشتی بووە و مەیدانی گرتووە هەر لە خۆیەوە ، ئەوەیە کە لە جەژن و شادیگرتنی حاجی قادری کۆییەوە بۆ قەتلوعامی ئەرمەنەکان ، لە ئەفسانەسازی دوانزەسوارەی مەریوانی پیرەمێردەوە بۆ ئەی ڕەقیب ، لە شیعرە ئاگراوییەکانی کامران موکریەوە بۆ " قەحبەن ئەوانەی پێمەدڵێن گوێزان و موو برای یەکن" ی پەشێو ، لە شێرکۆ بێکەسەوە بۆ ناسیۆنالیزمی دوور مەودای مەریوانی وریا قانع ، ئەمانە هەر هەموویان ئەو ناو و دەنگە جیاوازانەن ، کە لە پرۆسەی پێگەیاندن و دروستکردنی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستدا ئەندازیارێکی کارامەبوون . ئەوەی کە شەیەك ناتوانرێت بخرێتەوە سەر دۆخی جارانی بەر لەبارکردنی ئایدیۆلۆژی ، بەر لە هەموو شتێك زادەی باڵادەستی بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتییە لە کوردستاندا کە پێیدەوترێت ناسیۆنالیزم . ڕەوتێکی فیکری کە ئینسان و حورمەتی ئینسانی ئەو لە خاك و کانی و دار و شاخدا دەبینێتەوە و هەر بەم چاوشەوە دەبێ بیابانی وشکهەڵاتووی بەر تیشکی



خۆر لەبەرانبەر کێوی بەرزی کوردستاندا چۆکدابات و داربەڕوویش ببێتە شای درەختەکانی دنیا.

ئەوەی کە فرەحیزبی لە کوردستاندا بە واتای فرەڕەنگی زمان نەبووە ، گێڕەرەوەی ئەو چیرۆکەیە ، کە تاکە هێزێك وەك بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی کاریکردبێت لەدرێژەی مێژووی کۆن و نوێی کوردستاندا ناسیۆنالیزمی کوردبووە . ئیتر چۆن چاوەڕوانی ئەوە دەکرێت زمان و بەلاغەتێکی تری سیاسی جیاواز پەیدابێت. ئەوەی کە حزبی کوردی ئەرك ناکێشێت بۆ دروستکردنی بەلاغەتێکی سیاسی تازە و یەکسەر لەناو ئەم زمانەدا کاردەکات ، سەرچاوەکەی ئەوەیە کە حزبی کوردی بەرلەوەی دروستبووبێت ، ناسیۆنالیزم بزووتنەوەیەکی گەورەی کۆمەلایەتی بۆ ئامادەکردووە ، کە ئەوی لە ناوخۆیدا داوەتەدەر. ئەو بەزمانی بزووتنەوەکەی خۆی نامۆ نییە . زمانێکی تر دروستناکات بەجیا لەو زمانەی کە پێشتر ناسیۆنالیزم پێشکەشیکردووە . کاتێك بەختیار دەنووسێت:"لە پێکدادانی بازاڕیانەی سیاسەتدا دوژمنەکان تەنیا خیانەتکارنین ، بەڵکو بێئەخلاقیش ، هەر سیاسەتەکەیان ناتەواونییە ، بەڵکو ژن و کچەکانیشیان ناتەواون ."، ئەمە هەر وەك چۆن لە جێیەکی تری ئەم وتارە ئاماژەم پێکرد ، تەنها بەلاغەتێکی سیاسی نییە حزبی کوردی دایهێنابێ ، بەڵکو زادەی ئەو



جیهانبینیی و سیستەمە فیکرییەیە ، کە ناسیونالیزم لەسەر ژن و دایکی نیشتیمانی داناوە . ئەم بەلاغەتە بەر لەوەی وەك بەلاغەتێکی سیاسی و حزبی جێکەوتبێ ، ناسیۆنالیزم وەك بزووتنەوەیەکی کۆمەلایەتی کاری لەسەر کردووە . جا کە بەختیار عەلی پێشنیار ئەوەدەکات کە :"ئازادی ئافرەت دەبێ بەشێك بێ لە کوردبوون و ئازادبوون"[1] ، ئەوە ئەو هێڵکاری پرۆژەیەکی تری ناسیۆنالیستی دەخاتەبەردەست کە ئەو دڵخوازیەتی.

بەڵام ئەم زمانە بەسیاسیکراوەی بزووتنەوەی کۆمەلایەتی ناسیۆنالیزم کە گووتاری مانەوەکەی ڕۆژانە ئاوپرژێنی سیاسی یەکبەیەکی وشەکانی زمانی پێدەکات ، تەنها بە بوونی فاکتەرێکی تری کاریگەر دەیتوانی سەد هێندەی تر سیاسی بێت و مانای سیاسی بۆ سەرجەمی وشەکان بدۆزێتەوە ، ئەویش ئامادەیی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆریی سیاسییە ، کە بەعس یەکێك لە ئەکتەرەکانییەتی . بوونی دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری گەورە کە بۆ فەرزکردنی هەیمەنەی خۆیی و لێدان لە هەر نەیارێکی بەرانبەری ، چاکتر وایە سەرجەمی ژیانی کۆمەڵگا سیاسی بکات ، لە داواکردنی کارەوە وەك مامۆستای قوتابخانەیەك ، بۆ کارکردن وەك مەلایەکی ئایینی ، کە دەبێ لەپێش دووعاخوێندنی نوێژەکانەوە ، خوا سەرۆکمان بپارێزێت

بڵێتەوە ، ئەمانە هەر هەموویان بە شوێن ئەوەوەن ، کە سەرجەمی ژیانی ئێمە بکرێتە پرسیارێکی سیاسی و لەگەڵ خۆیشیدا زمانی کۆمەڵگا ببێتە زمانێکی بە سیاسەت مینرێژکراو . واتە هۆکاری گرنگی ئەم سیاسەتسالارییەی زمان ، تەنها ناسیۆنالیزمی کورد نییە و خودی دەسەڵاتی سیاسی بەعس ، بە سیاسیکردنی جوڵەی گەورەی و بچووکی ئینسانەکانی کۆمەڵگا لە زاخۆوە بۆ فاو ، جوڵەی گەورە و بچووکی وشەکان دەکاتە جووڵەیەکی سیاسی . بە بڕوای من ئەگەر ئینسان لە چوارچێوەی دەسەڵاتێکی سەرکوتکەریانەی دیکتاتۆریدا نەژیایە ، خودبەخود سیاسەتسالاری نەدەبووە جومگەی گەورەی زمانی کۆمەڵگایەك . بەڵام لە بەرابەرکێی دوو بزووتنەوی بەرینی کۆمەڵایەتی سیاسیدا کە سەرچاوەی سیستەمە فیکرییەکانیان یەکە کە ناسیۆنالیزمە ، بێ لەبەرچاوگرتنی سەردەستەبوونی یەکێکیان و ژێردەستەبوونی ئەوی دیان ، ناکرێ سیاسەتسالاری نەبێتە تاکە مەرجەعی زمانەوانی . من لە شوێنێکی تری ئەم وتارەدا دەگەڕێمەوە سەر پەیوەندییەکانی نێوان زمان و دەسەڵاتی سیاسی .

بەڵام لەمڕۆدا جا من پێمخۆشبێ و یان نا بەلاغەتێکی تری سیاسی لەکوردستاندا بوونی هەیە ، کە بەلاغەتی ئیسلامی سیاسییە ، لە دوای شوورِاکانی ئازاری (١٩٩١) وە



ئێمە لەبەرانبەر ڕەوتێکی تری سیاسیداین ، کە ڕووناکبیران بەهۆی هەڵوێستی دژەکۆمۆنیستانەی خۆیانەوە ناتوانن هێندە مەوزوعی بن ، تاکو ببینن . کاریگەری ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە لەسەر زمان و فەرهەنگ و کولتووری کۆمەڵگای کوردستاندا ناکرێ پەردەپۆشبکرێت . ئەوەی کە زمانی ئەم هێزانەش بەهەمان ڕادە سیاسییە ، لە شوێنێکی تری ئەم وتارەدا وەك لەسەرەوە ئاماژەم پێکرد دەگەڕێمەوە سەری.

بەڵام بەختیار تێبینییەکی زۆر گرنگمان بۆ جێدێڵێت:"ئەوەی زمان خۆبەخۆ سیاسییانە بیربکاتەوە ، ڕاڤیار میکانیکیانە بۆ ڕاڤەی سیاسی بگەڕێت ، شیکردنەوەکان خۆبەخۆ ئاماژەیەکی سیاسی لەپشت هەموو ڕەمزێکەوە ببینن ، وادەکەن ناکۆکی لەگەڵ دەسەڵاتی حزبدا نەبێتە ناکۆکی لەگەڵ دەسەڵاتی کۆی سیستەمدا . واتە دەشێت تۆ لەگەڵ ئەم حزب یان ئەو حیزبدا ناتەبابیت ، بەڵام قوڵ لەناو ئەم سیستەمەی ئەمڕۆدا چەقیبیت."

ئەوەی جێی سەرنجدانە ئەوەیە ، کە تەنها بەلاغەتی زمانەوانی نییە وا لە کەسێك دەکات ، لەگەڵ هەر ناتەباییەکی حزبیدا لەگەڵ ئەم حزب یان ئەو حزبدا کە تۆ لە چەقی ئەم سیستەمەدا دابنێت و ناکۆکیت لەگەڵ دەسەڵاتی حزبدا لێنەکاتە ناکۆکی لەگەڵ کۆی سیستەمدا ، بەڵکو خودی



چەقبەستنی "ڕاڤیارە" لەناو سیستەمی بیرکردنەوەی ناسیۆنالیزمدا کە ئەکتەرێکی گەورەی دروستکردنی سیاسەتسالاری زمانە.

قبوڵکردنی کەرەستە زمانەوانییەکانی ، فەرهەنگی ، بنەما فەلسەفیی و کولتووریەکانی ناسیۆنالیزم کە بووە کەرەستە و بنەمای سیستەمی فیکری و شیکردنەوە دەربارەی خودی ناسیۆنالیزم بۆ ڕاڤیار ، لە گرنگترین ڕەخنەکانیدا لە چوارچێوە فیکرییەکانی ناسیۆنالیزم دەرباز نابێت.

ڕەخنەی بەختیار عەلی لە "سەدەی ناسیۆنالیزم ، بەرەو داڕشتنی زەمینەیەکی تیۆری بۆ خوێندنەوەی ناکۆکییە ناوەکییەکانی ناسیۆنالیزمی کوردی"، دەرچوون نییە لە بنەما فیکریەکانی ناسیۆنالیزم . بەڵکو کۆششی ڕووناکبیرێکی ناسیۆنالیستە بۆ باشترکردن و چاکترکردنی ناسیۆنالیزمی کورد . پرۆژەیەکە بۆ کردنی کوردبوون لە:"میراتێکی لە باو و باپیرانە جێماوە" بۆ کردنی کوردبوون بە:"کردەیەکی ئیرادەگەریانە و کردنی بە کردارێکی هەمیشەیی و هەنووکەیی بۆ کورد بوون."(٢)

چ حیزبێکی ناسیۆنالیزمی کورد و کەسێکی ناو بزووتنەوە بەرینەکەی ناو ناسیۆنالیزم ئەم وشانەی قبووڵ نییە و لەسەر دڵی خۆی ناینووسێت ؟ کاتێك ئینسان لە مەرکەزی ناسیۆنالیزمدا چەقدەبەستێت و بە ئامانجی بەرەو پێشبردنی



ناسیۆنالیزم تێدەکۆشێت ، ناتوانیت بکەوێتە دژایەتی کۆی سیستەمەوە . ڕەخنەی ڕۆشنبیرێکی ئایینی لە سیستەمی ئیلاهیاتی ئاین ، ڕەخنەی ڕۆشنبیرێکی ئاتەئیست نییە لەکۆی سیستەمی ئیلاهییات ، بەڵام قسە لەسەر ئەوە بکە ، کە ناسیۆنالیزم کۆمەڵگای خەیاڵە و فابرێکی دروستکردنی ئینسانی جۆراوجۆرە بۆئەوەی لەبەرانبەر یەکدا ڕاگیرێن و سکی یەکتری بدڕن ، پرۆژەیەکی ئامادەکراوە بۆ پەردەپۆشکردنی جیاوازییەکانی کۆمەڵگا و دروستکردنی دەموچاوێکی لەیەکچوو بۆ ئەو هەموو هەمە ڕەنگییەی دەموچاو و بەرژەوەندییە جیاوازانەی ناو کۆمەڵگا ، دووپاتی شوناسی ئینسانی ئینسانەکان بکەرەوە و بۆ چارەسەری کێشەی ستەمی میللی ، لەگەڵ"ڕیك ویڵفۆرد" دا بڵێ:" چۆن شۆڕش ڕۆڵەکانی خۆی هەڵدەلووشێت ، هەرواش بزووتنەوە ناسیونالیستیەکان ژنەکانی خۆیان هەڵدەلووشن."(٣) ، لەم گۆشە نیگایەوە سەرنجی پەیوەندی نێوان هەڵوشینی جەستەی ژنە کوژراوەکان و دەمی بزووتنەوە ناسیۆنالیستیەکان بدە لە هەر سوچێکی دنیادا ، بۆ نموونە لە کوردستاندا کە لەگەڵ باڵادەستی سیاسی ئەودا ، گۆڕستانێکی لە ژنان بە شوێن خۆیەوە جێهێشتووە ، لای بەعس کە بە شمشێر سەریاندەپەڕێنێت و جەستەکانیان هەڵدەواسێت ، لای پەکەکە کە جەستەی کوڕ و کچە ئاشقەکانی گوللەباران

دەکات بەهۆی ئەوەوەی خۆشەویستییانکردووە ، ئەو کاتە هەستدەکەیت نەك هەر دەسەڵاتی حزبی ، بەڵکو هونەرمەندان و نووسەرانی قەڵەمبەدەست و سکرتێری ڕێکخراوەکانی یەکێتییە جۆراوجۆرەکانی ژنانی ناو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکەی ناسیۆنالیزم ورگت نادرن.

## دەبێ چی بکرێت ؟

بەڵام دەرئەنجامی کۆتایی بەختیار عەلی لە سیاسەتسالاری و زماندا بۆ ڕزگارکردنی ئەم زمانەی کە سیاسەت کۆنترۆڵی ناوەکی وشەکانی کردووە ، ئەوەیە کە :"تاکە کەسێك بتوانێت لە ئابلۆقەی ئەو مانایانە دەرچێت ڕۆشنبیرانن ، دیارە هەموو ڕەنگەکانی ناو ڕۆشنبیریش ناتوانن لەو ئابلۆقەیە دەرچن . ئەوانە نەبێت کە لە ڕێگای سیستەمێکی فیکرییەوە دەروازەکانی زمانێکی دی دەکەنەوە . زمان بۆئەوەی خۆی ئازادبکات دەبێت بێتە هەڵگری فیکرێك هێدی هێدی لەناوەوە ڕای خۆی لە سیستەمە باوەکانی تەعبیرجیابکاتەوە."

من لە تواناییەکانی "ڕۆشنبیر" بۆ دەستپێشخەرییەکانی ئەو تاکو خۆی لە سیستەمە باوەکانی تەعبیر جیاکاتەوە زۆر بە گومان نیم ، بەڵام گومانم لە چەمکی "هەڵگری فیکرێك بێت" هەیە . ئەوەی کە زمانی کوردی کۆنترۆڵێکی



ناوەکی کراوە و سەرجەمی وشەگەلێکی وەك درەخت ، کانی ، شاخ ، هەڵۆ ، ناچار لە دوائەنجامیدا مانا و دەلالاتی سیاسی لەخۆدەگرێت ، ئەگەر مەبەستی خودی بەکارهێنەری وشەکانیش وا نەخوازێت ، زمانی سیستەمێکی فیکرییە کە تەواوی کەناڵە جۆراوجۆرەکانی ناو ئەم زمانە دەگەێنێتەوە سەر تاکە ڕێگایەك کە نیشتیمان تیایدا سەروەرە . من پێموانییە کە ئیشکالییەتی گەورە لە سیاسەتسالاری و کاریگەرییەکانی بەسەر زمانەوە بە گەڕانەوە بۆ زەمەنی بەر لە بارکردنی ئایدیۆلۆژی مەیسەر دەبێت . بەڵکو ئیشکالییەتەکە لەوەدا دەبینم ، کە قودسیەتی ئەم تاکە رۆح لەبەرەی ناو زمان ناخرێتە ژێر پرسیار و بەر گورزی ڕەخنەیەکی وا ناکەوێت ، کە نیشتیمان بخاتەوە شوێنی شیاوی خۆیی و کۆتایی بە باڵادەستی ئەم موقەدەسە بەسەر ژیانەوە بهێنێت.

من پێموانییە زمانی کۆمەڵگا و تەنانەت ڕۆشنبیرانیش لەو کەش و هەوا سیاسییەی کۆمەڵگا و بەرابەرکێی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا سەلامەت دەرچێت.

ئەو دۆخەی کە زمانی کوردی تێکەوتووە و بۆ بەختیار بە سیاسەتسالاری بەسەر زمانەوە ناو دەهێنرێت ، کە وا لە بەختیار و هەموو ئەو کەسانەی تر دەکات ، کە نەتوانن : " وشەکان بە ئەستەم بخەنەوە سەر دۆخی سروشتی خۆیان ،



واتا دۆخی پێش بارکردنی "ئایدیۆلۆژی"، کەڕولاڵە و ناتوانێت لەبەرانبەر وشەیەکی وەك "بێوەژن"دا شتێکی ترمان پێبڵێت.

بێوەژن وشەیەکی سروشتی ناو زمانی کوردی نییە . بێوەژن دەستکردی سیستەمێکی فیکرییە ، کە "کونکردنی ئافرەت" بە مانای لەدەستدانی بەها ئینسانییەکانی ئەو دەنەخشێنێ . ئاخر بێوەژن لە زمانی کوردیدا تەنها بەو ژنانە ناوترێت کە مێردەکانیان مردوون ، بەڵکو بێوەژن مانای ئەو ژنانەش لەخۆدەگرێت ، کە تەڵاقدراون و لە مێردەکانیان جیابوونەتەوە.

مانای بێوەژن بە "ژنی کونکراو" دەستکردی سیستەمێکی فیکرییە ، کە ئەخلاق و بەها ئەخلاقییەکان دەبەستێتەوە بە دوو دڵۆپە خوێنی ڕژاوی ژنانەوە . ئینسان بۆ خاڵیکردنەوەی ئەم کۆدە ئەخلاقیانەی کە لە دەوری وشەی بێوەژن دروستکراون ، تەنها بە دۆزینەوەی وشەیەکی ترەوە ناتوانێ کۆتایی بە ئەفسانەی ژنانی کونکراو بێنێت ، ئەگەر ئەخلاق بەو مانا ئایینییەی نەخرێتە ژێر پرسیار ، ئەمە ئیتر تەنها کارێکی ڕۆشنبیری ڕووت نییە و بۆ ئاکامەکانی ئەم شەڕە ، ئەوە تەنها بەرابەرکێی بزووتنەوە ئینساندۆستەکان و بزووتنەوە ئەخلاقپارێزەکان دەکرێ وەڵامێکمانباتەوە . ئەمە جەنگێکی سیاسییە و هەر لە ئێستادا بەهۆی باڵادەستی بزووتنەوە ئەخلاقپارێزەکانەوە چ ناسیۆنالیزمی کورد و چ ئیسلامی



سیاسی ، لە پاش دوانزە ساڵ لە کێشمەکێش تازە بە تازە قسە لەسەر گۆڕینی تەنها بڕگەیەکی کورتی ئەم یاسایانە دەکرێت . بەڵام کردنەوەی "ژنی کونکراو" بە ژن و نەخوێندنەوەی "کونبوون یان نەبوون"ی ئەو بۆ شوناسی ئینسانی ژن ، جا شوویکردبێ یان نەیکردبێ ، لە دواماناکانی خۆیدا تەنها بە تێکشکاندنی کاریگەری ئەو کۆدە ئەخلاقییەکان کۆتاییدێت ، کە لە دەوری ئەو دروستکراون . ژنێك کە کونکرابێ یان نەکرابێ ، زادەی ئەم سەرکەوتنەی بزووتنەوەی ئینساندۆستی کۆمەڵگایە و جەنگ و بەرابەرکێی سیستەمە فیکرییەکان دەیخوڵقێن ، لەسەر پەڕەی ڕۆژنامەکان نا ، بەڵکو لەبەرابەرکێی سیاسییانەی ئەو دوو بزووتنەوە جیاوازەدا کە خاوەنی دوو جیهانبینین لەسەر ئەخلاق. کاتێك ژنی کونکراو بە تەنها ژنە و کەس لە کونبوون یان نەبوونی ئەو ناپرسێتەوە ، ئێمە لەبەرانبەر وشەیەکی سروشتیداین . بەڵام کردنەوەی بێوەژن بە وشەیەکی سروشتی تەنها و تەنها بەرابەرکێی ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە دەیخوڵقێنێ ، کە ئینسان لە سەنتەریدا ڕاوەستاوە ، نەك ئینسانێکی ئایینی یاخود میللی.

من دووپاتی ئەوەمکردەوە ، کە گوومانم لە توانایەکانی ڕۆشنبیر نییە بۆ دەربازبوون لەو ئابلۆقەیەی سیاسەتسالاری خوڵقاندوویەتی ، بەڵکو گومانم لە "سیستەمی فیکر"یەك

هەیە ، کە بەختیار عەلی لێیدەدوێت . بۆ ڕەوینەوەی ئەم گومانانە با سەرنجێکی ئەم نموونەیەی خوارەوە بدەین . بەختیار لە شیعری " ستایشی مندا بۆ دەسەڵاتداران"دا دەنووسێت :"ئێوە واتانکرد بۆ یەکەمجار جەهەنەم لە بەهەشت جوانتر بێت . ئێوە واتانکرد بۆ یەکەمجار تاراوگە لە ماڵ جوانتر بێت . ئێوە واتانکرد بۆ یەکەمجار شەیتان لەخودا جوانتر بێت."(٤)

بەکارهێنانی دوولانەیەکی وەك جەهەنەم، بەهەشت ، تاراوگە، ماڵ ، شەیتان، خودا لەم شیعرەدا تەنها لە ژێر کاریگەرییەکانی سیستەمێکی فکری تایبەتدا دەکرێ ئەمیان بکاتە جوانتر لەوی دی ، ئاخر ئەوان وایاننەکردایە ، ئەوا بەهەشت (وڵاتی خۆ) زۆر جوانتر بوو لە دۆزەخ (وڵاتی ئەوی دی). ئەگەر ئەوان وایاننەکردایە ماڵ (وڵاتی خۆ) جوانتردەبوو لە تاراوگە ( وڵاتی ئەوی دی) . من پیموانییە دۆزەخ و جەهەنەم دوو شوێنی زۆر لەیەك دووربن . دەکرێ کوردستان بۆ بەختیار عەلی بە دۆزەخکرابێت . بەڵام بۆ زۆر کەسی دی بەهەشتێکە ، لە تاراوگەیشدا بەهەشت و جەهەنەم دیوارێکیان بەینە . ئەوە ئایینە خوای لە ئایەتەکانی جوانی گرتووە و شەیتانی ناشیرینکردووە ، ئەگینا شەیتان دەنگی نەئێکی یاخییە . ئەگەر ئایین جوانییەکی بۆ بەشەرییەت جێهێشتبێ ، ئەوە تەنها شەیتانە.



ئەم وێنانە هێندەی لەژێر تەوژمی خۆیی و ئەویدیدا دەسوڕێنەوە ، هێندە زادەی سیاسەتسالاری زمان نین . ئەمە پرۆسەی نائاگاییانە کەوتنە ناو سیاسەتسالاری زمانەوە نییە ، کە بەختیار باسیدەکات ، بەڵکو ئەمە زادەی هەڵبژاردنێکی بەئاگاهانەی سیستەمێکی فیکرییە ، کە نیشتیمانی لە خەرمانەی موقەدەسەوە ئالاندووە و تەواوی چەقبەستنی مانا لەوە سەرچاوەدەگرن.

کاتێك نیشتیمانی خۆ کە بەهەشتە بووە سەنتەری سیستەمی بیرکردنەوە ، ئیتر ئینسان توانای بینینی دۆزەخەکانی نامینێ یان لە باشترین حاڵەتدا دەیبینێ و بۆ نەهێشتنی بە ئایندەیەکی دوورتری دەسپێرێ ، کە نیشتیمان بووە خاوەنی پەرچەمی خۆ . ئەو زمانەی لە کوردستاندا باڵادەستی هەیە ، زمانێکە کە بزووتنەوەی بەرینی کۆمەڵایەتی ناسیۆنالیزم تەواوی کونج و کەلەبەرەکانی مانای یەکبەیەکی وشەکانی پێ ئاخنیوە . ئەمە تەنها زادەی بە سیاسیکردنی وشەکان نین ، بەڵکو زادەی بە کۆمەڵایەتیکردنی ئەفکار و بەهاکانی ناسیۆنالیزمە . خۆ ڕزگارکردن لەم زمانە و بە ئینسانیکردنەوەی کە دەکرێ ڕۆشنبیران ئەرکی گەورەی تیا ببینن ، تەنها کۆششێکی بچووکە . ئاخر زمان وەك کێڵگەیەکی جەنگی بزووتنەوە کۆمەلایەتییەکان لە دەرەوەی ئەم شەڕەدا ڕانەوەستاوە.



<u>شەڕ لەسەر وشەکان</u> :

من ئەم ڕوونکردنەوەی خوارەوە بەپێویست دەزانم بەرلەوەی دواسەرنجەکانی خۆم سەبارەت بە سیاسەتسالاری زمان بدەمە دەست. سیاسەتسالاری زمان تەنها زادەی کاریگەری باڵادەستی ئەحزابی سیاسی نییە لە کۆمەڵگادا ، بەڵکو زۆر هێزی تری دەرگیر لەناو دەروونی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا کاریگەری خۆیان دادەنین.

کاتێك وشەگەلێکی وەك:"درەخت ، کانی ، بوولبول ، باڵندە ، قەفەز ، هەڵۆ ، کەڵ..." هەموویان بە جۆرێك لە جۆرەکان دەبنەوە سیمای دۆخێکی سیاسی ، ئەمە خۆی لە خۆیدا زادەی باڵادەستی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و ئەحزابە سیاسییەکانی ناو ئەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتیەن ، کە من بە ناسیۆنالیزم ناویدەبەم . لەکاتێکدا وشەگەلێکی وەك: "ئازادی ، تاك ، دەولەتی ریفاه ، سۆلیدارێتی ، باج ، بەرپرسیارێتی" ، ئەم وشانە هەموویان ئەو وشە بەسیاسیکراوانەن ، کە لە ئەوروپادا جێگایەکی سەرەکی لە باس و خواستەکانی کۆمەڵگای ئەوروپیدا داگیرکردووە . ئەم وشانە سەنتەری بەرابەرکێی دوو بزووتنەوەی تری کۆمەڵایەتین ، کە لیبرالیزم و سۆشیال دیموکراسی و ئەحزابە جۆراوجۆرەکانیان لەدەوریدا گووتاری سیاسی خۆیان داڕشتووە . بە جیا لەم بەرابەرکێ سیاسیەش



لەدنیای ئەکادیمیك و زانستەکانی تریشدا هەریەك لەم چەمکانە جێگای لێکۆڵینەوە و باس و جەدەلێکی گەرمی ڕووناکبیران پێکدەهێنن . رێگای سێیەمی"ئەنتۆنی گدینز" ، بەشێك لەو کۆششە سۆسیۆلۆگیانەی ئەوروپان بۆ هاوبەشیکردن لە جەدەلی بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکاندا . بەڵام دەوڵەتی ڕیفاه و بەرپرسیارێتی کۆمەڵایەتی دەوڵەت لەبەرانبەر هاوڵاتیاندا ، هەروا خاوەنی زرنگانەوەی پۆزەتیڤانەی خۆی نییە ، بەڵکو لەناوەڕاستی هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە ڕووخسارێکی تر بەخۆوە دەگرێت . ئیتر باجەکان کە شادەماری بنیاتنانی سیستەمی دەوڵەتی ڕیفاهی پێکدەهێنا ، هەروا خاوەنی ڕەونەقی پۆزەتیفانەی خۆی نییە و "فشاری باج"و"دەوڵەتی پاسەوانی نیوەشەو"و"کوشتنی بەرپرسیارێتی ئازادانەی ئینسان" جێگایان دەگرێتەوە . تاتچەریزم و ڕیگانیزم لەناوەڕاستی هەشتاکاندا ئەو دوو ڕەوتە سیاسییەن ، کە نەك هەر لە باری سیاسییەوە ، بەڵکو لەبواری پراکتیکیشدا دەبنە گۆڕهەڵکەنی مۆدێلی ڕیفاه . بەڵام ئەم مۆدێلە بەر لەوەی بەر پەلاماری ڕاستەوخۆی تایبەتیکردن"خصخصە" بکەوێت ، دەبووایە لەزەینی ئینسانەکاندا زرنگانەوەی یەکبەیەکی وشە و بەهاکانی مۆدێلی دەوڵەتی ڕیفاه خاڵیبکاتەوە لە ناوەڕۆکە سۆسیال دیمۆکراسییەکەی.

(تۆماس فێرگسن) و (جۆیل ڕۆجەرز) لەئەمریکادا و (ستیوارت هاڵ)[5] لەبەریتانیادا ئەم جەنگی خاڵیکردنەوەی فەرهەنگی سۆسیال دیموکراسی لەو ناوەڕۆکەی کە کولتووورە زمانەوانییەکی ئەو دروستیکردبوو ، بە ڕوشنی شیدەکەنەوە . بەڵام من زیاتر سەرنجی کارگێڕێکی تری چالاکی دەرەوەی ئەحزابی سیاسی دەدەم ، کە چۆن توانای خاڵیکردنەوەی مانای ئەو وشانەی هەیە ، بەبێ ئەوەی کە پەیامهەڵگری حزبێکی سیاسی بێت.

(نینا بیۆرك) لەهەڕەشەی کانیبالیزمێکی کولتووریدا ، سەرنجمان بۆ ئەو مشەخۆرییەی دنیای ڕیکلام (اعلانات) ڕادەکێشێت ، کە چۆن چالاکانە لەخاڵیکردنەوەی بەها بنەڕەتییەکانی فێمێنیزمدا سەربازێکی قارەمانە . بۆ نموونە وشەگەلێکی لەچەشنی ( ئازادی ، سەربەخۆبوون ، لەسەرپێی خۆڕاوەستاو ) کە جومگەیەکی گەورەی بەها فیکرییەکانی فێمێنیزم پێکدەهێنێت ، لەلایەن ڕیکلامەکانی بازاڕەوە دەستی بەسەردا دەگیرێت و مانایەکی دیکەی پێدەبەخشرێت کە "بازاڕ" خوازیارییەتی.

(نینا بیۆرك) دەنووسێت: "بەڵام ڕیکلام ئەم کارە چۆن دەکات؟ لۆژیکی ئەو چییە؟ لەبەر ئەوەی ئەو بەها جۆراوجۆرانەی ڕیکلام دەیەوێت کەڵکی لێوەربگرێت ، بۆ نموونە بەهاکانی وەك ئازادی ، سەربەخۆبوون ، نەقاوەت ،



... تەنها لە واقیعدا توانای خوڵقاندنیان هەیە و لەلایەن ئینسانی واقعییەوە و بەبوونی هەست و نەستی واقعییەوە دەکرێ بوونی هەبێت ، بۆیە ئینسان دەتوانێت بڵێ: کە ڕیکلام بە پلەی یەکەم لەسەر زەمینەی مشەخۆرییەکی چالاکانەوە دادەمەزرێنرێت . ڕیکلام بەهاکان لە واقیعەوە دەگوێزێتەوە بۆ ئەتمۆسفێری کاڵاکان . بەجۆرێك کە ئیتر بەها( بەها سیاسییەکانی فێمێنیزم) و کاڵاکان لەیەکەوە دەئاڵێنرێن . بۆ نموونە ئیتر ئازادی یەکساندەکرێتەوە بەبیری (کارلس بێرگ) ، سەربەخۆبوون دەکرێتەوە بە ڤۆڵڤۆ . ئەمە کاری بەشێ لەو پیشەسازییەی ئەمڕۆیە ، کە ئەو بەهایانەی ئینسان بەشوێنییەوەیەتی و خوازیارییەتی دەبەستێتەوە بە هەڵبژێردراوێك لەو کاڵایانەی کە کۆمپانیاکان بەرهەمی دەهێنن . مەبەستیش ئاشکرایە: تا ئێمە والێبکەن ، کە هەست و ئارەزووی کڕینمان لەگەڵ مانای بەهاکاندا تێکەڵ بکەین."[٦]

بۆ نینا بیۆرك لەمڕۆدا کەم شت هەیە :" لە چنگاڵی ئەم کانیبالیزمە کولتوورییە سەلامەت دەرچووبێت . بزووتنەوەی فێمێنیزم بێگومان لەبەرەی ڕزگاربووەکانی بەردەمی ئەم پەلامارەدا نییە . بۆیە کاتێك کۆمپانیایەکی وەك ( ئیایزابێس ئەیدن) ڕیکلام بۆ بۆنی “Avenue 5th” ی خۆی دەکات ، زیاتر ئاشکرا دێتە پێش چاو ، کە کایەکردن



بە چەمکەکانی ئازادی ژنان و لەسەرپێی خۆڕاوەستان ، چەند ڕەهەندێکی تر بەو کاڵایە دەبەخشێت و چۆن لەمسێکی تر دەبەخشێتە بەرهەمەکە."

بەڵام ئەوەی کە دەرئەنجامی ئەم هێرشی کانیبالیزمییەی ڕیکلامە وەك نینا بیۆرك دەنووسێت:" کاتێك کۆمپانیا بەمشێوەیە مشەخۆری خۆی بەسەر بزووتنەوەیەکی سیاسی و بەهاکانییەوە دەکات ، ئەو بەهایانەی کە بۆ خاوەنی کۆمپنیاکان هیچ شوێنێك داگیرناکات ، نەك بەمە هەر کاڵاکانیان بارگاویدەکەن بە بەهاکانی ئەو بزووتنەوە سیاسییەوەی کە هی ئەوان نییە ، بەڵکو خودی بزووتنەوە سیاسییەکە و بەهاکانیشی لە بناغەوە دەگۆڕن . کاتێك ئینسان دەیەوێت لە خیتابی ڕیکلام بکۆڵێتەوە لەو گۆشە نیگایەوەی کە چی لە فێمێنیزم دزیوە ، ئەوا بۆمان ڕۆشندەبێتەوە ، کە هەندێك لە بەهاکان لەلایەن ڕیکلامەوە دەستی بەسەردا گیراوە و هەندێکی تریشیان وەك خۆی هێڵراونەتەوە . ئایدیاکانی سەربەخۆبوون ، مافی شووناسی کار و خەونی لەسەرپێیخۆڕاوەستان ، ئەو لایەنانەن کە دنیای ڕیکلام دەستی بەسەرداگرتووە ، نەوەك ئەو سیستەمی شیکردنەوەیەی کە فێمێنیزم بە شوێنیەوەیەتی و باس لە خوشکایەتی ، بوونیاد ، ڕێگاچارە کۆلێکتیڤەکان یاخود هاوپشتی لە ناو ژناندا دەکات . ئەو فێمێنیزمەی کە بە



بەرەکەتە بۆ کۆمپانیاکان و دنیای ڕیکلام ، فێمێنیزمێکە کە تا ئاستێکی ئێجگار گەورە ئیندیڤیجوالیزە کراوە. "

هەر بۆیەش لەسەر شانۆی کولتووری و ژیانی کۆمەڵایەتیشدا دەکرێ نموونەی ئەم فێمێنیزمە ببینرێت . کاتێك کچەکانی گروپی مۆسیقای ئەمریکی "دێستینی چایەڵد" لە ئاخاوتنێکی تەلەفیزیۆنی کەناڵی مۆسیقای ئینگلیزیدا (ئێم تی ڤی) دەمدەکەنەوە و دەڵێن: "ئێمە جوانیین ، دانایین ، قسەخۆشین ، هەڵەوەریین ، جەربەزەین و لەگەڵ ئەوانەشدا ئێمە فێمێنیستینن"، بۆ نینا بیۆرك ئەم فێمێنیزمە تازەیەی کە کۆمپانیا و دنیای ڕیکلام دروستیکردووە ، فێمێنیزمێکە کە گۆڕدراوە: "بە پرسیاری ئەو سیفەتە شەخسییانەی کە دەکرێ لە ژنێکدا بوونی هەبێت ، نەك فێمێنیزمێك کە خاڵی دەستپێکردنەکەی گۆڕینی هەلومەرج و سیستەم بێت." ، کاتێك ئازادی لە دنیای ڕیکلامدا دەگۆڕدرێتەوە بەو کەسەی کە خاوەنی کاتژمێرێکی لەچەشنی Patek Phillipe ، ئەو مەترسییە دێتەئاراوە کە ئەگەر: "لەهەر جێیەك لەم سەر زەوییەدا ئینسانێك پەیدا بێت و خەون بە ئازادییەوە ببینێ ، ئەوا کەسانێکی تر پەیدابن ، کە هێندە ئیمکاناتی ئابوورییان بەهێزە ، تا ئەم خەونە بگۆڕنەوە بە خەون بە کاتژمێرێکەوە کە هەڵگری مارکەی Patek Phillipe."

ئەوەی کە لە ئەوروپادا مانا سیاسیی و فەلسەفییەکانی فێمێنیزم دەکەوێتە بەر پەلاماری کانیبالیزمێکی کولتووری ، بەمانای کەمڕەنگتربوونی سیاسەتسالاری زمان نییە ، بەڵکو لە ناوەڕۆکی خۆیدا بەمانای زاڵکردنی دیدێکی تری سیاسییە بەسەر مانای وشەکاندا . گەڕانەوەیەك نییە بۆ وشە و ماناکانی بەر لە بارکردنی ئایدیۆلۆژی ، بەڵکو بارکردنی وشەیە بە بەها و مانایەکی دیکەی ئایدیۆلۆژی ، کە پەیامی بزووتنەوەیەکی ترە بۆ ئازادی.

ئەوی لە کوردستاندا بە سیاسەتسالاری زمان دەناسێنرێت ، خودی پرۆسەی سیاسیکردنی وشەکان نییە ، بەڵکو باڵادەستی یەك تێڕوانینی سیاسییە ، کە لە خاك و ئاو و نیشتیمان بەو لاوە جێگای هیچی تری تیانابێتەوە ، لەگەڵ ئامادەیی دەسەڵاتێکی سەرکوتکەرانەی سیاسیدا . تەحەزوبی سیاسی لە کوردستاندا بە قەدەر ئەوروپا نییە ، بەڵام کەناڵە سیاسییەکانی بردنە پێشەوەی پرسیارەکان هەمەڕەنگترە.

ئەمەش بە خاڵێکی گرنگتری سیاسەتسالاری زمانمان نزیکدەخاتەوە ، کە پەیوەندی نێوان زمان و دەسەڵاتی سیاسییە ، خاڵێك کە من لە شوێنێکی تری ئەم وتارەدا ، وتم دەگەڕێمەوە سەری.



**سیاسەتسالاری زمان و دەسەڵاتی سیاسی :**

بەختیار لە جێگایەکی تری وتارەکەیدا سەبارەت بەوەی کە هەموو پرسیارەکانی کۆمەڵگا دەکرێتەوە بە پرسیارێکی سیاسی و سیاسەتسالاری زمان بە هۆکاری سەرەکی ئەم نەخۆشییە دەناسێنێت ، دەنووسێت: "بە سیاسیکردنی بەردەوامی کێشەکان و بابەتەکان ، تەنیا سیفەتی حیزبەکان نییە ، بەڵکو سیفەتی ئەو هێزە مەدەنیانەشە ، کە لە ڕێگای بەسیاسیکردنەوە شەڕ لەگەڵ حیزبەکاندا دەکەن . سیفەتی ئەو ڕۆژنامە ئەهلییانەشە ، کە کێشەکان تەنیا لە گۆشەنیگای سیاسییەوە دەخەنەڕوو . بەڵام ئەمجۆرە بەسیاسیکردنە توندڕەو و بێلەمپەر بەشدارییەکی گەورەشە لەبەرتەسککردنەوەی بایەخی ڕۆشنبیری ئێمە بە کێشە فیکری و ستاتیکی و تیۆرییەکان . تا ئەو ئەندازەیەی دەگەینە ئاستێك تیایدا گرنگی ڕۆشنبیر بە ئامادەگی لەسەر پرسیارە سیاسییەکان دەپێورێت . نرخی ئەم ڕۆشنبیرە بە هەڵوێستە سیاسییەکانی دەستنیشاندەکرێت."

بۆیەش ئەم کێشەیە وادەکات: "کە ڕۆشنبیران کەم تا زۆر بکەونە ناو کێشە سیاسییەکان . کێشەی نەبوونی ئۆپۆزیسیۆنێکی سیاسی ڕاستەقینەیە ، کە وەزیفەی سیاسی خۆی ڕاستگۆیانە جێبەجێ بکات ، غیابی ئەو جۆرە



ئۆپۆزسیۆنە ڕۆشنبیران ناچاردەکات ، ئەو بۆشاییە پڕکەنەوە ، کە دەبایە ئۆپۆزسیۆنی سیاسی پڕیبکردایەتەوە."

ئەوەی کە لێرەدا جێگای ڕەخنە و غەزەبی ڕۆشنبیری بەختیار عەلی پێکدەهێنێت ، خودی دەسەڵاتی سیاسی نییە ، بەڵکو ئەوە ئەو زمانە بە سیاسیکراوەیە ، کە تەنانەت هێزە غەیرە حزبیەکان و تەنانەت ڕۆژنامە ئەهلییەکانیش بەهۆیەوە دەچنە شەڕی دەسەڵاتی سیاسی.

بۆ ئەم هێزانە کە دەبێت ڕۆژانە قسەوباس لەسەر پرسیارەکانی کۆمەڵگا بکەن ، کە دەسەڵاتی سیاسی ئەحزابی حاکم هەموویانی زەهراویکردووە ، ئەوە ئیتر ڕەخنە لە دەسەڵات نییە بۆ چۆنێتی زەهراویکردنی تەواوی پرسیارەکانی کۆمەڵگا ، بەڵکو لە هەڵبژاردنی زمانی سیاسییانەی ئەم هێزانەدایە ، کە ئێمە تووشی ئەم ڕۆژ ڕەشییە بووینەتەوە . ئەمە لە دوائەنجامەکانی خۆیدا لە یەك وشەدا چڕدەبێتەوە ، کە دەبێ بە دەسەڵاتی سیاسی کوردی بووترێت ، کە ئێوە چۆنتان پێخۆشە ، با ئێمە لە بەر ڕۆشنایی خواستەکانی ئێوەدا پرسیارەکانمان فۆرمولێرە بکەین.

بەڵام ئەم گلەییە لە سیاسیکردنی زمان کە هێزەکانی تر ناچارن ڕەچاوی بکەن ، بۆ لابردنی سەرچاوەکانی سیاسەتسالاری زمان نییە لە پلەی یەکەمدا ، بەڵکو بۆ خوڵقاندنی دەرفەتێکی گەورەی پڕ لە سوڵح و سەفایە بۆ



ئەو ڕۆشنبیرانەی کە دەبوایە سەر قاڵی پڕۆژە فیکری و ستاتیکی و تیۆرییەکانی خۆیان بن . واتا ئەم توندڕەوییە سیاسییەی هێزەکانی دیکەی کۆمەڵگا بە بەرتەسککردنەوەی: "بایەخی ڕۆشنبیری ئێمە بە کێشە فیکری و ستاتیکی و تیۆرییەکان" ی خۆیان تەواو دەبێت.

داخوازی دانی سۆپا و نەوت و فەرش بۆ قوتابیانی زانکۆ هیچ داخوازییەکی سیاسی نییە لە خۆیدا . داخوازی کاسبکارانی سلێمانیش بۆ دیاریکردنی شوێنی کەسابەتیان ناکرێ داخوازییەکی سیاسی ڕووت بێت . کاتێك خانووەکانی حامییە تێکدەدرێت ، خەڵکەکەی خوازیاری ئەوەن لەگەڵ دەسەڵاتدا دیالۆگ بکەن و بە ڕێگاچارەیەکی دوولایەنە بگەن ، ئەمە خۆی لە خۆیدا پرسیارێکی سیاسیی نییە . بەڵام کاتێك یەك بەیەکی ئەم خواستە سەرەتاییە پرسیار هەڵنەگرانە بە کوشتن و دیلکردنی ڕابەرانی ئەم ناڕەزاییەتییانە کۆتایی دێت ، کاتێك بەرپرسیارانی دەسەڵات ، ڕابەرانی ئەم خواستە ناسیاسیانە بە"سەری مارەکە"دەشوبهێنن ، ئیتر خودبەخود داخوازی خوێندکارانی زانکۆ و کاسبکاران و بێ خانە و لانەکانی حامییە دەبێت بە پرسیارێکی سیاسی . کاتێك خواستێکی سادە و سەرەتایی ئینسانەکان لەلایەن دەسەڵاتەوە بە کردەوەی ئەو مارە هارانە دەشوبهێنرێت ، کە گاز لە

جەستەی ساوای دەسەڵاتی کوردی دەگرن ، ئیتر شتێك نامێنێتەوە بۆ ناسیاسیبوون.

کاتێك دەسەڵات ئامانجدارانە پرسیارە ناسیاسییەکانیش دەکاتە سیاسی بەشوێن پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیەوەیەتی . کۆششێکی ئامانجدارانەیە بەرلەوەی سیاسەتسالاری زمان خوڵقاندبێتی ، دەسەڵاتی سیاسی هێزێکی سیاسی لێی بەرپرسیارە . کاتێك گۆرەوی سپی لە پێکردن لەژێر دەسەڵاتی بەعسدا دەبێتە سیاسەتی ڕۆژانەی دەسەڵات بۆ سوکایەتی پێکردن بە گەنجان ، خودبەخود گۆرەوی سپی دەبێتە سیمبولێکی سیاسی . کاتێك جەستەی ژنان دەبێتە ئەو مەملەکەتەی کە ئیسلامی سیاسی دەیەوێت بیشارێتەوە ، ئیتر ڕۆشتنە سەرجادە بە ڕووتی پەیامێکی سیاسییە . کاتێك گۆرەویی و جەستەیی ڕووتی ژنان و ڕیش هێشتنەوە و نەهێشتنەوەی پیاوان لە کردەوەیەکی سروشتی ئینسانییەوە دەگۆڕدرێتە سەر کردەوەیەکی سیاسی ، ئیتر ئیشکالییەتەکە تەنها لە مانا سیاسییەکانی گۆرەوی و ڕیش و جەستەی ئافرەتدا نییە ، بەڵکو لەو سیستەمی دەسەڵاتی سیاسییەدایە ، کە مانای سیاسی بۆ گۆرەوی و ڕیش و جەستەدەکاتەوە . ئەمە ئیتر بەرلەوەی زادەی سیاسەتسالاری زمان بێت ، کە جۆرێك لە دیکتاتۆرییەتی



تایبەت دەخوڵقێنێت ، زادەی خودی دیکتاتۆرییەکی واقعییە ، کە لە کۆمەڵگادا بوونی هەیە.

بەبڕوای من ئیشکالییەتێکی زۆر گەورە لەو زمانە شەرمنۆکەی دەستگا مەدەنیی و ڕۆژنامە ئەهلییەکانی کوردستاندا نییە ، کە بە زمانێکی بە سیاسیکراوەوە لەگەڵ حزبەکاندا دەدوێن ، بەڵکو ئیشکالیەتێکە لە خودی دەسەڵاتی سیاسییدایە ، کە ئامانجدارانە پرسیارە کۆمەڵایەتییەکانی ژیان بە سیاسیدەکات . هیچ یەکێك لە ڕۆژنامەکانی کوردستان بەقەد ڕۆژنامە و گۆڤارێکی "پۆڕ"یی ئەوروپی سیاسی نین ، بەڵام ئەوان لەبەرانبەر سیستەمێکی تری پراکتیزەکردنی دەسەڵاتی سیاسیدا ڕووبەڕوون . ئەگەر سیاسەتسالاری لەزماندا لەژێر دەسەڵاتی بەعسدا بەهۆی ئامادەیی سیستەمێکی دیکتاتۆریەوە ، کە خودی ژیان و پرسیارە ناسیاسییەکانیشی سیاسیدەکات ، درێژە بە ژیانی خۆیدەدات لەلایەکەوە ، لەولایشەوە ناسیۆنالیزمی کورد بە بوونی گوتاری مانەوەکەی لەم پرۆسەیەدا هێندەی تر لە بەسیاسیکردنی زماندا چالاکی دەنوێنێت ، ئەوا لەدوای ڕاپەڕینەوە ئەم هاوکێشەیە گۆڕانێکی بنەڕەتی بەسەردا دێت . لەم هاوکێشە تازەیەی سیاسەتسالاری زمان لەدوای ڕاپەڕینەوە ، ئەمجارەیان خودی ناسیۆنالیزم نەك وەك هێزێکی خۆپارێز لەبەرانبەر دەسەڵاتێکی دیکتاتۆری دیکەدا ، بەڵکو وەك بزووتنەوەیەکی



بەرینی کۆمەڵایەتی و حزبی ئەمجارەیان لەدەسەڵاتی سیاسیدا ، درێژە بە بەسیاسیکردنی یەك بە یەکی جومگەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی دەدات . واتا ئەو سیستەمە دیکتاتۆرییەی کە جومگەیەکی گرنگی بەرهەمهێنانەوەی سیاسەتسالاری بوو لە زماندا ، بە شێوازێکی تر و لە ڕێگەی دەسەڵاتی ناسیۆنالیزمی کوردییەوە درێژە بە ژیانی خۆیدەدات.

بەڵام بە ڕاستی چ نەهامەتی و ڕۆژڕەشییەکە ، کە ڕووبەڕووی خەڵکی کوردستان بووەتەوە کاتێك "ڕۆشنبیران" ڕۆڵی ئەو ئۆپۆزسیۆنە "ڕاستگۆ" و "ڕاستەقینە"یە دەبین لە بەرانبەر دەسەڵاتێکدا ، کە لەسەر خواستی یەکسانی ژن و پیاو و داخوازی ڕیفراندۆم بۆ چارەسەری ستەمی میللی ، کوڕ و کچەکانی کۆمەڵگا بە بەرچاوی شارێکی گەورەوە گوللەبارانەکات و تەرمەکانیشیان بە نهێنییەوە دەشارێتەوە . خاوەنی چ ئۆپۆزسیۆنێکی "ڕاستگۆ"و"ڕاستەقینە"ی"ڕۆشنبیرین لە کوردستاندا ، کاتێك نەوە تازەگەرەکەی بەرپرسی یەکەمی ڕۆژنامەکانی دەسەڵاتە و دەنگە بڵندەکەی ئەم پرۆژەی ڕۆشنبیرییەی کوردی ، بەبێ هیچ ئیشکالییەتێك لە گۆڤارەکان و ڕۆژنامەکانی دەسەڵاتدا قسەکانی خۆیدەکات.

بە ڕاستی دەبێ سوپاسگوزار بین کاتێك ئۆپۆزسیۆنی "ڕاستگۆ" لە ئۆرگانەکانی دەسەڵاتەوە سەردەردێنێ.



**دوا وتە :**

دەرئەنجانی کۆتایی باسی سیاسەتسالاری و زمانی بەختیار عەلی لەم وشانەی خوارەودا چڕدەبێتەوە:

"سیاسەت لەدونیای ئێمەدا هێندەی جۆرێك لە گروپگیری کۆمەڵایەتییە ، هێندەی جۆرە ڕەفتارێکە بۆ ڕێکخستن و کۆنترۆڵکردن ، زانستێك نییە بۆ ڕاگرتن و گەشەکردنی شووناسی کۆمەڵایەتی ، لێرەوە سیاسەت کایەیەکە ناتوانێت لێکدانەوە و نوێکاری بکات ، بەڵکو پێویستی بە زانستەکانی دیکەیە بۆئەوەی ئەو توێکارییەی بۆ بکەن. سیاسەت بۆئەوەی سیاسەتێکی عەقلانی بێت ، دەبێت خۆی بۆ ڕاڤەکارییەکان بکاتەوە ، دەبێت بتوانێت دەروونی خۆی ببینێت ، بەڵام سیاسەتی کوردی نایەوێت لەخۆی تێبگات."

هەر بۆیەش بۆ بەختیار عەلی ئیشکالییەتی گەورەی سیاسەتی کوردی لەوەدایە ، کە هێشتا: "دوورنەکەوتۆتەوە لەو چەشنە سیاسەتەی سەرەك قەبیلەکانی سەدەی هەژدە و نۆزدە پراکتیزەیاندەکرد ، بۆتە سیاسەتێکی دابڕاو لە هەموو زانستەکانی دونیا ، بۆیەش ئێستا گرنگ تەنیا ڕزگارکردنی بوارەکانی تری ژیان نییە لە سیاسەت ، بەڵکو ڕزگارکردنی سیاسەتیشە لە کۆتە تەقلیدییەکانی سیاسەت خۆی."

بەڵام ئیشکالییەتی گەورە لێرەدایە ، بۆئەوەی لەسەردەمی گلۆبالیزەیشندا بژیت و دەنگ و ڕەنگت بەسەر شەپۆلی سەتەلایتەکانی دونیاوە بێت ، بە ئینتەرنیت پەیوەندی لەگەڵ دنیادا بگریت ، قاچێکت لە تاران بێت و قاچێکی ترت لە واشنتۆن ، زیندان و ڕۆژنامە و لەشکرت لەبەر دەستدا بێت و سیاسەتەکەیشت بۆنی سەدەکانی هەژدە و نۆزدەی لێبێت ، ئیتر ئەمە زادەی دابڕانی سیاسەتی کوردی نییە لە زانستەکانی دونیا . بەڵکو زادەی پرۆژەیەکی عەقلانی و سیاسییە بۆ بردنە پێشەوەی سیاسەتێکی ناعەقلانی . سیاسەتی کوردی کە لەناو تۆڕەکانی گلۆبالیزەیشن و مۆدێرنیتەی ئەمڕۆدا چالاکی دەنوێنێ ، سیاسەتێکی ناعەقلانی نییە ، بەڵکو یەك سیستەمی عەقلانی گەورە لە پشتییەوە کاردەکات بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەو هێزانەی لە پشتییەوە وەستاون . بەعس پرۆژەی سیاسەتکردن نییە بە فەرهەنگی سەردەمی خەلیفەکانی ڕاشدین ، نازیزمی ئەڵمانی زادەی دابڕانی عەقڵی ئەڵمانی نییە لە گەشەی زانستەکانی دیکە ، بەڵکو زادەی بەرژەوەندییەکانی ئەو هێزانەن ، کە ئەم تەفسیرەیان لە پراکتیزەکردنی سیاسەتدا هەیە . ئەو سیتەمە فیکرییەی کە پێیوایە ئیشکالییەتی سیاسەتی ناسیۆنالیزمی کوردی لە ناعەقلانی بوونی و پراکتیزەکردنی سیاسەتی بە شێوازی سیاسەتی قەبیلەکانی سەدەی هەژدە



و نۆزدە دەچێت ، خاوەنی ئیشکالییەتێکی گەورەیە ، کە عاتیفە و خەیاڵی ڕۆشنبیرانە لە پشتییەوە ڕاوەستاوە . سیاسەت خودبەخود چالاکی جوانکردنی ژیان نییە . ئەوە ئەو هێزە جیاوازانەی ناو کۆمەڵگان ، کە تەفسیری جۆراوجۆریان لەسەر ئینسان هەیە و بەرابەرکێی ئەوانە کە دەکرێ کۆمەڵگا نوقمی خوێن بکات یان حورمەت و ڕێزی ئینسانی بۆ ئینسان بگێڕێتەوە . کاتێك (باومان) لە :" ئاوشویتس و کۆمەڵگای مۆدێرن"[٧] دا لەزمانی (ئیمانۆێل لێڤیانس) وە وتەکانی دۆیستۆڤسکیمان بۆ تۆماردەکات لە پەیوەند بە چەمکی موراڵەوە ، دەنوسێت:" ئێمە هەموومان بەرپرسیارێتیمان لەبەرانبەر هەموو ئینسانەکاندا هەیە لە هەموو شتێکدا ، وە منیش لە هەموو ئەوانی تر زیادتر." ، ئەم پێناسەیە بۆ موراڵ دەکرێ تەفسیری جۆراوجۆری لێبکرێت . گرنگ نییە کە ئێمە بەرهەمەکەی "باومان"مان بە کوردی لەبەردەستدا نییە ، بەڵام ناسیۆنالیزمی کورد تەفسیری خۆی لەم وتانە دەکات . بۆ ئیمانۆێل لێڤیانس چەمکی :" لەگەڵ ئەوانی دی"دا بوون ، بەمانای "بەرپرسیارێتی" لێکدەدرێتەوە . بەڵام ناسیۆنالیزمی کورد ئەم بەرپرسیارێتییە لەگەڵ ئەوانی دیدا دەگۆڕدرێت بە چەمکێکی تر و مانایەکی دی لە خۆی دەگرێت . بۆیەش کاتێك گەمارۆی ئابووری ملیۆن و نیوێك



لە ئینسانی عێراق دەکاتە قوربانییەکانی گەورەترین پرۆسەی هۆڵۆکۆستێك لە مێژووی کۆتاییەکانی سەدەی بیستدا ، گوتاری هێشتنەوەی گەمارۆی ئابووری دەبێتە گوتاری ناسیۆنالیزمی کورد . ئیتر چەمکی "ئەوانی دی" بۆ نیشاندانی بەرپرسیارێتی بەرامبەریان دەبێتە هەڵگری پاشگرێکی دیکەی"عەرەب"ی و ئەم بەرپرسیارێتییە مۆراڵییە ئینسانییەی دۆیستۆڤسکی لەناو تەپوتۆزەکانی "ئەوی دی" غەیری کورددا وندەبێت.

دەساڵە فۆکۆ وێردی سەرزاری ڕۆشنبیری نەوەی تازەگەری کوردییە . بەڵام ئەگەر فۆکۆ لەسەر لاپەڕەی ڕۆژنامەکان بێتە خوارەوە و سەرێکی خەستەخانە و شێتخانە و قوتابخانەکانی کوردستان بدات و بە دەنگی بەرز هاوار بکات:"ئەمە چ وەحشیگەرییەکە بە ئینسانی سەدەی بیست و یەکەم دەکرێت"، ئەوا بە دڵنیایی دەگیرێت و مێشکی لە کارەبا دەدەن.

نە کوردستان کۆمەڵگایەکی دابڕاو بووە لە جیهان و نە عێراقیش . زیاتر لەسەد ساڵە مۆدێرنیتە مێژووی کوردستان دەهێنێ و دەبا . ئێمە ئەگەر وشەیەکی "کانت" یاخود "هیگڵ" یشمان بە زمانی کوردی نییە ، ئەوا چەمکی سزا بۆ تاوانباران بە مەبەستی بەرقەرارکردنی عەدالەت ، جومگەیەکی گەورەی ناو سیستەمی قەزایی دادگاکانی کوردستان پێکدەهێنێت.



زیاتر لە دەساڵە لەکوردستاندا خواستی لابردنی سزای ئیعدام ، لابردنی سزای ئەبەدی ، دانانی بەرنامە بۆ چۆنێتی لەبارابردنی منداڵ ، قەدەغەکردنی کاری منداڵ ، ئازادی بێقەیدوشەرتی سیاسی ، لە ناو کۆمەڵگای کوردستاندا ئامادەیی هەیە . بەڵام ئەوەی کە هەریەك لەم خواستانە ببنە جومگەیەکی گەورەی ژیانی کۆمەڵایەتی ئێمە ، ئەوە بەرابەرکێی ئەم هێزانە لە کوردستاندا دەیخولقێنێت . ناسیۆنالیزمی کورد ناتوانێت ئەم خواستانە پراکتیزە بکات ، بگرە سەرکوتی ئەو هێزەش دەکات کە بەشوێن ئەم خواستانەوەیە.

تەواوی باشووری ئاسیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئەفریقا لەلایەن دەسەڵاتدارێتییەکی دیکتاتۆرییەوە بەڕێوە دەچێت. هۆکارەکەی لە نەبوونی سیاسەتێکی ناعەقلانییەوە نییە کە لەم جەهەنەمانەدا پیادەدەکرێت . بەڵکو لە بوونی ئەوەدایە کە بازارەکانی ئەم وڵاتانە دەبێت لەلایەن ئەو هێزانەوە بپارێزرێت ، کە توانای پاراستنی هاوکێشەی ( کاری هەرزان و کرێکاری خامۆش) ی لە دەستدا بێت . دیکتاتۆری بوونی ئەم وڵاتانە ، زادەی دابڕانی سیاسەتی ئەوان نییە لە زانستەکانی دیکە ، بەڵکو پرۆژەیەکی تەواو عەقلانییە بۆ پاراستنی بەرژەوەندییەکانی ئەو بۆرجوازییەی کە ئەرکی

بەرهەمهێنانەوەی کاری هەرزان و خامۆشکردنی کرێکار و هێزە ئینساندۆستەکانی ئەم ولأتانەی لە ئەستۆدایە.

" لەوانەیە ئەمڕۆ ئیتر ڕۆژی دروستکردنی بورجێکی دیکەی بابل بێت . لە چیرۆکەکەدا ئینسانەکان بڕیاریاندا بورجێك دروستبکەن کە تا ئاسمان بڕوات . خوا ئەمەی بەدڵ نەبوو و نەفرەتی (پچڕاندنی پەیوەندییە زمانەوانیەکان) ی بەسەر زەویدا ناردەخوار . بەو مەبەستەی کە هەموو هاریکارییەك بۆ دروستکردنی بورجەکە سەرنەگرێت . بەڵام ئەمڕۆ ئێمە هەموو ئینسانەکان دووبارە لە هەموو پرسیارە گرنگەکاندا بەیەك زمان دەپەیڤین:

زمانی فاینانشیالی بازار Say after me: Shareholder value!"(٨)

ئەمە پێناسەی گلۆبالیزاسیۆنە لەلایەن قسەکەرانی بازاڕی ئازادەوە . لەمڕۆدا ئینسانەکانی ناو بازاڕ لە باشووری ئاسیاوە بۆ نیۆیۆرك ، لە سانتیاگۆوە بۆ نیودەلهی ، لە تارانەوە بۆ کوردستان ، بە هەمان زمان دەپەیڤن و هیچ کامێکیان ناڕۆشنییەکیان نییە لە چۆنێتی بردنە پێشەوەی بەرژەوەندییەکانی خۆیاندا . ئەم زمانەی پیاوەکانی ناو بازار لە هەندێ شوێندا زمانی ئەو تفەنگچییە کارامانەن ، کە هەمیشە چەکەکانیان لەسەر پێیە ، لە هەندێ شوێنی تردا



جگە لە ئامادەیی چەکەکان کە لە کاتی پێویستدا دەبێ ڕابکێشرێن ، سی ئێن ئێن و بی بی سی ئەم زمانحاڵییە دەبەنە پێش.

لەکوردستانندا ئەم زمانە ڕەهەندێکی دی بەخۆیەوە دەگرێت ، واتا ئەو پرۆسەیەی کە ئێمە هەموو دووبارە بەیەك زمان دەپەیڤین ، زمانی تفەنگبەدەستەکانی بازار و زمانی قەڵەمبەدەستەکانی فیکرە . زمانێك کە زۆر لەیەکدەچێت . ئەگەر جیاوازییەکی گەورەی هەبێت ، لەوەدایە کە زمانی قەڵەمبەدەستەکانی فیکر ، داواکردنە لە تفەنگبەدەستەکانی بازار کە :" کوردایەتی بۆچی ناگاتە ئیرادە ، بۆچی دەرفەتێکی وا ناخولقێنێت ، کە ئەوان تەنها خەریکی پرۆژە فیکرییەکانی خۆیان بن." هەر بەهۆی ئەم ئاخاوتنەشەوە مەدالیای ئۆپۆزسیۆنی ڕاستگۆ و ڕاستەقینە بەخۆی دەدات . بەڵام لە خوارەوەی ئەم بورجەدا ئینسانەکان بە زمانێکی دی دەدوێن ، کە تەواو پێچەوانەی تفەنگبەدەستەکانی بازار و قەڵەمبەدەستەکانی فیکرە.



# سیستەمی حزبایەتی لە کوردستاندا پێویستی بە چاکسازییە



یاساناس/ بەهادین ئەحمەد

حزب یان با بڵێن پارت ، کۆمەڵێ خەڵکە لە ڕێکخستنێکدا ئایدۆلۆژیایەك یان پرۆگرامێك کۆیان دەکاتەوە ، بە ئامانجی گەیشتن بە دەسەڵات یان پارستنی ئەگەر پارت لە دەسەڵاتدا بوو ، ئەمە وەکو پێناسەی زانستییانەی پارتی ڕامیاری (حزب سیاسی) .

پارتی ڕامیاری لە دایکبووی پەرلەمانەکانی بەریتانیا و فەرەنسا و ئەمریکایە ، لەو پەرلەمانانەدا گروپی جۆراوجۆر دروستبوون و پارتی ڕامیاری لێکەوتەوە ، واتە پارتی ڕامیاری لە پەرلەمانەکانەوە هەڵقوڵاوە ، کە لەو کاتەدا هەم



لایەنگری هەبووە ، هەم نەیارانی دروستبوونی پارتی ڕامیاریش هەبوون ، بۆ نموونە لەئەمریکا ئیتحادییەکان بە سەرۆکایەتی (جۆرج واشنتۆن) دژی دروستبوونی پارتی ڕامیاری بوون و بە مەترسیان دادەنا لەسەر یەکێتیی خاکی ئەمریکا ، بەڵام کۆمارییەکان بە سەرۆکایەتی (جیفرسۆن و مادیسۆن) لایەنگری دروستبوونی پارتی ڕامیاری بوون.

ئەوەی ڕاستی بێت ئەو پارتانەی لەسەرەتادا دروستبوون ، ڕێکخستنێکی ئەوتۆی ڕێکوپێکیان نەبوو ، بەڵکو پارتی ڕامیاری ئەوکاتە بریتی بوو لەچەند لیژنەیەك لەشارەکاندا ، کە زۆرجار لە پیاو ماقوڵ و ناودارەکان پێکهاتبوو ، لەکاتی هەڵبژاردندا دەکەوتنەگەڕ و پڕوپاگەندەیان دەکرد ، بەمەبەستی بەدەستهێنانی دەنگەکان ، پاش هەڵبژاردن چالاکییان نەدەما و لێی دادەنیشتن . بەڵام لەقۆناغەکانی دیکەدا جۆرێکی تر لە پارت هاتەکایەوە ، ئەو پارتانەی کە لەدەرەوەی پەرلەمانەوە سەریانهەڵدا ، واتە لە پەرلەماندا دروست نەبوون ، وەکو ئەو پارتانەی کە ئایدۆلۆژیای سۆشیالیزمیان کردە بەرنامەی خۆیان ، ئەم پارتانە پشتیان بەجەماوەر بەست و بوونە جەمسەرێك بەرانبەر پارتە کۆنەپارێزەکان و بورجوازییەکان ، پاش ئەمانیش پارتی کۆمۆنیزم و پارتە فاشییەکان هاتنەکایەوە ، ئەوەی ئەمانەش لەوەکانی دیکە جیادەکاتەوە ، بڕوا

نەبونیان بوو بە دیموکراسی و بە تێڕوانینی پارتە کۆمۆنیزمەکان ، دەبێ چینی کرێکار دەسەڵات بەدەست بگرێت و چینی بورژوازی ورد و خاش بکات ، بە تێڕوانینی پارتە شۆڤێنیەکانیش دەبێ ڕەگەزێکی دیاریکراو حوکم بکات و ئەو دوای گەل و نەتەوەکانیش دەبێ خزمەتکاری ڕەگەزی سەردەستە بن.

حزبەکانی کوردستانیش لەهەموو پارچەکاندا نە لە پەرلەمانەوە هەڵقوڵاون و نە لە زەمینەیەکی دیموکراسیدا دروستبوونە ، پارتەکانی کوردستان هاتنەکایەوە وەکو زەرورەتێك بۆ بەرهەڵستکاری داگیرکەر و وەرگرتنەوەی مافە زەوتکراوەکانی گەلی کورد.

بەڵام ئەوەی جێگای باسەکەمانە لێرەدا پێویستی چاکسازییە لە سیستەمی حزبایەتی بە تایبەت لە باشووری کوردستاندا ، کە پانزە ساڵە ناوچەیەکی فراوانی باشووری کوردستان بەڕێوە دەبات ، ئەو چاکسازیانەش نابێ لە خودی پارتەکان داوا بکرێت ، بەڵکو دەبێ گروپی جۆراوجۆری گوشار دروست بکرێت لە پێناو چاکسازیدا ، ئەو چاکسازیانەش لەم خاڵانەدا کۆدەکەینەوە:

١- پارت دەبێت دامەزراوێکی مەدەنی بێت ، بە هیچ شێوەیەك نابێ پارتی ڕامیاری ملیشیایی چەکداری هەبێت ، ئەگینا دەبێتە پارتێکی تۆتالیتاری و هیچ بوارێك بۆ



بەمەدەنی بوونی کۆمەڵگە و ژیانی دیموکراسی نامێنێتەوە ، هەر ئەوەش بووە هۆی دروستبوونی شەڕی ناوخۆ و لە ناوبردنی ژیانی دیموکراسی لەباشووری کوردستاندا.

کاتێ قەوارەیەکی ڕزگارکراو هەبێت دەبێ سوپایەکی یەکگرتووی ڕێکوپێکی بەهێز هەبێت و لایەنگری بۆ هیچ گروپ و تاقمیك نەبێت ، تەنها لایەنگری بۆ گەل هەبێت ، بەو پێیەی سوپا سوپای گەلە نەوەك هی پارتەکان.

ئەوەی مایەی نیگەرانییە لەم بوارەدا پارتی و یەکێتی تا ئیستا هەر یەکەو خاوەن ملیشیای چەکداری خۆیانن ، تەنانەت لە پرۆگرام و پەیڕەوی ناوخۆی یەکێتی نیشتمانی کوردستاندا لە دووەمین کۆنگرەی گشتی کە لە (٣٠ / ١ ـ ٥ /٢ /٢٠٠١ ) بەستراوە باس لە دەسەڵاتەکانی سکرتێری گشتی دەکات لە بڕگەی (ل) دەڵێت سکرتێری گشتی ((فەرماندەی گشتیی هێزی پێشمەرگەی کوردستانە)). لە کاتێکدا پێویستە سەرۆکی هەرێم یان سەرۆك وەزیران ئیتر ئەگەر هەرکەسێك بێت و لە هەر پارتێك بێت دەبێ سەرۆکی گشتیی سوپا بێت.

٢- پارت دەبێ دامەزراو ( موئەسسە) بێت ، نابێ ببێتە موڵکی تەنها کەسێك یان چەند کەسێك ، خەڵك وا تێ بگات ، ئەگەر ئەوان نەمان دنیا وێران دەبێت ، دەبێت کەسەکان ئەوەندە کاریگەرییان لەسەر پارت نەبێت ، دەبێ پارت



قەوارەیەکی پتەو و بەهێز بێت ، بە هەڵبژاردن ئەو کەسانە بێنە پێشەوە ، کە بنەماکانی پارت و ئەندامانی پارت ئەو متمانەی پێدەدەن ، بیکەنە سکرتێری یان سەرۆکی پارت یان ئەندامانی مەکتەبی سیاسی.

ئەگەر تەماشای ژیانی حزبایەتی بکەین لەدەوڵەتە دیموکراسییەکاندا ، دەبینین پارتەکانی وەك کۆماری و دیموکراسی لە ئەمریکا ، کرێکاران و پارێزگاران لە بەریتانیا ، هەر چەند ساڵ جارێك و یەکێ سەرکرایەتی پارت دەکات و هیچیش لە هیچ ناگۆڕێ ، نە پارت دەتوێتەوە و نە کورد وەتەنی ئاخر زەمان دەبێت ، لێرە سکرتێر یان سەرۆکی پارتێك تا نەمرێت یەکێکی تر نایەتە شوێنەکەی ، ئەگەر هاتیش لەوەیە کوڕەکەی بێت . ئەم دیاردەیە لە هەموو پاتەکاندا بەدی دەکرێت ، تەنها یەك دوانێکیان نەبێت. ئەمە دیاردەیەکە دەبێ لەگەڵ ڕۆژدا چاکسازی تێدا بکرێت.

٣- ئەوەی لێرە دەبینرێت قۆرغکردنی تواناکانی هەرێمە لەڕووی دارایەوە لەلایەن دوو پارتە سەرەکییەکەی کوردستانەوە ، یەکێتی و پارتی ، هەروەها هەندێ لەو پارتانەی کە دەهۆڵ لێدەری ئەو دوو پارتەن ، پارەیەکی زۆر سەرف دەکرێت لە پێناو کاری حزبیدا ، بە تایبەت لەلایەن یەکێتی و پارتیەوە ، بەوەوە نەوەستاون ، کە دەزگاکانی حکومەتیان ئیستغلال



کردووە بۆ بەهێزکردنی خۆیان و بە سەربازکردنی زۆربەی گەنجانی کورد ، پارەیەکی زۆریش سەرفدەکەن بۆ کاروباری حزب ، بێ دیاریکردنی بودجەیەکی دیاریکراو بە پێی یاسا.

دەبێ یاسایەك هەبێ کاروباری دارایی حزبەکان دیاری بکات ، هەر یەکەو بودجەی دیاریکراوی خۆی هەبێت لە سنووری ئەو بودجەیەدا کار بکات . هەروەها دەبێ پارتی ڕامیاری پشت بە توانای دارایی خۆی ببەستێت بە کۆکردنەوەی تەبەروعات و ئابوونە و دەستکەوتەکانی دیکەی لە فرۆشتنی بڵاوکراوەکانی و پرۆژەکانی ، ئەگەر بتوانێ پرۆژەی هەبێت ، نە وەك ئەوەی ئێستا لە ئارادا هەیە حزبایەتی بووەتە کۆمپانیایەك بۆ هەندێ کەس لە ناو حزبەکاندا تا لە هەندێ حزبدا وای لێ هاتووە پارە کۆکردنەوە حزبایەتی و سیاسەتیشی لە بیریان بردووەتەوە.

# زمان و کۆمەڵ



وەرگێرانی بەدەستکارییەوە:
م. ئومێد بەرزان برزو

## شێوە و ئەرك:

پێویستە زمان لەچەند ڕوویەکەوە لێی بکۆڵرێتەوە ، هەروەك چۆن زانایانی زمان و دەروونناسی لەپەیوەندی نێوان زمان و کردە بیرییەکانیان کۆڵیوەتەوە ، کە ئامانجیان گەیشتنە بەو شتانەی لە مێشکدا ڕوودەدەن ، کاتێ مرۆڤ قسە دەکات یان گوێ لە قسەی کەسانی تر دەگرێت یان زانینی چۆنێتی وەرگرتنی زمان لەلایەن منداڵەوە و دیاریکردنی سیفەتە تایبەتییەکانی زمانی مرۆڤ لە زمانی ئاژەڵە جۆراوجۆرەکان جیایی دەکاتەوە.



ئێمە کاتێ توێژینەوە لەسەر زمان خۆی دەکەین ، پێویستە ئەم کارە لە دوو ڕووە ئەنجام بدەین:

١- ئەوەی پەیوەندی بە شێوە و بنیاتی دەرەوە هەیە ، واتە ئەو ڕێگا و یاسایانەی کە لە زمانی جۆراوجۆردا بەکاردێت ، بۆ ڕێکخستنی پەیوەندی نێوان دەنگەکانی زمان و ناوەڕۆکی وشە ، کە دەمانگەیەنێتە واتای وشەکە و ئەم لایەنە گەلێك لە گەورە زمانەوانەکان لەکۆندا بۆی چوون ، لەکاتێکدا توێژەرە هاوچەرخەکان بە ڕێرەوێکی جیاوازدا بۆی ڕۆیشتوون.

٢- ئەم لایەنە پەیوەندی بەو ئەرکەوە هەیە ، کە زمان لە کۆمەڵگا مرۆڤایەتییەکاندا دەیگەیەنێت و بە پەیوەندی نێوان زمان و کۆمەڵ: کە چۆن زمان کاریگەری لەسەر کۆمەڵ هەیە و چۆن کۆمەڵ کاریگەری لەسەر زمان هەیە و ئەو گۆڕان و پێشکەوتنانەی کە لەهەردوولادا ڕوودەدەن ، بەڵام لەکۆندا هەریەکە لەم بابەتانە بەجیا لێی دەکۆڵرایەوە لەشێوەی جۆراوجۆر و پەرش و بڵاودا ، لێرە و لەوێ لەدوو توێی زانستی تر جگەلە زانستی زمان لێکئەدرایەوە ، بەڵام ئێستا زانا هاوچەرخەکان هەوڵدەدەن ، کە ئەم بابەتانە کۆبکەنەوە و بیخەنە دوو توێی یەك بواری یەکگرتووی پەیوەندیدار بە زانستی زمانەوە ، هەروەها هەوڵدەدەن بگەنە هەندێ یاسای گشتی ، کە بەکارهێنانی وشە لەزماندا لە کۆمەڵگایەکی



تایبەتیدا بەرێوە دەبات یان لەهەموو کۆمەڵگاکاندا ، بۆ ئەم مەبەستەش چەند زانایەك لەبوارە جیاجیاکاندا هاوکاری یەك دەکەن لە بۆچوونەکانیاندا ، کە گرنگترینیان زانا کۆمەڵایەتییەکان و ئەنثرۆپۆلۆجییەکان لەگەڵ زانایانی زمان بۆ گەیشتن بەو شتانەی کە ئەیانەوێت.

## ئەرکەکانی زمان :

ئەوەی لەکۆندا باوبوو ، زمان ئەو دەفرەیە کە بیری تێدایە و ئەرکی زمانیش دەربڕینی بیری مرۆڤایەتییە ، ئەم بیرەش پەیوەندی بە شتە هۆشەکییەکانەوە یان بە هەست و سۆز و حەزە مرۆڤایەتییەکانەوە دەبێت ، پاش تۆزێکی تر دێینە سەر ئەوەی کە ئەم پێناسەیە بۆ ئەرکی زمان لەلایەن زمانەوە تاڕادەیەك دیاریکراوە ، بەڵام پەیوەندی نێوان زمان و بیر زۆر ڕوون نییە ، بەڵام بەهەر حاڵ پەیوەندییەکە یەك لایەنییە.

تێڕوانینە نوێخوازەکان پێیان باشترە ، کە ئەرکی زمان تایبەت بکەن بە پەیوەندی کردن (communication) ، بەڵام لەڕووی واتاییەوە وشەی پەیوەندی کردن ڕوون نییە ، واتە نازانێت ئایا لە توانایەتی زۆر لە ئەرکە ڕێزمانییەکان بگرێتەوە ، کە سیمایەکی کۆمەڵایەتییان بەپلەی یەکەم هەیە ، هەروەها لەوانەیە شێوازی پەیوەندی کردنی تری جگەلە زمان



بگرێتەوە ، کە مرۆڤ بەکاری دەهێنێت ، وەك: جەستەکان و دەربڕینی دەموچاو و دەست لێدان و جوڵەکانی تری لەش ، هەروەها شێوازی تر بگرێتەوە ، وەك: شێوازی پەیوەندی تر کە ئاژەڵ بەکاری دەهێنێت.

بۆئەوەی بیرێکی گشتگیر دەربارەی ئەرکەکانی زمان وەربگرین ، دەبێت سەیری زمان بکەین لەسەر بنەمای ئەوەی شێوەیەکە لەشێوەکانی ڕەفتاری مرۆڤ ، ئەگەر گرنگترینیان نەبێت بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی زۆرجار بەکاری دەهێنین لەگەڵ شێوازە ڕەفتاریەکانی تر کە زمانی نین و تێکەڵیان دەبێت ، ئەمەش (ئدوارد هۆڵ) لەکتێبی (زمان بەبێ قسە) لەسەری نووسیوە ، لەم کتێبەدا شێوە جیاوازەکانی ژیانی کردووە بە دە بەشەوە ، کە هەریەك لەم شێوانە لەگەڵ نۆ شێوەکەی تردا کارلێکردن دەکات ، بۆئەوەی ببنە تۆرێکی تێکچرژاو لە پەیوەندییە مرۆڤایەتییەکاندا ، کە زمانی خستۆتە سەرەوەی هەموو شێوەکانەوە ، ئەرکەکانی زمان ئەمانەن :

١- یەکەم ئەرکی زمان یان شێوەی ڕەفتاری زمانی ئەوەیە ، کە زۆر لە دەنگ و جوڵەی جەستەیی ئاژەڵ دەچێت ، کە ئەویش بەکارهێنانی زمانە بۆ سڵاوکردن بەجۆرەکانیەوە و بۆ دەربڕینی بەرێزی و جێ خۆشکردن ، ئەویش لە بۆنە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی وەك بۆنەی ژووان ، دانیشتن

نموونەی ، جگە لە پێکەوەنان و دروستکردنی کتێبخانەیەکی گەورە و فراوانی کەم وێنە ، کە زیاتر لە (٣٠) هەزار کتێبی بە زمانەکانی ئینگلیزی وئیتالی و ئیسپانی و عەرەبی و فەرەنسی و پورتوگالی و لاتینی تێدایە . لەبەرئەوەی ژیانی پەیوەستە بە کتێبخانە و کتێبەکانییەوە دەڵێت: (کاتێك لە کتێبەکانم دووردەکەومەوە هەست بە مردنی شتێك دەکەم) . کەوابوو کتێبخانەکەی جیهانێکی راستەقینەیە.

لە (بیونس ئایرس) مانگێل وەك سکرتێرێك لای نووسەری نابینا (جۆرج لۆی بورگیس) کاری خوێندنەوە و نووسینەوەی بۆ دەکرد . خوێندنەوەی مانگێل بۆ جۆرج بە زمانی ئینگلیزی و ئەڵمانی بوو ، کە لە منالییەوە لە دایەنەکەوە فێری بووبوو . باوکی مانگێل ماوەیەکی زۆر باڵیۆزی ئەرجەنتین بووە . بۆیە هەر لە منداڵییەوە هەلێکی باشی بۆ ڕەخسا تا زۆربەی وڵاتانی دنیا بگەڕێ و شارەزایی لە زمانەکانی تر پەیدا بکات ، لەوانە زمانی ئیسپانی کە لە حەوت ساڵییەوە فێری بوو . بەڵام زمانی فەرەنسی لە ساڵی (١٩٦٨)ەوە بە چاکی فێری بوو ، کاتێك هاتە ئەو وڵاتە و بەو زمانەش وەك وەرگێڕ و بڵاوکەرەوە و رۆمان نووسێك دەرکەوت ، گرنگترین کتێبەکانی ئەوانەن کە بۆ لێکۆڵینەوە ریزبەندکراون و گەلێك خەڵاتی جۆراوجۆری لێوە بەدەست هێناوە ، وەك خەڵاتی (Medici's Assai)



لە کتێبی (مێژووی خوێن)دا و خەڵاتی (France culture) لە کتێبی (دارستانی ئاوێنە) ساڵی (٢٠٠١) دا.

پاش گەشتەکانی مانگێل لە ئیتالیا و ئینگلتەرا و هایتی و کەنەدا ، بە کتێبەکانییەوە بە یەکجاری لە فەرەنسا گیرسایەوە . مانگێل لە کتێبی (رۆژانەی خوێنەر)دا دەڵێت: (دەمەوێت ئەوە وەدەربخەم ، کاتێك دەخوێنینەوە چیمان تیا ڕوودەدات . کە رێگایەکە بۆ کردنەوەی پەنجەرەیەك لە مێشك ، وەك سەلێنراوە کە چرکە ساتەکانی خوێندنەوە چرکە ساتەکانی قفڵ بوون نییە ، بەڵکو چرکە ساتەکانی کردنەوەیە بۆ دنیایەکی کراوەتر.)

لە مانگێل دەپرسین کاتێك دەخوێنیتەوە چی ڕوودەدات..؟

لە وەڵامدا دەڵێت: هەموو دەقێك ملکەچی لێدوان و گفتوگۆیە و بەدواداچوون کاتێك ملی پێوەدەنێین بۆ خوێندنەوەی ، لە کاتی خوێندنەوەی ئەو دەقانەدا ئێمە گفتوگۆی کراوەی لەسەر دەکەین و بەدوایدا دەچین ، سەبارەت بەوەی لە دەوروبەرمان و جیهان ڕوودەدەن .

سەردانی هاوڕێ ، ئەو هەواڵانەی لە راگەیاندنەکانەوە دەیبیستین و دەیانخوێنینەوە ، پرسیار لە منداڵ ، گۆڕان لە باخچە ، هەموو ئەمانە دەچنە ئەو کارانەوە کە دەخوێنرێنەوە ، کە رۆڵێکی سنووردار یان هەیە ، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنێ ، کە تا چ ئاستێك خوێندنەوە کاری تاکە



کەسێکە ، لە هەمان کاتدا چالاکییەکی تاکی گفتوگۆیە بە ڕاستی ، ئەمڕۆش گەیشتووینەتە ئەو قەناعەتە کە بڵێین کۆمپیوتەر و ئەو پێشنیازە گفتوگۆیانە دەکات . بەڵام ئەمەیان هەڵەیە !.. چونکە کاتێك کۆمپیوتەر بەکاردەهێنرێت بەردەوامی نابێت ، تەنها ئەوە نەبێت بەپێی ئەو بەرنامەیەی کە بۆی دانراوە . کاتێکیش گەیشتینە ئەوەیان پێویستە بە سیستەمێکی دیاری کراودا بچین . بەڵام خوێندنەوە بەپێچەوانەوە سەربەستە بەتەواوی .

لە خوێندنەوەدا ئاژاوەیەکی ڕەخنەئامێز ئامبازت دەبێتەوە ، ئەمەیان ئەو هەوڵەمە کە لە کتێبی (رۆژانەی خوێنەر)دا باسی لێوەدەکەم . مانگێل (١٢) کتێبی کلاسیکی لەئەدەبیاتی جیهان هەڵبژاردووە ، تا مانگانە کتێبێکیان بخوێنێتەوە و تێبینییەکانی خۆی لەسەر بنووسێتەوە ، لەوەی هەستی پێدەکات و ڕووبەڕووی دەبێتەوە . خوێندنەوەش بەلای مانگێلەوە (چێژە). ئەی چی دەڵێت کاتێك گومان لە بوونی چێژ دەکات لەکاتی خوێندنەوەدا . بۆ ئەمەش دێتە وەڵام و دەڵێت: خوێنەری راستەقینە نیشتمانی نییە ، نیشتمانی خوێنەر نیشتمانی ئەدەبیاتی نووسەرانە ، کە کتێبەکانیان دەخوێنێتەوە . بەنیسبەت منەوە کە لەدایکبووی ئەرجەنتینم ، بروست یان سیتفنسونم بەلاوە نامۆ نین و بەشێکن لە خێزانەکەم ،



هەردووکیان ڕەگمن و هاڕێمن ، بۆخوێندنەوە چاکترین رێگایە بۆ گەیشتنە ئامانجەکانمان تا کۆتایی تیا بەختەوەر دەبین.

ئێمە بەو بڕوایەوە کات دەگوزەرێنین ، گوایە رووداوە ئابووری و ئایینی و سیاسییەکان سنووری راستییەکانمان بۆ دەستنیشاندەکەن ، کە ئەمەیان فێڵە !. تەنها راستییەك ئەوەیە ، کە دەستمان بەر بنەڕەتی ئەو حەقیقەتەیە ، کە کتێب دەیدۆزێتەوە ، ئەویش کاتێك دەخوێندنەوە . بە دوو لای شوێنەکەدا یان ئەمبەر و ئەوبەری دەرئەنجامەکان دادەنێین . بۆ دۆزینەوەی ئەو نیشتمانە دەزانین کارێکمان نەکردووە ، تەنها گەڕانەوە نەبێت بۆ ئەو جێگایەی کە پێشتر ناسیبوومان ، هەروەها دەڵێت: کاتێك دەخوێنینەوە تەنها خۆمان نین ، بەڵکو سەراپای دنیا دەرژێتە ئەو لاپەڕەیەوە و هاوبەشی ئەو خوێندنەوەیەمانن.

ئەو ئاژاوەیە چییە کە ڕووبەڕووی خوێنەر دەبێتەوە..؟.. لەم بارەیەوە دەڵێت: با راشکاوانە بین ، مامۆستایانی زانکۆ و مامۆستایانی ئەدەبی زانکۆکان نەبن ، کە بە سیستەمێکی ژمارەیی یان نەخشە و بەرنامەیەکی مێژووی کات دیاریکراو دەخوێننەوە ، یان سەرجەم کارەکانی نووسەرێکی دیاریکراو لە هەمان کاتی دیاریکراوا دەخوێننەوە ، بێ بازدان بۆ بابەتێکی تر پێش کۆتایی ئەم کارەیان . بەڵام خوێنەری

لەیەك شوێندا یان ئاهەنگە کۆمەڵایەتییەکان و .... هتد ، کاتێ تۆ یەکێك لە دراوسێکان یان ناسراوێکت بەیانیان سڵاوی لێدەکەیت ، کە ڕۆژانە بەکاری دەهێنیت ، وەك:

**قسەکەر/** بەیانیت باش

**گوێگر/** بەیانیت باش

**قسەکەر/** ئەحواڵت چۆنە

**گوێگر/** باشە ، لەخوا بەزیاد بێت

دوای ئەوە قسەکردنەکە کۆتایی دێت و هەریەکە دەڕوات بەلای ئیشی خۆیدا ، هەروەها دەتوانێ دەربڕینی تر بەکاربێنێ ، بەڵام هەموویان هەر ئەو ئەرکە دەبینن ، ئایا ئەم ئەرکە چییە؟ ئایا لەم دەربڕینانەدا واتا حەرفییەکانیان دەزانین؟ با وای دابنێین کە دراوسێکەت لە کێشەی بێ پارەییدایە یان لە بارێکی دەروونی ناهەمواردایە ، بەهەر هۆکارێکی تر بێت ، ئایا وەڵامەکانی دەگۆڕدرێت لەوەی سەرەوە کە باسمان کرد ، لەوانەیە تۆزێ بگۆڕدرێ ، وەڵامەکەی لەبارەی ئەحواڵیەوە بەمشێوەیە دەبوو (ئیش ئەڕوات ، لەخوا بەزیاد بێت) ، بەڵام چاوەڕوانی ئەوە ناکەیت بڵێ وەك ڤیر وایە ، کەواتە دەربڕینەکانی هەردووکیان لە کۆمەڵدا لەسەری ڕێکەوتوون و هەردووکیان مەبەستیان واتا حەرفییەکانی ئەو وشانە نییە و ئەوەیان مەبەست نییە ، یان قسەکردن لەسەر کەش و ئاو و هەوا لەو



کۆبوونەوانەدا کە لە ئاهەنگێکدا دەکرێت ، لەوانەیە ئەو خەڵکە باش یەکتر بناسن یان باش یەکتر نەناسن ، بەڵام بەشێوەیەکی بەردەوام یەکتر دەبینن ، بەڕادەیەك وای لێدێت ، کە بابەت نەماوە قسەی لەسەر بکەن ، مەبەست لەم وتانە لەوە دەردەکەوێ ، کە ئەنجامدانی پەیوەندی کۆمەڵایەتی بێت یان توندوتۆڵکردنی ئەو پەیوەندیانەیە ، کەواتە ئەرکی یەکەمی زمان ئەرکێکی کۆمەڵایەتییە و بیر و زانیاری وا گرنگی تێدانییە ، کە پێویست بێ لە تاکێکەوە بگەیەنرێتە تاکێکی تر . بەڵام ئەمەش ئەوە ناگەیەنێ ، کە ئەم ئەرکە گرنگی کەم بێت ، بەڵکو یەکێکە لەو بنەمایانەی کە هەستکردن بە پابەندبوون بە کۆمەڵەوە دەگەیەنێ ، تۆ کە لە وڵاتێکی بێگانە بیت ، لەکاتی نان خواردندا لەگەڵ یەکێکی هاووڵاتی خۆتدا دادەنیشیت و نزیکە لێتەوە ، هەست دەکەیت وەك زمانەکەی خۆت قسەدەکات ، لەکاتێکدا کە سەرجەم دانیشتووانی ئەو شوێنە بە زمانی بێگانە قسەدەکەن ، لەمەش زیاتر لەوڵاتەکەی خۆتدا کاتێ یەکێ دەبینی ، کە بە زارەکەی خۆت قسەدەکات ، سەرنجت ڕادەکێشێت .. ئەوەی دیارە ئەم جۆرە نزیکبوونەوانە ئەندامانی کۆمەڵێك لەیەك نزیك دەکەنەوە و هێزی یەکگرتوویی ئەو کۆمەڵەیە و بێهێزی لەسەر بنەمای ئەو دەربڕینانەیە . ئەو دەربڕینە جۆراوجۆرانەی بۆ سڵاوکردن و ڕێزگرتنی یەکتری بەکاردێت



، ئەرکی کۆمەڵایەتی تری هەیە ، ئەمانە زۆرجار چینی کۆمەڵایەتی و پلەوپایەی کۆمەڵایەتی دەگەیەنێ ، کە قسەکەر و گوێگر هەیانە ، هەروەها پەیوەندی کۆمەڵایەتییان دەردەخات.

٢- هاوشێوەی ئەم ئەرکەی زمان بەکارهێنانی زمانە لەبۆنە ئایینییەکاندا ، هەروەها لە بۆنەی سیحر و جادووگەری لەلایەکی ترەوە ، لەباری یەکەمدا ئەرکی سەرەکی زمان دروستکردنی پەیوەندییە بە پەروەردگارەوە ، هەروەها لەهەمان کاتدا ئەرکێکی ناسەرەکی هەیە ، ئەویش توندوتۆڵکردنی ڕۆڵەکانی ئەو کۆمەڵەیەیە کە یەك ئایین بەیەکیانەوە دەبەستێ ، ئەو زمانەی کە لەبۆنە ئایینییەکاندا بەکاردەهێنرێ ، واتا حەرفییەکەی زۆر گرنگ نییە بەقەدەر ئەو دەربڕینە یەکگرتووانە کە لەنێوان ڕۆڵەکانی یەك کۆمەڵدا باوە ، ئێمە لێرەدا تەنیا قسە لەسەر زمانی کتێبە ئایینییەکان ناکەین ، چونکە سروشتی ئەم کتێبە ئایینییە ئاسمانیانە جێگیرە و ناگۆڕێت وە کۆمەڵیش بەهەموو هێز و توانایەکییەوە هەوڵدەدات پارێزگاری لێبکات ، بەڵام ئێمە ئاماژە بە زمانێك دەکەین ، کە دەستکردی مرۆڤە وەك زمانی بانگدان و نوێژکردن لە ئایینە جیاوازەکان و دوینی ڕۆژی هەینی و ڕۆژی یەکشەممە و زمانی بۆنە جۆراوجۆرەکان وەك گرێبەستی ژن هێنان و شووکردن و جیابوونەوە و مردن و ناشتن و پرسە و پیرۆزبایی و زمانی بەکارهێنراو لە



سوێندخواردندا و زمانی پرسیارکردن بۆ چوونە نا قسەکردن ، ئەنجا زمانی سۆفی و موریدەکان و زمانی جادووگەرەکان.

ئەم جۆرە زمانانە ئاسایی هەندێ سیفەتی تایبەتی جیایان دەکاتەوە ، وەك بەکارهێنانی وشەی لێڵ و کۆن و سوود وەرگرتن لە تواناکانی دەنگی زمان ، بۆ ئەوەی زەنگێکی مۆسیقی باڵ بەسەر زمانەکەدا بکێشێ و بەکارهێنانی هێما و خوازە بەشێوەیەکی فراوان ، هەروەها سیفەتێکی زۆر گرنگی هەیە ، ئەویش پاراستنی دەقە دیاریکراوەکەیە ، کە هەندێجار بۆ سەدان ساڵ بەبێ گۆڕانکاری و ئاڵوگۆڕکردن بە دەقێکی تر بەکاردەهێنرێت وە بەهۆی ناگرنگی مانای حەرفی ئەم بەکارهێنانە زمانیانە ، ئەگاتە ئەو ڕادەیەی کە لەچەرخی ئێستادا زمانێکی نەناسراو لە ڕێوڕەسمە ئایینییەکاندا بەکاردەهێنرێت ، وەکو زمانی لاتینی هەتا ئەم نزیکانە لەلایەن هەموو تایەفە مەسیحییە کاسۆلیکییەکانەوە بۆ سەدان ساڵ و بەکارهێنانی زمانی سانسکریتی لە ڕێوڕەسمە ئایینییەکانی هندا و زمانی قیبتی لە ڕێوڕەسمە ئایینییەکان لەمیسردا و زمانی عەرەبی لە ڕێوڕەسمی ئایینی موسڵمانەکاندا ئەوانەی کە عەرەبی نازانن.

لێرەدا ئەرکی زمان بەستراوە بە پەیوەندی کەسی لەنێوان بەندە و خواوەندا ئەمە لەلایەك و لەلایەکی ترەوە ئاماژەکردنە بۆ پابەندبوونی تاك بە خێزانێکی ئایینی

دیاریکراوەوە ، بۆ نموونە ئەگەر بڵێ (السلام علیکم) یان (بسم الله الرحمن الرحیم) یان (لا حول و لا قوة الا بالله العظیم) دیارە ئەو کەسە ئایینەکەی ئیسلامە ، بەڵام ئەگەر یەکێ بڵێ (الرب حافظك) یان (بسم الاب و الابن و الروح القدس) دیارە ئەو کەسە ئایینەکی مەسیحییە ، ئەمەش دوور لەوەی ئەم دەربڕینانە هیچ مانایەکی حەرفییان نییە.

٣- بەکارهێنانێکی تری زمان لە بۆنە ڕەسمییەکاندایە ، کە هەندێکیان سروشتێکی ئایینی یان یاساییان هەیە وەکو دادگایی کردن ، کڕین و فرۆشتن ، ژن هێنان و شووکردن و جیابوونەوە ، لێرەدا ئەم ئەرکەی زمان ئەرکێکی کۆمەڵایەتی ڕووت نییە و ئەرکێکی شێوەیی بێ واتا نییە ، هەروەها ئەرکی زانیاری گەیاندن و بیریش نییە ، بۆ نموونە لەکاتێکدا کە مەراسیمی ژنهێنان و شووکردنی دوو کەس دەکرێت ، باوکی کچەکە دەڵێ (کچەکەمت پیرۆز بێ) وە زاوا وەڵامی باوکی کچەکە دەداتەوە و دەڵێ (رازی بووم بە هێنانی کچەکەت) ، هەریەکە لەم قسانە یەکسەر واتای ڕوودانی کارەکەی تێدایە ، چونکە لەگەڵ گۆکردنی ئەو دەربڕینانەدا لەبەردەم شایەتەکاندا ژنهێنان و شووکردنەکە ڕوویداوە ، هەروەها هەمان ئەرکی زمان لە جیابوونەوەدا دەگەیەنرێت ، کاتێ پیاوێك بە ژنەکەی دەڵێ (تۆ تەلاق دراوی) یان (بڕۆ تەلاقت کەوتبێ ..) ، یەکسەر ئەم



دەربڕینانە واتای ڕوودانی جیابوونەوە دەگەیەنێت و ئافرەتەکە لە پیاوەکە حەرام دەبێ.

٤- ئەرکێکی تری زمان کە لەڕێگەیەوە هەوڵدەدەین ، بەشێوەیەکی بەردەوام و ڕێکوپێك کۆنترۆڵی دەوروبەرمان بکەین ، ئەویش دەرکردنی فرمان و بڕیاردان لەسەر هەڵسوکەوتی بەرامبەرەکەمان یان کۆنترۆڵکردنی شتی تر کە لەدەوروبەرماندا هەن ، ئەم ئەرکەش زۆر لایەنی تری ژیانی ڕۆژانەمان دەگرێتەوە ، لەو کاتەوە کە لەخەو هەڵدەستین هەتاکو دەنوینن ، بەشێکی زۆر لەو دەربڕینانەی زمان کە ڕۆژانە بەکاری دێنن ، جۆرێك لە فەرماندان ، داوایەکی ڕەق ، داوایەکی ئاسایی ، داوایەکی خۆش ، تکاکردن ......هتد پێکدێت ، بەهۆیانەوە ئەو شتانەمان دەست دەکەوێت ، کە لەکاروباری ڕۆژانەدا پێویستمانە ، وەکو نانی بەیانی و نیوەڕۆ و ئێوارە و جلوبەرگ یان زۆر کاروباری تر ، کە ئەمانەوێ لەچوارچێوەی ئیشەکانماندا جێبەجێ بکرێت.

٥- لەژیانی ڕۆژانەماندا ئەو فەرمان و داواکردنانەی کە لەخاڵی پێشوودا باسمان کرد ، زۆرجار تێکەڵ دەبێ بە پرسیارکردن لەو شتانە و وەڵامدانەوەی پرسیارێك بە پێدانی چەند زانیاریەك ، هەرچەندە ئەو زانیاریانەش گرنگ نەبێت ، وەك کاتێ بەیانی لەخێزانەکەت دەپرسی ( کوا پێڵاوە سپییەکەم؟) ، خێزانەکەم وەڵامم ئەداتەوە و دەڵێت (لەژێر



چوار پایەکەدایە) یان پرسیارکردنی یەکێك لەبارەی کاتەوە وەڵامت دەداتەوە ، کە کاتژمێر (٦)ە ، ئەمەش یەکێکە لە ئەرکە بنەڕەتییەکانی زمان ، کە پێی دەوترێ ئەرکی پەیوەندی کردن (کە لەپێشەوە باسمان کرد) ، لەڕاستیدا ئەو زانیاریانەی کە لەکەسێکەوە بۆ کەسێکی تر یان لەتاکەوە بۆ کۆمەڵێك دەگوێزرێتەوە ، کە لەژمارەیەکی کەم یان هەزاران و ملیۆنەها خەڵك پێکهاتووە ، هەر هەمووی زانیاری ئاسایی نییە دەربارەی کاروباری ژیانی ڕۆژانە ، بەڵکو ئەو زانیارییانەی کە لەکۆبوونەوە بازرگانی و ئابووری و ڕامیاری و زانستییەکاندا دەگوێزرێتەوە لەئاستێکی بەرزدایە و ئەم زانیارییانە زۆر گرنگن و کاردەکاتە سەر ژیانی ملیۆنەها خەڵك ، بەڵام زمانی دواندن و زمانی ڕۆژنامەکان و زمانی رادیۆ و تەلەفزیۆنەکان کە بەدرێژایی ڕۆژگار و هەندێ کاتی شەو ئاگامان لێی دەبێت ، زانیاری وای تێدایە کە گرنگە و زانیاری وایشی تێدایە گرنگ نییە ، بەڵام شتێکی تری جگەلە زانیاری تێدایە ، ئەویش کە زۆر شت دەوترێ یان دەنووسرێ لەهۆکارەکانی راگەیاندندا ، بەمەبەستی کارتێکردنە لەسەر مرۆڤ و رازی کردنیانە یان لە کڕینی شتومەك یان باوەڕهێنان بە مەبدەئێك یان گۆڕانی ڕەوشتیان بە ڕێگایەك لە ڕێگاکان . واتە لەو زمانەدا هەوڵدەدرێت ، کە زۆر لە ڕێنمایی و ئاڕاستەکردن و رازی



کردن و گەلێ شتی تر بەکاربهێنرێت ، بۆئەوەی کاریگەری لەسەر مرۆڤ بنوێنێت ، نەك تەنیا بەمەبەستی زانیاری گەیاندن بێت.

٦- زمانی نووسراو ئەرکێکی زۆر گرنگە ، چونکە لەکاتێکدا ئەگەر کۆمەڵێکی دیاریکراو بشتوانێ ئایین و کەلتوور و ئەفسانە و ئەدەب و داب و نەریتەکان بەشێوەیەکی زارەکی لەبەربکات ، واتە لەڕێگای گواستنەوەی ئەم کەلتوورە بەشێوەیەکی زارەکی لەنەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەو کەلتوورە دووچاری فەوتان و گۆڕان دەبێت ، لەبەر ئەو هۆکارانەی کە پەیوەندن بە لەبەرکردن و زاکیرەی مێشکەوە ، هەروەها پەیوەندیشە بە خودی مرۆڤەوە ، بەڵام هەر ئەم کۆمەڵەیە ئەگەر پێشکەوت و بوو بە کۆمەڵێکی ئاڵۆز و بەشێوەیەکی زۆر گەورە کەلتوورەکەی زیادی کرد ، کە ئیتر نەتوانرێ پشت بە ئەندامەکان و مێشکیان ببەستن ، لێرەدا تەنها ڕێگا نووسینەوەیەتی ، لەڕاستیدا ئەو میللەتانەی کە نووسینیان بەکارنەهێناوە بۆ تۆمارکردنی مێژوویان زۆری فەوتاوە و هەروەها ئێستا ناتوانرێ پشت بەزمانی ئاخاوتن ببەسترێ ، چونکە زمانی نووسراو خۆیشی ئێستا وای لێهاتووە ، کە گرنگی کەم بۆتەوە ، چونکە مرۆڤ لەکاتی ئێستادا ئامێری نوێ بەکاردەهێنێت وەکو کۆمپیوتەر ، بۆ تۆمارکردنی ئەم بڕە زۆرەی زانیاری و زانست و ئەدەب و سیما شارستانییەکانی تر ، کە لەم

چەرخەدا پێی گەیشتووین ، ئەمەش بۆ بەرژەوەندی مامۆستایان و توێژەران ، کە نەوەی ئێستان و نەوەکانی داهاتوویش.

٧- گومانی تێدا نییە ، کە زمان بۆ دەربڕینی هەستی جیاواز بەکاردێت ، وەك: دڵخۆشی و ناخۆشی و تورەبوون و بێزاری و..تاد و ئاستی دەربڕینیش لەو هەستانەدا لە دەم جوڵاندن و گۆرانییەوە دەست پێدەکات ، کە گوزارشت لە خۆشی و شادی دەکات ، یان لۆمەکردن و قسە پێ وتن ، کە گوزارشت لە تورەبوونێکی زۆر دەکات ، هەتا دەگاتە جوانترین جۆری ئەدەب لە شیعر و پەخشان و لەزۆربەی ئەم بارانەدا بەکارهێنانی زمان دەبێتە جۆرێك لە دەربڕین لەو شتانەی کە لەناوەوەی مرۆڤدایە ، بەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەوەی کەسانێك هەبێت گوێگر بێ یان نا ، لەبەرئەوە ئەمە یەکێکە لە ئەرکەکانی زمان ، کە ناچێتە ژێر ئەو پێناسەیەی زمانەوە ، کە زمان هۆکارە بۆ پەیوەندی کردن ، بەڵام لەوانەیە یەکبگرێتەوە لەگەڵ ئەرکی تردا ، کە پێشتر خستمانەڕوو ، بۆ نموونە: دەربڕینی بیروبۆچوون و هەستی مرۆڤانە.

٨- لێرەدا دێینە سەر باسکردنی ئەو ئەرکەی زمان کە لەکۆندا بە تاکە ئەرکی زمان دادەنرا ، کە تائێستاش بەگرنگترین ئەرك دادەنرێت ، ئەویش بریتییە لە: دەربڕینی بیر ، لێرەدا لەوانەیە سەیربێت ، ئەوە باس بکەین ، کە



ئەرکێکی پێچەوانەی ئەم ئەرکە بەکارهێنانی زمانە بۆ شاردنەوەی بیر و کەم توانایی لە بیروبۆچووندا ، کە ئەم بەکارهێنانە زۆر بڵاوە لە زمانی کەسانی ڕامیاری و ئەو کەسانەی کە یاسایان پێشێل کردووە یان لەو دەربڕینانەدا کە لەڕووی کۆمەڵایەتییەوە بە پەسەند نازانرێت (تابۆ) ، لەم بارانەشدا یان زمان بۆ داپۆشینی بیروبۆچوونی ناپەسەند بەکاردەهێنرێت ، یان لە دووتوێی ئەو دەربڕینانەدا بەکاردەهێنرێت ، کە دوو دیوی هەیە : واتای ناوەوە و دەرەوە ، کە واتای دەرەوە مەبەست نییە و هێمایە بۆ واتایەکی تر ، کە ڕێککەوتنێکی لەسەرە لەلایەن کۆمەڵێکی تایبەتی خەڵکەوە ، یان لە دووتوێی ئەو دەربڕینانەدا بەکاردەهێنرێت ، کە ناسك و بە ئەدەبن لەبری ئەو دەربڕینانەی کە کۆمەڵ بەکارهێنانی بە پەسەند نازانێت.

دیارە ئەرکی زمان بۆ گوێزانەوەی بیروبۆچوون یەکێکە لە گرنگترین ئەرکەکانی و لەو کاتەوە کە نووسین داهێنراوە و بیروبۆچوونەکانی مرۆڤی پێ تۆمارکراوە ، بەو شێوەیەی کە بتوانرێت ئەم بیروبۆچوونانە سەدە لەدوای سەدە بگوێزرێتەوە و بەرهەمەکەشی ئەم شارستانییەتە پێشکەوتووەیە ، کە ژمارەیەکی زۆر مرۆڤ لەسایەیدا لە جیهان دەژین.

لە بیروبۆچووندا لەسەر ئەم ئەرکەی زمان جیاوازیەك نییە ، بەڵام جیاوازیەکی گەورە هەیە لەسەر پەیوەندی زمان



بە بیرەوە ، کە جێی باسە گرنگی پێبدرێت ، لێرەشدا ئەوە بەسە ، کە کورتەی ئەوەی وترا بخەینەڕوو و بڵێین کە ئەرکەکانی زمان زۆرن و ئەرکی زۆر گرنگی تریشی هەیە ، بۆنموونە ئەرکی کۆمەڵایەتی ، کە پێویستە پەیوەندی جۆراوجۆری نێوان زمان و کۆمەڵی بۆ بخرێتەڕوو ، بۆئەوەی کاریگەری زمان و کۆمەڵ لەسەر یەکتری ببینین.

**سەرچاوە:**

* أضواء على دراسات لغوية المعاصر / د.ناهيد خلما / ١٩٨٧



# خوێنەری ڕاستەقینە نیشتمانی نییە..!! ژیان لە نێو (٣٠) هەزار کتێبدا..



فاتیح سەلام

ڕۆژانەی خوێنەر یان (Lecture Formal D) ناوی کتێبێکی تازەی نووسەری ئەرجەنتینی (ئەلبێرتۆ مانگێل)ە ، لە دایکبووی ساڵی (١٩٤٨)ی (بیونس)ە ، کە لە ساڵی (١٩٨٥)ەوە بووە هاوڵاتییەکی کەنەدی ، ئێستا لە گوندێکی بچکۆلانەی جوانی وڵاتی فەرەنسا ژیان بەسەر دەبات ، مانگێل لەو گوندەدا خانوویەکی گەورە و فراوانی بۆخۆی دروستکردووە ، کە پڕن لە تابلۆی ڕەنگاوڕەنگ و شتی عەنتیکەی گرانبەهای

راستەقینە بە سروشت ئاژاوەچییە ، چونکە لەژێر کاریگەری ناونیشان یان بەرگدایە ، واز لە دەقێك دەهێنێت و دەچێتەسەر بابەتێکی تر ، کە هیچ پەیوەندییەکی لە نێوان ئەوەی پێشوو و ئەوەشی دەست داوەتێ نامێنێ ، ئەم گواستنەوەیەش ئازادییەکی بێ سنووری بۆ دەستەبەر دەکات ، کەوا بوو خوێندنەوە پرۆسەیەکی ئازادیی ڕەهایە.

لە کتێبی (ڕۆژانەی خوێنەر)دا مانگێل جەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە ، کە خوێندنەوە پێویستی بە پابەندبوونە تاچێژێکی لێوەربگرێت . ئەو پابەندبوونە چییە..؟.. ئەو پابەندبوونەش هەیە ، کە بەراووردکردنە بۆ مەسەلەی خوێندنەوە ، ئەمەش ڕێگرێکە بۆ تێکەڵاوبوونی خوێنەر بە دنیای ئاژاوەیەکی ڕەها.. پابەندبوونی بنەڕەتی خوێنەر ئەوەیە کە خوێندنەوەی ئەدەبیاتی دنیا یان کردنەوەی دەرگا فراوانەکان بەڕووی خۆی و خوێندنەوەیدا بکاتەوە . بۆنموونە لەمانگی ئەیلوولی (٢٠٠١)دا (شاتوبریان)م خوێندەوە . کاتێك کە کچەکەم لە (ئۆتاوا)وە تەلەفۆنی بۆ کردم ، بۆ ڕووداوەکەی ١١ ی سێپتەمبەری نیویۆرك ، پاش پەیوەندییەکە ، گەڕامەوە بۆ بەردەوامبوونی خوێندنەوەکەم . ئەزانی چیم دۆزییەوە ، ئەوەم دۆزییەوە کە (شاتوبریان) دەمدوێنێ . (شاتوبریان) لە کتێبەکەیدا ( Outer - Homebodies) بۆمانی باسدەکات ، کە بۆ



ئارەزوومەند نییە ، پەیوەندی بە شۆڕشی فەرەنساوە بکات.

**(شاتوبریان) دەڵێت:**

هەرگیز نابێت کوشتن ئامرازی سەرسوڕمان بێت یان پاساوێك بێت بۆ ئازادی ، بەدیدی من شتێك ناناسم ، کە ڕیسواتر و ترسنۆکتر و بێ غیرەتتر بێت لە تیرۆر و تیرۆستان . شاتوبریان لەسەدەی هەژدەیەمدا بووە کە لە دەقێکیدا نووسیوویەتی: بۆ هەموو مرۆڤێکی سەدەی بیست و یەك پێویستە پەیامێکی یان پەندێکی هەبێت ، ئەو تاقیکردنەوانەی ئەمڕۆ لە هەموو ساتێکدا تیا دەژین لەو تاقیکردنەوەیە..چۆن؟.. بەهۆی چێژ و نیعمەتی خوێندنەوەوە ، لەو لاپەڕانەی (شاتوبریان)دا بۆ یەکەمجار لەمێژوودا پێناسەی وشەی "تیرۆر" دەکات ، بێگومان ماناکەی ڕەنگە هەندێ جیاوازی هەبێت ، ئەو بەکاریهێناوە پشت بەست بە تیرۆری شۆڕشی فەرەنسا . بەڵام بە دوور نییە لەوەی کە ئەمڕۆ بەرپرسان وەك نموونەیەك پێشکەشی دەکەن لە ڕێکخراوی (القاعدە)دا .

لەبەرئەوەی (مانگێل) خاوەنی گەورەترین کتێبخانەیە لەخۆرئاوادا ، ڕۆژنامەنووسان لەسەرانسەری وڵاتانی دنیاوە ڕووی تێدەکەن بەمەبەستی لێکۆڵینەوە ، دەبێت بپرسین چۆن کتێبخانەیەکی (٣٠) هەزار کتێبی بەو گەورەیی و فراوانییەوە ڕێکدەخرێت ؟.... لە وەڵامدا دەڵێت: ساڵانێکی



دوور و درێژ ژیام بێ ئەوەی کتێبخانەم هەبێت ، کتێبەکانم لە کیسە و کارتۆندا کەڵەکە کردبوون ، کە کایگەری فەوتانیان لەسەر بوو بە تێپەڕبوونی کات . پاش ئەوەی خانوویەکی گەورەم دۆزییەوە ، ژوورێکی زۆرم تیا تەرخانکرد بۆ کتێب و کتێبخانە ، بەڵام تەنانەت لەکتێبخانەشدا خوێنەری ورد لێکدانەوەی خۆی هەیە نەك ژمارەی کتێب . من کتێبەکانم بەگوێرەی زمانەکان ڕێکخستبوو ، شوێنێکی فراوان بۆ زمانی فەرەنسی و شوێنێك بۆ زمانی ئینگلزی و... تادوایی . لە هەموو ئەم ڕێکخستنانەشدا بەپێی پیتەکانی ئەبجەدی ریزبەندم کردبوون ، بێ ئاوڕدانەوە لە جۆرەکانی بۆ ئاسانکاری خوێنەر ، هەروەها ڕەف و تاقی گەورەشم هەبوون ، کە هەندێك لە کتێبەکانم بەپێی جۆرەکانی تیا دانابوون ، بۆنموونە کتێبی چەرخەکانی ناوەڕاست ، کتێبی جەستەی مرۆڤ ، ئەفسانەی فۆست ، ئەدەبی پۆلسی ...تاد.

ئەم کتێبانە بەردەوام لەجووڵەدا بوون لە شوێنێکەوە بۆ شوێنێکی تر ، زۆرجاریش لێم وندەبوون ، کتێبخانەکەم لە ئامادە باشیەکی تەواودا بوو بۆ خوێنەران و میوانانی نەك بۆخاوەن کتێبخانە ، کتێبخانەکەم لەبیرکردنەوەمدا پێچەوانەی ویستی خۆم بوو ، ئەمەشیان وێنای خودی خۆم بوو لەبیرکردنەوەمدا بۆی ، من دەتوانم چیرۆکی ژیانی خۆم لە میانەی کتێب و کتێبخانەکەمەوە بگێڕمەوە .. زۆرجار



بیردەکەمەوە کە سەردانی کەسێك بکەم و نەیناسم و لایەنەکانی ژیانی لە میانەی خوێندنەوە و ئەو کتێبخانەیەی کە هەیەتی بدۆزمەوە ، تەنانەت لەو کتێبانەش کە هەمانە و حەزیان لێناکەین . مانگێل دەڵێت: پەراوێز ئەو شوێنەیە کە خوێنەر پێشبڕکێی تیادەکات بۆ کتێب .

دووبارە خوێندنەوەی کتێب ئەزموونێکی جۆراوجۆری ترە لە جاری پێشوو ، چونکە نموونە و ڕوونکردنەوەی زیاترت بۆ دەستەبەر دەکات ، کە جاری پێشووتر تیا ورد نەبووین لەخوێندنەوەیدا ، بۆیە پێویستە ئامادەیی تەواومان تیا هەبێت ، تا هەڵگری ناسنامەی خوێنەربین ، بۆ ئەمەش ئاراستەیەکی دوور هەیە ، کە کەس ناتوانێت بەئاسانی ببێتە خوێنەر بەتایبەتی کە سروشتی مرۆڤیش حەز لە هیلاکی و ماندووبوون ناکات . خوێندنەوە کارێکی ئاسان نییە ، وەك یاریکردن بە ڤیدیۆ و تەماشاکردنی تەلەفزیۆن ، خوێندنەوە چالاکییە پێویستی بە ڕاهێنان و بیرکردنەوەیە ، توانای دەوێت بۆ ڕۆیشتن تا قووڵاییەکانی دەقە پێچاوپێچەکان . تۆ هێشتا لەسەر ڕووبەری لاپەڕەکانی ، هەموو ئەمانە توانای ڕاستی پێویستە . بەداخەوە خەڵکی ئێستا باوەڕیان بە بەختەوەری نییە ، کە لە سەختیدا لەدایك دەبێت ، هەموو شتێکی بەئاسانی وخێرایی دەوێت.

دەربارەی خوێنەر و بەردەوامی دەست لەملانێی خوێندنەوە و کتێبیش (مانگێل) پێیوایە بەڵێ ئەویش بە ڕێگای خۆی . بەڵام (بورخیس) دەڵێ جیاوازی لەنێوان خوێنەر و نووسەردا هەیە ، نووسەر بەپێی توانا دەنووسێت ، بەڵام خوێنەر ئەوەی دەیەوێت دەیخوێنێتەوە . جیاوازییەکی زۆرە لە نێوان (توانا) و (ویستن) دا . کە نووسەر بوویت مانای وایە کارێك ئەنجامدەدەیت ، بەڵام خوێنەر بوویت ئەوە ڕێگای تۆیە بۆ ژیان . کاتێك دەخوێنیتەوە سنووردار دەبیت وەك هەر بوونەوەرێك ، چونکە ئێمە وەك ئاژەڵ دێینە ژیانەوە ، لێرەش زمانی کار بۆ کاری ئەدەبی هەیە ، کە لە دنیای دەوروبەرماندا سروشت رووی ئەوانی ترە . بۆیە پێویستە فێری خوێندنەوە بین ، من دەتوانم زیادە ڕۆیی لە نووسیندا بکەم ، بەڵام هەرگیز ناتوانم زیادە ڕۆیی لەوەدا بکەم ، کە خوێنەرێکی راستەقینەبم.



# ئەخلاق یان ئاکار
# لە ڕوانگەی نیتشەوە

هێمن حەمید خورشید



نیتشە



پاش ئەو لێکۆڵینەوە چڕوپڕەی کە نیتشە لە سیستەمی ئاکاری لە کۆمەڵگا جۆراوجۆرەکاندا ئەنجامیدا ، گەیشتە ئەو ئەنجامەی کە دوو جۆر ئاکار لەسەر زەویدا هەیە ، ئاکاری دەسەڵاتدار و ئاکاری ژێر دەستە (کۆیلە) ، کە هەرجارە یەکێکیان دەبنە دەسەڵاتدار.

بەم پێیە بە بۆچوونی نیتشە دوو جۆر ئاکار لە دێر زەمانەوە لە ئارادان ، کە هەریەکەیان مۆرکێکی تایبەتی خۆی پێوەیە ، ئاکاری دەسەڵاتدار ئاکارێکی پایە بەرز و بەهێزە ، لەبەرئەوەی ئەو جۆرە ئاکارە لەمرۆڤی دلێر و چالاکدا دەردەکەوێت ، کە دەیەوێت بە سەر خۆی و خەڵقی دەوروبەریدا زاڵبێت ، ئەمەش نەك لە پێناوی بەختیاری و سەرفرازی خۆیدا ، بەڵکو لە پێناو هاتنەکایەوەی مەبەستێکی بەرزدا تێدەکۆشێت ، کە ئەویش دروستکردنی مرۆڤی بەرزە "سۆپەرمان" لە ئاکاری دەسەڵاتدارە ، (چاکە) لە هێزەوە سەرچاوە دەگرێت ، کە مرۆڤی بەهێز لە خودی خۆیدا هەستی پێدەکات ، واتە چاکە لە لای دەسەڵاتداران دەرئەنجامی فشار و ترسان نییە ، بەڵکو لە ئاکامی هەستکردن بەوپەڕی بەهێزیەوە دێتەکایەوە . ئاکاری گەورە پیاوان و دەسەڵاتداران لای نیتشە دەبنە دوو جۆر ، یەکەمیان ئاکاری شەڕخواز و دووەمیان ئاکاری (کەهنوتی) یە ، شەڕخوازیش بە جەستەوە دەبەستێت ، بەڵام کاهین پشت بە ڕوح



دەبەستێت ، جا لەبەر ئەو ململانێیەی کە لە نێوان ئاکاری دەسەڵاتخوازان و ئاکاری کاهینەکاندا ڕوودەدات ، ئاکاری ژێردەستەکان دەرفەت وەردەگرێت ، لە نێوان ئەو ململانێیە ژێردەستەکان (کۆیلەکان) دەرفەت وەردەگرن و شوێنی خۆیان دەکەنەوە و بە شێوازێکی تایبەتی لە ئاکار لە خۆیاندا دەریدەخەن.

کاهینەکان لەو ململانێیەدا لەلایەن شەڕخوازانەوە دەسەڵاتیان کەمکراوەتەوە و بگرە دەسەڵاتیان لێ سەندراوەتەوە ، لەبەرئەوە کاهینەکان سەرجەم کۆیلەکان و ژێردەستەکان و بێهێزەکان دژی شەڕخوازان هاندەدەن ، بۆئەوەی بەسەریاندا زاڵبن و شۆڕش دژیان هەڵگیرسێنن ، بە بۆچوونی نیتشە یاخیبوونی کۆیلە لە ئاکار لەگەڵ سەرهەڵدانی جولەکەدا دەستی پێکرد ، ئەو یاخیبوونە مێژووییەکی بیست سەدەیی بە دوای خۆیدا هێنا ، ئەو یاخیبوونەی ئەمڕۆ لەبەر چاوماندان نابێت ، لەبەرئەوەی توانیویەتی خۆی زاڵبکات ، نیتشە هەر بەمەشەوە ناوەستێت ، بەڵکو مەسیحیەتی تێوە دەگلێنێت و دەڵێت مەسیحیەتیش درێژە پێدەری ئەو جۆرە ئاکارەیە ، کە جولەکە پەیڕەوی کردووە . ئاکاری ژێردەستەکان پلەوپایەکی نزمی هەیە ، لەبەرئەوەی لەو قۆناغەدا ئاکاری بەهێزەکان توشی هەرەسهێنان دەبێت ، ئەو کاتە ئاکاری ژێردەستەکان

بلاودەبێتەوە ، بەپێی تێگەیشتنی نیتشە ئەمەش کاتێك ڕوودەدات ، کە (زوهد) و بنەما سەرەکییەکانی بلاودەبنەوە و تەشەنە دەکەن و بانگەشەی ڕاکردن لە ژیان دەکەن ، ئاکاری ژێردەستەکان لە ئاکامی ترس و کینە و دڵڕەشیدا دروستدەبێت ، لە کاتێکدا ئاکاری دەسەڵاتداران لە ئاکامی پڕبوون لە هێز و هەستکردن بە لێبوردوی دێتەکایەوە ، بۆیە ئاکاری ژێردەستە هەمیشە بانگەشەی بەزەیی و دادپەروەری و یەکسانی دەکات . لەلای نیشتە ئەم سیفەتانە هەروەك چۆن لەلای یان لە ئاکاری ژێردەستەدا هەیە ، بەهەمان شێوە لە تاکەکەسی بێهێز و ترسنۆکدا هەیە.

نیتشە دەڵێت: کۆیلە ئەو کاتە لە ئاکار یاخی دەبێت ، کاتێك کینە دەبێتەهۆی ئەوەی بەهایەك دروستبکات ، کە کۆیلە ناتوانێت مامەڵەیەکی واقیعیانەی لەگەڵ بەرامبەرەکەیدا بکات ، ئەو کاتە دەیەوێت ئەم کەلێنە پربکاتەوە ، کە کردارێك تۆڵە سەندنەوە خەیاڵئامێز بە ئەنجام بگەیەنێت . ئاکاری ئەرستۆکراتی ئەو کاتە سەرهەڵدەدات ، کاتێك بە شانازیەوە جەخت لەسەر خودی خۆی دەکاتەوە ، بەڵام ئاکاری کۆیلە هەموو ئەو شتانە ڕەفزدەکاتەوە ، کە بەشێك لە خودی خۆی پێکناهێنێت ، واتە هەموو ئەو شتانە ڕەفزدەکاتەوە کە جیاوازن لەگەڵ خۆیدا.



بەم پێیە ئەو جیاوازییەی کە لە نێوان ئەم دوو جۆرە ئاکارەدا هەیە ، دەبێتەهۆی ئەوەی کە هەمیشە لە ململانێدا بن ، هەر کاتێك لەم ئاکارانە زۆرینەی بەدەستهێنا ، ئەو کاتە شۆڕشێك لەسەرئەوی دیکە بەرپادەکات وە بەسەریدا زاڵدەبێت ، لای نیتشە هیچ مەرج نییە ئەم شۆڕشە بەهۆی هێزی ماددیەوە ئەنجامبدرێت ، بەڵکو زۆرجاران بە هۆی دارمانی مەعنەویەوە ئەم کارە ئەنجامدەدرێت.

پاشان نیتشە باس لە مێژووی ململانێی نێوان ئەم دوو ئاکارە دەکات ، بۆ نموونە لەسەردەمی (یۆنانی - ڕۆمانی) دا ئاکاری دەسەڵاتدار زاڵدەبێت و بەهێزەکان سەردەکەون و زاڵدەبن ، بەڵام لە سەردەمی جولەکە و مەسیحیدا بێهێزەکان سەردەکەون ، کە هەڵگری ئاکاری (ژێر دەستەکان - کۆیلەکان)ن لە سەردەمی ڕێنسانسدا ئاکاری دەسەڵاتداری دەگەڕێتەوە بۆ نموونە بەرز و باڵای ئاکاری شارستانی یۆنانی ، بەڵام ڕیفۆرم و چاکسازی ئایینی دیسان ئەو کارە تێکدەشکێنێتەوە ، ڕیفۆرمی ئایینی بزوتنەوەیەکی جەماوەری میللی بوو ، کە بێهێز و ژێردەستەکان لەپشتیەوە بوون ، لە سەدەکانی حەڤدە و هەژدەهەمدا ئاکاری دەسەڵاتداران لە لایەن ئەرستۆکراتەکانەوە دەگەڕێتەوە پلەوپایەی خۆی ، بەڵام دواتر لە شۆڕشی فەرەنسادا (١٧٨٩)ز ژێردەستەکان و بێهێزەکان تێکی



دەشکێننەوە ، هەرچەندە دوای شۆڕشی فەرەنسا ئاکاری ئەرستۆکراتی لەسەر دەستی (ناپلیۆن)دا دەردەکەوێت ، بەڵام هەر خێرا ئاکاری ژێردەستە و کۆیلەکان زاڵدەبن.

ڕەخنەی نیتشە لە ئاکار لەوەوە سەرچاوە دەگرێت ، کە ئاکارەکان مۆرکێکی مێگەلیان پێوە دیارە و لکاوە و تاکەکەس هیچ ڕۆڵێکی لە دروستبوونیاندا نییە ، بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەو ئاکارە باوانەی ناو کۆمەڵ کۆت و پێوەندێکن ، کە کەسایەتی تاك دەسڕنەوە ، کەچی ویستی هێز هەر لەلایەن تاکەکەسەوە بوونی هەیە وە سوپەرمان تاکە کەسێکە ، کە مرۆڤی ڕەمەکی و ئاسایی تێپەڕاندووە.

**سەرچاوەکان:**

★ فردریك نیتشە : نووسینی عوسمان یاسین ، چاپی یەکەم ، ٢٠٠٠ - هەولێر.

★ گینسا تلیلۆ پیدیای فەیلەسووفان : دانانی لیژنەیەك لە زانا و ئەکادیمییەکانی یەکێتی سۆڤیەتی پێشوو ، بەسەرپەرشتی م. ڕۆزنتال - ب.یۆدین ، وەرگێڕانی لە عەرەبییەوە : محمد وەسمان - (٢٠٠٤) سلێمانی.

★ نیتشە ، تألیف الدکتور مصطفی غالب ، بیروت ، سنة الطبع (١٩٧٩)م.



# مێژوی بیروباوەڕەکانی کورد بەر لەهاتنی ئایینی ئیسلام



نووسینی / کەریم ئەحمەد تایشەیی

**بەشی دووەم**

ئایین وەکو کۆمەڵێ بەهای پەیکی ڕۆحی یاخود وەك سیستمێکی ڕێکخستنی ژیانی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی ـ کلتووری ڕۆڵێکی سەرەکی بینیوە و دەیبینێ لە هەڵسوڕان و بەڕێوبردنی ژیانی کۆمەڵگای مرۆیی و کاریگەریی ڕاستەوخۆشی هەبووە لەسەر بیرکردنەوە و ڕەفتار و جموجول و چالاکییە مرۆییەکان لە تێکڕای چاخەکانی

مرۆڤایەتیدا ، گەلی کوردیش وەکو بەشی یەکەمی ئەم بابەتەماندا باسمان لێوەکرد بە قۆناغی (هینۆثیسم)ی ئایینی (فرەخواوەند پەرستن)دا گوزەری کردووە ، پاشان بەهۆی ئایینی میثرا و زەردەشتییەوە هەنگاوی نا بۆ قۆناغی (مۆنۆثیسم) (یەك خواوەند پەرستی).

دیارە زەردەشتیەت وەکو ئایین لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا شتێکی نامۆ نییە و هەموو تاکێکی رۆشنبیر کەم تا زۆری شارەزایی لەو ئایینەدا هەیە ، لەراستیدا ئەم دەستەواژەیە (زەردەشت) لەرۆژئاوادا بەشێوەیەکی بەرفراوان بۆ ئاماژە بە ئایینێکی ئێرانی بەکاردێت ، کە دامەزرێنەکەی (زەردەشت)[1] ە . هەرچەندە مێژووی سەرهەڵدانی ئەم ئایینە جێگەی مشتومڕە ، بەلاّم ئەوەی نووسەرە کوردەکان و هەندێك لەنووسەرە رۆژئاواییەکان بەراستی دەزانن ، مێژووەکەی دەگێڕنەوە بۆ سەدەی حەتەمی پ.ز . بەهەرحاڵ ئەوەی ئێمە لێرەدا مەبەستمانە درکاندنی لایەنە زەقەکانی ئەم ئایینەیە و چۆنێتی پەیوەندی بەکوردەوە دەستنیشان بکەین ، بۆیە زۆر لەسەر خودی ئایینەکە ناچین.

ئایینی زەردەشتی لەنێو هۆزی (ماگوش)*ی میدیدا بلاّوبووەتەوە ، هەربۆیەش زۆرێك لەسەرچاوەکانی مێژووی ئیسلامی بە تعریبکردنی وشەکە بۆ (مەجوس) ، ئەم ئایینە



بە ئایینی مەجوسی ناودەبەن[2] ، کاتێکیش دەوڵەتی میدی بەهێز بوو لەناوچەکەدا ، کە لەلایەن شایەکی بەهێزەوە بەڕێوە دەچوو ، ئایینی زەردەشتی بووە ئایینی فەرمی دەوڵەت ، هەرچەندە کۆمەڵێك پەرستشی تر هەبوون و پێشبڕکێی یەکتریان دەکرد ، بەلاّم بەتێپەڕبوونی کات تاکو سەدەی فەرمانڕەوایی (شاپووری دووەم ٣٠٩ ـ ٣٧٩ ز) گۆڕانکاری لەئایینی زەردەشتیدا دروستبوو ، بۆئەوەی لەگەڵ واقعی ئەو سەردەمەدا بیگونجێنن ، ئەم گۆڕانکاریەش بەدەر لە رەخنە و دووان دەربارەی هەنگاوێکی گەورە و پۆزەتیفی نا بەئایینی زەردەشتییەوە بۆ بلاّوبوونەوەی لەنێو گەلانی ئێراندا و لەنێویشیاندا گەلی کورد ، بۆیە کورد لەو رۆژگارەدا زۆرینەی بەزەردەشتی لەقەڵەم دەدری[3] . وردە وردە لەو سەردەمە بەدواوە هەموو فەرمانڕەوایانی میدی و ئەخینی بوون بەهەوا خوای ئایینی زەردەشتی[4] ، ئەگەر لەگرنگترین بنەماکانی ئایینی زەردەشتی بدوێین ، ئەوا هەرسێ بنەمای (نیەتی باش ، وتەی باش ، کرداری باش) بە پەیوەستبوون پێوە مرۆڤ دەگەیەننە (ئەنهوەهیشت) (بەهەشت) وخراپەکاریش راپێچی دۆزەخ دەکرێ و زەردەشتییەکی مامناوەندیش لەکرداری چاکە و خراپە رەوانەی"جیهانی هەمەستەکان"دەکرێ ، کە بە ئەعرافی ئیسلام دەچووێنرێ[5] .



بیرۆکەی ناوەندی ئایینی زەردەشتی (ئاهورامەزدایە) توانای بەسەر هەموو شتێکدا هەیە (جیهان و بوونەوەران) لە دروستکراوی ئەون ، یەکێك لەو ستایشانەی ئاهورامەزدا لای زەردەشتییەکان ئەوەیە (دەڵێ خودا زەوی و ئاسمان لە کەوتنەخوارەوە دەپارێزێ و مانگ لە کەوانەوە بەرەو پڕی دەبات[6] ، لەتێکڕای وردەکارییەکانی ئەم ئایینەدا ئاهومەزدا سەردەکەوێ بەسەر هێزی بەرامبەردا (ئەهریمەن) ، هەربۆیە دەتوانێ بە ئایینێکی(مۆنۆسیسم)ی ناوببەین ، بۆ سەلماندنی ئەم راستییە لەشانامەی (فیردەوسی)دا هاتووە : مگۆئی کە اتش پرستان بدند ، پرستندگانی ئیك ئیزدان بدند) ، واتە مەڵێن زەردەشتی ئاگر پەرستی بوون ، پەرستراوی ئەوان هەر خودای تەنها بووە[7].

جگە لەو بنەمایانەی باسمانکرد ، چوار توخمی پیرۆزی سەرەکی لەنێو ئەم ئایینەدا بەدی دەکرێ ، کە ئەوانیش ( هەوا ، ئاگر ، خۆڵ)ە ، پێویستە پاك رابگیرێن و کەسی زەردەشتی بە رێزەوە تێیان بڕوانێ ، ئایینی زەردەشتی لە زۆرێك لەناوچەکانی کوردستاندا بوونی هەبووە ، تەنانەت باس لەوە دەکرێ ، کە ناوچەی هەورامان تاکو (سەدەی پێنجەمی کۆچی) لەسەر بیروباوەڕی ئەم ئایینە ماونەتەوە ، تاکو (سەید محمد) ناوێك بانگراهێشتی کردوون بۆ نێو ئایینی پیرۆزی



ئیسلام[8] . پاشماوەی ئایینی زەردەشتی بەشێوەیەکی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ تاکو رۆژگاری ئەمڕۆمان لەنێو کۆمەڵگای کوردیدا بەدی دەکرێ ، بۆ نموونە (خانووکردن رووی لەخۆهەلاّت ، کوێرنەکردنەوەی سەرچاوەی ئاو ، تف نەکردن لەئاگر...چەندین ترادسیۆنی تر لەو جۆرە ، تاکو حاڵی حازر پەیڕەوی لێدەکرێ ، بەبێ ئەوەی بزانرێ سەرچاوەکەی ئایینی زەردەشتییە.

## میثرا

وشەی میثرا واتە پەیمان یان رێکەوتن[9] و خواوەندی میثرا واتە خواوەندی رووناکی (خۆر)[10] ، ئەم ئایینە کاریگەری بووە بە ئەستێرەناسی کلدانی و لەسەردەستی ماگوشەکانی ئاسیای بچووك گەشەی سەندووە و تاکو رۆما بلاّوبووەتەوە[11]. سوارچاکەکان لەکاتی جەنگدا دەیانپەرستن ، چونکە خواوەندی پاسەوانی و داوەری رۆمەکانە لەدوای مردن[12].

ئایینی میثرا تەنها خواوەند نەبوو ، بەڵکو خواوەندی تری لەگەڵدا بوو ، بەلاّم لەگەڵ ئەوەشدا رۆڵی لەنێو ئایینە کۆنەکاندا هەبووە ، ئەگەر بەراوردی بکەین ، چونکە قۆناغی میثرا وەکو ئاماژەمان پێدا ، هەنگاونان بوو بۆ پەڕینەوە لەقۆناغی هینۆثیسمە وە بۆ قۆناغی مۆنۆثیسم ، ئەوەشی

یاریدەی بڵاوبوونەوەی ئەم ئایینەی دا ، دامەزراندنی دەوڵەتی میدی بوو[١٣] ، ئەم ئایینە لەلایەن ڕۆمەکانیشەوە باوەڕی پێهێنرا ، بۆیە شێوەی ئایینێکی هینۆثیسمی وەرگرت ، ئەم ئایینە دواتر پەلی هاویشت بۆ وڵاتانی میسۆپۆتامیا ـ ئاسیای بچووك و ڕۆژهەڵاتی نزیك و شوێنەوارەکانی میسری و ئەنادۆڵ ، ئەوە دەردەخەن ، کە ئەم ئایینە باوبووە بەر لەدەرکەوتنی مەسیحیەت ساڵی ٦٠ ز بۆ یەکەمجار گەیشتە ڕۆما[١٤].

## ئایینی کریستیانی و پەیوەندی بەکوردەوە

لەپاش ئایینی زەردەشتی و پێش بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام ، ئایینی کریستیانی لە دەوروبەری سەدەی چوارەمی زایینیدا لەکوردستاندا پەیدابوو ، لەم دەوروبەرەدا (تیرداد)ی پادشای ئەرمەنی چووە سەر ئایینی دیان و لەناوچەکەدا بڵاوبووەوە ، بەڵام لەساڵی (٣٣٣ز)دا ئیمپراتۆر قوستەنتین بەپێی مەرسومی میلان ئایینی مەسیحی کرد بە ئایینی فەرمی دەوڵەتی ڕۆمانی[١٥] ، هەرچەندە باسکردنی وردەکارییەکانی ئایینی دیان زۆری دەوێ و ناتوانرێ لە نووسینێکی ئاوهادا بخرێتەڕوو ، بەڵام پێم باشە ڕوانینی ئایینی کریستیانی بۆ مێژوو بەچەند خاڵێك بخەمەڕوو:

ا/ قۆناغی باوك: ئەم قۆناغە بۆ ئەو سەردەمە



دەگەڕێتەوە ، کە باوك هەڵساوە بە دروستکردنی جیهان ، هەر بۆیە قۆناغی یەکەم لەمێژوودا لای مەسیحییەکان شوێنەواری مرۆڤی پێوە دیارنییە ، ئەمەش وایکردووە بە قۆناغی باوك بناسرێت.

ب/ قۆناغی کوڕ: لەم قۆناغەدا مرۆڤەکان تووشی تاوان و گوناه و تاریکی دێن ، بۆیە خودا لەشێوەی مرۆڤ هاتەسەر زەوی ، چونکە پێویستییەکی مرۆیی بووە ، هەربۆیەش چوارچێوەیەکی ماددی بەخۆیەوە دەبینێ.

ج/ پاکبوونەوەی ڕۆحی قودس: واتە لەمردنی مەسیحییەوە دەست پێدەکات ، کە پاکبوونەوەی ڕۆحە لە تاوان ، خاڵێکی گرنگی ئایینی مەسیحیش کە هاوتای ئایینی ئیسلامە ، ئەوەیە کە کۆتایی جیهان تەنها باوك دەیزانێ[١٦].

بەمشێوەیە وەکو پێشتر ئاماژەمان پێدا ، کاتێك ئیمپراتۆر قوستەنتینی ئەم ئایینەی بەڕەسمی ناساند لەنێو ئیمپراتۆرەکەیدا و ڕەوتێکی تەبشیری نارده ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کە کوردستانیش بەشێك بوو لەو ناوچانە ، ئایینی کریستیانی زیاتر لەکوردستاندا زەقبوویەوە ، م. ڕەسوڵ هاوار گفتوگۆیەکی لەنێوان"مارشمعون"و"سمکۆ"مان بۆ دەگێڕێتەوە لەم بارەیەوە دەڵێ: (مارشمعون بە سمکۆی گوتووە ، ئەم سەرزەمینەی ئێستا ناوی کوردستانە هی



هەموومانە ، بەڵام بەهۆی ئایینمانەوە هەردوولامان لێکجیابووینەوە و بەم حاڵەی ئێستا گەیشتووین[١٧]) ، لەسەردەمی دەسەڵاتی ساسانییەکانیش کوردستان بووبوو بەمەڵبەندی ئایینی مەسیحی ، هەروەك م.تۆفیق وەهبی دەڵێ: (کوردەکانی لای ڕۆژئاوای زاگرۆس ـ جەزیرە ـ ڕۆژهەڵاتی کەرکوك... سەر بە ئایینی زەردەشتی نەبوون ، دانیشتوانی زاگرۆس دوورکەوتنەوە لە ئایینی زەردەشتی[١٨]) ، بە لێکدانەوەی ئەو دەستەواژەیە دەتوانین بڵێین ئایینی دیان لەجێگەی زەردەشتیدا پەیڕەوی لێکراوە لەو ناوچانەدا کەم تا زۆر.

ئەوەی بەگرنگی دەزانم خستنەڕووی دوو بۆچوونە بۆ بڵاوبوونەوەی ئایینی دیان لەکوردستاندا:

یەکەم/ لەشاری (ئەدیسا ـ الرها ـ ئورفە) قوتابخانەیەکی ئێرانی هەبووە ، گەنجێکی ئێرانی دەرسی کریستیانی تێدا وتووەتەوە ، کە قەشەکەیان قەشەیەکی نستوری (ئیفسوس) بووە ، بۆیە ئەم ئایینزایە لەئێراندا بڵاوبوویەوە ، کە کوردستانیش بەشێك بووە لە دەسەڵاتی ئێرانی ئەو سەردەمە.

دووەم/ بۆچوونێك هەیە دەڵێ: باسورما ناوێك لەقوتابخانەی ئەدیسا دوورخرابووەوە ، لەساڵی(٤٢٥ تا ٤٨٩) زایینی لەشاری نەسیبین بەمترانی مابووەوە ، پاش ئەویش (هازیتای) قوتابی باسورما زۆر چالاکانە لەبڵاوکردنەوەی



ئایینزای نەستوریدا ڕۆڵی گێڕاوە[١٩].

بەهەرحاڵ ئەوەی ئێمە مەبەستمانە ، بوونی ئەم ئایینەشە لەکوردستاندا ، کە لەسەردەمانێکی مێژووی کۆنی نەتەوەکەمانە وە تاکو ئێستا پەیڕەوی لێدەکرێ و شوێنکەوتووان و هەوا خوای خۆی لەناوچەکەدا هەبووە و هەیە.

**سەرچاوە و پەراوێزەکان :**


١/ ج. البان و يدجيرى : المذاهب الكبرنى فى التاريخ (من كونفوشيوس الى توييني) ، ل(١١١).

٭ هۆزی ماگۆش یەکێکە لە شەش هۆزە میدییەکە ، پاش یەکگرتنیان وەك کۆنفیدراسۆنێکی خێڵەکی و باڵادەستبوونی یەکێکیان بەسەرۆکایەتی ئەوانی تر.

٢/ شوان عوسمان : پرۆسەی بەئیسلام کردنی کورد ، چاپی یەکەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٣ ، ل(٩٣).

٣/ د. رشاد میران : ڕەوشی ئایینی ونەتەوەی لەکوردستاندا ، چاپی دووەم ، کوردستان ، ٢٠٠٠ ، ل(٢٧).

٤/ هەمان سەرچاوە ، ل(٢٦).

٥/شوان عوسمان ، ل(٩٥).

٦/ ج. البان ويدجيرى ، ل(١١٢).

٧/ شوان عوسمان ، ل(٩٦).

٨/ هەمان سەرچاوە ، ل(١٠١).

٩/ هەمان سەرچاوە ، ل(٩٢).

١٠/ ول ديورانت : قصة الحضارة ، ج٢ ، ل(٢٢٥).

١١/ شوان عوسمان ، ل(٩٣).

١٢/ شوان عوسمان ، ل(٩٢).

١٣/ د. رشاد میران ، ل(٢٤).

١٤/ شوان عوسمان ، ل(٩٣).

١٥/ مریوان ابوبکر هەڵەبجەی: دەروازەکانی ئایین ، بەرگی یەکەم ، چاپی یەکەم ، سلێمانی: ٢٠٠١ ، ل(١٩٤).

١٦/ م. رسوڵ هاوار: کوردوکوردستان لەسەرەتای مێژووەوە تاوەکو جەنگی جیهانی دووەم ، بەرگی یەکەم ، چ ١ ، سلێمانی ، ٢٠٠٠ ، ل(٨٨).

١٧/ د. رشاد میران ، ل(٢٨).

١٨/ م. ڕسول هاوار ، ل(٨٩).

١٩/ ج. البان و يدجيرى ، ل(١٤٢ ـ ١٤٥).




# کورتەیەک سەبارەت بە گەشەکردن و سەرهەڵدانی ڕۆژنامەوانی کوردی لەگەرمیاندا (١٩٤٠-١٩٧٠)



ئەحمەد باوەڕ

لەبەر ئەوەی تەوەر و ناوچەی گەرمیان بۆخۆی سنوور و چوارچێوەیەکی فراوان دەگرێتەوە ، ناکرێ لەبابەت و باسێکی واکورتدا قسە لەسەر تەواوی هەموو ئەو لایەن و قۆناغە بکەین ، کە مێژووی ڕۆژنامەنووسی کوردی لەم سنوورەدا بەخۆیەوە بینیویە ، بەڵکو لێرەدا بۆئەوەی سەرنج



و نووسینەکەمان چڕتر بکەینەوە و تەواوی ئەو شار و شارۆچکە و ناوچانەش بکەینە بابەتی لێدوان و قسەکردن کەمن ، دەمەوێ لەگێڕانەوە و تۆمارکردنێکی وادا تاڕادەیەك بەوردی و بەپوختی لەسەری بدوێم و باسی لێوە بکەم ، کە ئەمەش بۆخۆی دەکرێ ناوی لێ بنێین چاوپیاخشاندنێکی خێرا ، سەبارەت بەسەرهەڵدان و گەشەکردنی بواری ڕۆژنامەوانی کوردی لەڕۆژهەڵاتی گەرمیان و ناوچەی گەرمەسێردا ، ئامادەکردن و دەستنیشان کردنێکی لەم جۆرەش ڕەنگە دەستمان کراوەتر و چوارچێوەی بابەتەکەمان دیاری تر بکا ، لەهەمان کاتدا هیچ گومانی تیادا نابێ ، کە ئەرك و تێبینی ورد و قسەکردنمان ئاسانتر دەکاتەوە ، ئەمە لەکاتێکدا کە وتمان : گەرمیان دەبێ هەر لەناوچە و شارەکانی چەمچەماڵ ، کەرکوك و دووزخورماتووەوە بیگرین و بە وردی لەسەری بدوێین تا دەگاتە شارەکانی کفری ، کەلار ، خانەقین ، بە دەربەندیخانیشەوە ، بەڵام کە وتمان ڕۆژهەڵاتی گەرمیان ، ئەوا مەودای توێژینەوەکەمان چڕتر دەکاتەوە و زیاتر ئەو شار و شارۆچکە و ناوچە ئاوەدانیانە دەگرێتەوە ، کە لەدێر زەمانەوە کەوتوونەتە ئەم دیو و ئەو دیوی ڕووباری (سیروان)ەوە ، ئەم ناوچە و تەوەرەش بە حوکمی ڕۆژگار و ئەو هەلومەرج و ئاستەنگە جۆربەجۆرەی کە هەیبووە و بەسەریدا هاتووە ، بەڕادەیەکی کەمتر ئارامی و هێمنی بەخۆیەوە بینیوە ،



جگەلەوەش دەزگا و ناوەندەکانی خوێندن و ڕووناکبیریی درەنگتر و بەزەحمەت تیایدا گەشەی کردووە ، بۆ نموونە : هەرچەندە هەردوو شاری کفری و خانەقین لەم سنوورەدا بۆ خۆیان دوو ناوەندی لەمێژینەی زۆر ئاوەدان و دوو سەرە ڕێگای کاروانی گرنگ بوون ، یەکەمیان: ماوەیەکی زۆر دەروازە و شارێگەی ئەو کاروانیانە بووە ، کە لەشاری سلێمانی و دەوروبەریەوە گوزەری لێوەکراوە بەرەو کەرکوك و ناوچە ئاوەدانییەکانی بەغدا و ناوەڕاستی عێراق ، دووەمیشیان: ڕێگەیەکی سەرەکی بووە بەرەو سنوورەکانی ئێران و شارە ئاوەدانەکانی تری ڕۆژهەڵات بەجۆرێ ئەم دوو شارە و ئەم ناوچەیە بەگشتی ناویان لە تۆمار و نووسراوی گەلێك مێژوونوس و گەڕیدە و ڕۆژهەڵاتناسی بیانی و ئیسلامی دا هاتووە ، کە بۆ مەبەستی جۆربەجۆر بەم ناوچەیەدا گوزەریان کردووە و تاڕادەیەك باسی چۆنێتی ژیان و باری کۆمەڵایەتی و ئەو هەلومەرجەیان کردووە ، کە ئەم ناوچەیە بەخۆیەوە بینیوەیەتی.

لەکاتێکیشدا کە بمانەوێ لەسەر گەشەکردن و لە بواری سەرهەڵدانی بزاڤی ڕۆژنامەوانی گەرمیان بدوێین ، دەبێ جەخت لەسەر ئەوە بکەین ، کە بەشێوەیەکی سەلمێنراو و بە بەڵگەی تەواوەوە لە ماوە و وەرچەرخانێکی مێژوویی ئەوتۆوە دەست پێ بکەین ، کە تاڕادەیەکی گونجاو

بانگەیەنێتە ئەو دەرئەنجامەی کە بەپێی (کرۆنۆلۆجیا)یەکی مێژوویی ڕاست و دروست قسەبکەین ، واتە بە مێژوو و بە ژمارە و ناو و بە دەستنیشانکردنی ئەوەی هەبووە تاوەك ڕووداوێکی مێژوویی بیخەینە بەردەست . دیارە کە ئەمەشمان وت : بە ڕای من سەبارەت بە بابەتێکی وا لەم سنووردا ئەبێ بگەڕێینەوە بۆ مێژوویەکی زۆر نزیك ، کە ئەوەش بۆ خۆی ماوەی ساڵانی جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩ ـ ١٩٤٥) و بەتایبەتی کۆتاییەکانی جەنگی دووەمە ، واتە ئەو دەمانەیە کە ڕێکخراو و حیزبێکی سیاسی وەك (حزبی هیوا)[1] بەتەواوی لەم ناوچەیەدا دەرکەوت و لایەنگیر و ئەندامی کارای خۆی هەبووە و لەهەمان کاتدا بەشێوازێکی فراوان سنووری چالاکییەکانی خۆی لێرەشەوە دەستی پێکردووە ، لەم بارەیەشەوە یەکێ لە چالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوە حیزبییە ئەوە بووە ، کە لەسنووری گەرمیان و شاری کفری ئەو دەمانەدا و بەتایبەتی لەگوندی (زەرداو)دا وەك هەریەك لە (مستەفا نەریمان و شێخ عەتای تاڵەبانی و دکتۆر موکەرەم) باسیان لێوەکردووە ، بڵاوکراوەیەکیان هەبووە بەناوی (شیلان)[2]ەوە لە ماوەی ساڵانی (١٩٤٤ ـ ١٩٤٥)دا و بەنهێنی شێخ عەتای تاڵەبانی بە خۆی وەك باڵی (هیوای ئازاد)[3] لەڕیزەکانی حیزبی هیوادا و بەئامێری چاپ بڵاوی کردۆتەوە ، مامۆستا نەریمانیش لەبیرەوەرییەکانیدا وای



دەگێڕێتەوە : کە ناوی (شێلان) بووبێ و لەگەڵ ئەوەشدا باسی لەوە کردووە و وتوویەتی : ((ئێمەش نووسینمان دەدایە))[4] ، بەڵام تائێستا هیچ ژمارەیەك لەو بڵاوکراوەیە لەبەر دەستدا نییە و ناشزانرێ چەند ژمارەیان لێدەرکردووە و ژمارەی لاپەڕەکانی چەند بووە و بەزۆری چیان تیا نووسیوە ، ئەوانەشی جگەلە شێخ عەتا و مامۆستا نەریمان کێ بوونە ، کە بابەتیان تیا بڵاوکردۆتەوە ، سەرەڕای بڵاوکردنەوەی ئەم بڵاوکراوەیەی حیزبی هیوا کەسایەتییەکی وەك مامۆستا شاکر فەتاح (١٩١٤ ـ ١٩٨٨) کە لەشارۆچکەیەکی ئەو دەمانەی وەك (قادر کەرەم)دا کارگێڕی لادێ بووە ، لەنێوان (٢٥/٦/١٩٤٢ ـ ٢٣/١١/١٩٤٢)دا واتە لەماوەی شەش مانگدا (٢٤) ژمارەی لە بڵاوکراوەی (باسەرە)[5] بڵاوکردۆتەوە ، لەگەڵ ئەوەشدا بۆ خۆی وەرچەرخانێکی گەورەی بۆ ئەو دەمانە و لەو ڕۆژگارەدا لەسنووری گەرمیاندا هێناوەتە کایەوە ، هەرچەندە ژمارەکانی بە ڕادەیەکی کەم دەستی خەڵك کەوتوون و بەشێوازێکی دیاریکراو سنوورەکەیان بەزاندووە ، لەگەڵ ئەوەشدا هەرئەوە نەبووە ، کە تەنها خۆی نووسین و بابەتی لە ژمارەکانیدا بڵاوکردبێتەوە ، بەڵکو گەلێك کەسایەتی و خەڵکی خوێندەواری ئەو شارۆچکەیە و دەوروبەرە هاوکارییان کردووە و ناوبەناو لە ژمارەکانی هەفتەنامەی (باسەرە)ی چلەکانی سەدەی ڕابردوودا بابەت و



نووسینیان بڵاوکردۆتەوە ، لەوانە: (مارف عەبدولکەریم ، حوسێن عەبدولکەریم ، مامۆستا مەلا ئەحمەد ، ئیبراهیم ئەحمەد (قەلا مکائیل) ، حەسەن موحیەدین قەرەچێوار ، عەبدولعەزیز قادر کەرەم و مەلا محەمەد قەشقە) ، لەوانەن کە لەچەند ژمارەیەکی ئەم بڵاوکراوەیەدا چەندین جار ناویان دووبارە بۆتەوە و گەلێك بابەتی جۆربەجۆری کۆمەڵایەتی و وتار و کۆکردنەوەی بابەتی فۆلکلۆری کوردیان تیا بڵاوکردۆتەوە.

لەماوەی پەنجاکانی سەدەی بیستەمی ڕابردووشدا وەك دەبینی ئەو بزوتنەوە ڕۆژنامەوانییە تارادەیەك لەدەوروبەری (دەربەندیخان) و دواتر لەشارێکی ئاوەدانی وەك (خانەقین)دا بەرچاوکەوتووە ، جگە لەوەی ئەمانە بۆ خۆیان لەو بڵاوکراوە و کاری ڕۆژنامەوانییەش بوون ، کە دەکرێ وەك زمانحاڵی ڕێکخراوە حیزبی و پیشەیەکان کە لەو شارانەدا چالاکییان هەبووە ، باسیان لێوە بکرێ بەتایبەتی لەسەرەتای پەنجاکانی سەدەی بیستەمی ڕابردوو وەك دەبینی لەساڵی (١٩٥١)دا ڕێکخراوی جوتیارانی سەر بە حیزبی شیوعی عێراق لە ئاوایی (بانیخێلان) و ناوچەی مەیدان و وارماوا واتە (زەرایەن)ی ئێستا بڵاوکراوەی (دەنگی داس)[6]یان بڵاوکردۆتەوە ، کە بەسەریەکەوە ناوبەناو تا ساڵی (١٩٥٥) بەردەوام بووە و بەسەرپەرشتی (مەلا ئەحمەدی بانیخێلانی و حەسەنی مەلا عەبدولکەریم) دەرچووە ، ئەم



بڵاوکراوەیە سەرەتا بەدەسخەت و پاشان بە ئامێری چاپ و ڕۆنیۆ لەشاری کەرکوك ڕاکێشراوە و بڵاویان کردۆتەوە ، بەڵام لەشاری خانەقیندا دوای بەرپابوونی شۆڕشی ١٤ی گەلاوێژی ساڵی (١٩٥٨) ، لەم ماوەیە بەدواوە بڵاوکراوەیەك بەناوی گۆڤاری (نضال الطلبة)[7]وە ، واتە خەباتی قوتابیان کە تەنها یەك ژمارەی بەزمانی عەرەبی لێ بڵاوکراوەتەوە و هەر لەلایەن (یەکێتی قوتابیان)ی سەر بەحیزبی شیوعی عێراقەوە دەرچووە ، بەتایبەتی لەچوارچێوەی چالاکی چەند لاوێکی ئەو دەمانەی وەك: (ڕامز سامی باجەلان ، نەجم محەمەد ئەمین خەتات و ئەکرەم عەبدولوەهاب)ەوە بووە.

هەر لەهەمان ساڵی (١٩٥٨)دا و لەشاری خانەقیندا بڵاوکراوەیەکی ڕێکخراوی (یەکێتی قوتابیانی کوردستان)ی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان بەناوی (پرشنگ)ەوە لەلایەن چەند قوتابییەکی وەك: (جەلال عەبدوڵلا ئاغای باجەلان ، حەسەن جاف و قادر ڕەحیم تاڵەبانی)یەوە دەرچووە ، بەجۆرێ یەکێك لەو بابەتانەی کە تیا بڵاوکراوەتەوە ، بە پێنووسی (جەلال عەبدوڵلا ئاغای باجەلان) بووە و ناونیشانی (شەوی ١٤ی تەموز لەبەغدا بووم) بڵاوی کردۆتەوە و ماوەتەوە بڵێین بڵاوکراوەی (پرشنگ) تەنها یەك ژمارەی لێدەرچووە . جگە لەوانە لەساڵی (١٩٦١)دا هەریەك لە ((ئەحمەد ڕەجەب

زەنگەنە و کاک ئیبراهیم باجەلان) بلاوکراوەیەکیان بەناوی (الخرير) واتە (هاژە)وە لە (٤) لاپەڕەدا و تەنها سێ ژمارەیان بەزمانی عەرەبی لێ بلاوکردۆتەوە ، کە زیاتر لەژێر کاریگەری و هەواداریەکی (سۆشیالیزم)یدا بووە و دەستاودەست بلاویان کردۆتەوە . دوای سێ ساڵ لەوەی پێشوو هەر لەشاری خانەقین بەتایبەتی لەکانوونی دووەمی (١٩٦٤)ەوە (یەکێتی قوتابیان)[٨]ی سەر بە حیزبی شیوعی لەرێگای چەند لاوێکی ئەو دەمانەیەوە کە تیایدا ئەندام بوون ، گۆڤارێکیان بەناوی (کفاح الطلبة)ەوە واتە (تێکۆشانی قوتابیان)ەوە بە (١٢) لاپەڕەی تەواو و لەژێر دروشمی (الطلبة زهور على صدور العمال) بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی دەرکردووە و ئەوانەشی کە بەزۆری ڕۆڵی سەرەکییان لەدەرکردنی ئەم گۆڤارەدا هەبووە ، بەشێوەیەکی نهێنی بریتی بوون لە: (حەسەن الله وەخش ، ئیبراهیم باجەلان ، عەزیز محەمەد شەریف و محەمەد عومەر سلێمان زەهاوی) بەسەریەکەوە تەنها (٤) ژمارەی لێدەرکراوە و هەموو ژمارەیەك نزیکەی (٤٠ - ٥٠) دانەی لێ بلاوکراوەتەوە ، بەلام لەمانگی نیسانی (١٩٦٤)ەوە بەپێی بڕیارێك لە(حیزبی شیوعی)یەوە و بۆ پاراستنی نهێنی ئەندامەکانی لەخانەقیندا بلاوکراوەکە وەستاوە ، جگەلە بابەتی سیاسی و سەروتاری بلاوکراوەکە چەندین شیعری شاعیرانی وەك (محەمەد مەهدی جەواهیری



و عەبدولوەهاب بەیاتی) لە بەشە عەرەبییەکەیدا و شیعری عەبدوڵلا گۆران (١٩٠٤ - ١٩٦٢) لەسەر لاپەڕەکانیدا بەرچاو کەوتوون ، سەرەڕای ئەوەی بەشێك لەژمارەکانی لەرێگای (نەسرەدین مەجید دەلۆ)ەوە کە نازناوی حیزبی (مەلا محەمەد) یوە نێردراوە بۆ هێزی پێشمەرگە لەناوچەی گەرمیان و دەوروبەری (خۆرنەوەزان) ، لەگەڵ ئەوەشدا (تێکۆشانی قوتابیان) بۆ خۆی یەکێك بووە لەو بلاوکراوانەی کە لەسەر لاپەڕەکانیدا چالاکییەکانی هێزی پێشمەرگەی دژی ڕژێمی ئەوکاتەی عێراقی بلاوکردۆتەوە و وەك (هەواڵ)ی ئەو دەمانە بایەخی پێدراوە.

پاشان لەنێوان سالانی (١٩٦٥ - ١٩٦٦)دا بلاوکراوەیەکی تری دەستنووس کە تەنها دوو ژمارەی بە (١٦) لاپەڕەی تەواو و دووبارە لەخانەقیندا بەناوی (الثقافە)وە لێ بلاوکراوەتەوە و لەژێریشدا بەزمانی کوردی نووسراوە (تێگەیشتن) ، کە لەلایەن هەریەك لە ( جەلال زەنگابادی ، ئیبراهیم باجەلان ، وەلید جەعفەر و زەینەب تۆفیق)ەوە بەزمانی عەرەبی دەرچووە.

بەڕادەیەك لەم ماوەیە بەدواوە سۆراخی هیچ بلاوکراوەیەکی دی لەسنووری شاری خانەقین و دەوروبەریدا بەرچاو ناکەوێ ، ئەمە و لەکاتێکدا دووبارە دەگەڕێینەوە بۆ سنووری شاری کفری لەماوەی شەستەکانی سەدەی بیستەمی ڕابردوودا ، دەبینین بزوتنەوەیەکی تری بلاوکراوەیی و



ڕۆژنامەوانی هەبووە و بەزۆری بەتیراژێکی یەکجار کەم و زۆریشیان بەشێوەی دەستنووس لەچوارچێوەیەکی دیاریکراودا بلاوکراونەتەوە ، تەنانەت بەهۆی بارودۆخی ئەو دەمانەی کوردستان و هۆیەکانی هاتوچۆ و ئەو ڕەوشە کۆمەلایەتی و ئاستە هۆشیارییەی کە لەو دەمانەدا هەبووە ، بلاوکراوە و هەفتەنامە و ئەوانەشی کە ناو بە ناو دەرچوون ، سنووری ناوچەکەیان بەڕادەیەکی زۆر کەم نەبێ نەبەزاندووە ، سەرەڕای ئەوەش ناوەندێکی ئەوتۆی بەلگەنامەیی و ئەرشیفی نەبووە ، کە بتوانرێ نموونەیان لێ بپارێزرێ ، تا لەئاینده و داهاتوودا بۆ لێکۆلینەوە و کاری ڕۆژنامەوانی سەبارەت بەم ناوچەیە سوودیان لێوەربگیرێت ، وەك ئەوەی کاک لەتیف هەلمەت لەم بارەیەوە وای دەگێڕێتەوە ، کە ئەو لەنێوان سالانی (١٩٦٧ - ١٩٦٨)دا بلاوکراوەیەکی دەستنووسی بەناوی (بەرزنجە)[٩]وە لەشاری کفریدا بلاوکردۆتەوە و بەزۆری بریتی بووە لە بلاوکراوەیەکی ڕووناکبیری و بەسەریەکەوە تەنها (١٥) ژمارەی لێدەرکردووە ، ئەوانەشی کە بە نووسین و بابەتی خۆیان تیا بلاوکردبێتەوە ، تەنها ئەحمەد محەمەد عەبدولقادر واتە ئەحمەد شاکەلی ، لەتیف هەلمەت و فەرهاد شاکەلی (لەو دەمانەدا بەناوی ئەنوەر شاکەلی یەوە) بوون ، هەر لەهەمان ماوەشدا و لەنێوان سالانی (١٩٦٦ - ١٩٦٧) دا لەگوندی (دێبنە)ی نزیك بە کەلاری ئەمڕۆ ئەحمەد



شاکەلی وەکو خۆی باسی دەکا ، بلاوکراوەیەکی دەستنووسی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی بەناوی (هەللولیا)وە بلاوکردۆتەوە ، ناوەکەشی لەناوی وشەیەکی سەرنج ڕاکێشی ناو ڕۆمانێکی یابانییەوە وەرگیراوە ، کە لەو دەمانەدا دەمان خوێندەوە و بەمانای بەخێرهاتن دەهات ، تێکڕای ژمارەی لاپەڕەکانی بلاوکراوەکە لەنێوان (٤ - ٨) لاپەڕەی ناوەندی بووە و بەسەریەکەوە نزیکەی (٨) ژمارەی دەستنووسی لێدەرچووە ، لەبارەی ئەوانەشی کە لەم بلاوکراوەیەدا نووسینیان بلاوکردبێتەوە ، مامۆستا ئەحمەد دەڵێ: (هەموو شاکەلییەکان تیا دەمانووسی)[١٠] بەتایبەتی (ئەمجەد شاکەلی و شێخ محەمەدی شێخ ئەحمەد شاکەلی) ، جگەلەوەش بەزۆری دەنگ و باس و هەواڵی ناوچەکە و بارودۆخی کشتوکاڵ و قسەکردن لەسەر کوردایەتی بە هەردوو زمانی کوردی و عەرەبی لە (هەللولیا)[١١]دا بلاوکراوەتەوە ، سەرەڕای بایەخدان بە وێنەی کاریکاتێری کە هەر بەدەست کێشراون و بلاوکراونەتەوە . جگە لەمەی سنووری کەلار لەساڵی (١٩٦٨)دا بلاوکراوەیەکی تری ڕووناکبیری بەناوی (شەپۆلەکان)ەوە بەدەستنووس کە تەنها دوو ژمارەی لێ بلاوکراوەتەوە و بەزۆری بەدەسخەتی (سیروانی حاجی ئەمین) نووسراونەتەوە ، لەم ماوەیەدا دەرچووە ، بەجۆرێ ژمارە یەکی تەنها (١٥) دانەی لێدەرکراوە و تاڕادەیەك

بەناوچەکەدا بڵاوکراوەتەوە ، ئەوانەشی کە نووسین و بابەتی جۆربەجۆری ڕووناکبیری خۆیانیان تیا بڵاوکردبێتەوە ، کەسانی وەك (فەرهاد شاکەلی ، غازی فەیسەڵ و محەمەد داماو) بوونە ، ئەمەی دواییان لەو ماوەیەدا بەناوی محەمەد بێ کراس (١٩٥٢ - ٢٠٠٥)وە دەستی داوەتە نووسین و بڵاوکردنەوە ، بۆ ساڵی دواتریش واتە ساڵی (١٩٦٩) هەر لەشاری کفریدا بڵاوکراوەیەکی تر بەناوی (باوە شاسوار)[١٢]وە کە تەنها یەك ژمارەی لێدەرکراوە و لەلایەن ( فەرهاد شاکەلی ، لەتیف هەڵمەت و کەنعان مەدحەد) وە بڵاوکراوەتەوە ، بەڕادەیەکی زیاتر ئەمەیان بریتی بووە لە بڵاوکراوەیەکی ئەدەبی - ڕووناکبیری ، دوابەدوای ئەوانە و هەر لەساڵی (١٩٦٩)دا هەریەك لەمامۆستا فەرهاد شاکەلی و محەمەد حەمەصاڵح تۆفیق لەدواناوەندی کفری دوو بڵاوکراوەی سەردیوار واتە (نشرة جدارية)یان بڵاوکردۆتەوە ، ئەوەی مامۆستا فەرهاد بەناوی (جیکۆر)وە بووە و تەنها یەك ژمارەی لێدەرکردووە و بۆ بابەت و وتار و نووسینی ئەدەبی تەرخان کراوە ، بەڵام ئەوەی کە مامۆستا محەمەد حەمەصاڵح بەناوی (الکواکب)[١٣]بووە و تەنها دوو ژمارەی لێدەرکردووە و بڵاوکراوەیەکی هەمەجۆر بووە.

لەساڵی (١٩٧٠)شدا مامۆستا فەرهاد بڵاوکراوەیەکی تری سەردیواری بەناوی (گیڤارا)وە بڵاوکردۆتەوە ، یەکێ لە بابەتە بڵاوکراوەکانی وەك لەتیف هەڵمەتی شاعیر باسی لێوە



دەکا ، چاوپێکەوتنێکی ئەدەبی و شیعری بووە لەگەڵ ئەودا ، بۆ نموونە لەپرسیارێکدا کە ئاراستەی کراوە (شیعری کوردی چۆن دەبینی؟) ، ئەمیش لەوەڵامدا وتوویەتی: کورد شیعری نییە ، تا دیوانەکەی من دەرنەچێ ، واتە مەبەستی لەتیف هەڵمەت لەدیوانی ( خوا و شارە بچۆلەکەمان)بووە ، کە دواتر و لەساڵی ( ١٩٧٢) لە چاپخانەی (شیمال) لەشاری کەرکوك بەچاپی گەیاندووە.



## ژێدەر و پەراوێزەکان:

١- بۆ زانیاری زیاتر لەچالاکییەکانی (حیزبی هیوا) لەسنووری گەرمیاندا ، بڕوانە ئەو لێکۆڵینەوەیەمان کە لەگۆڤاری (کەرکوك) ، ژمارە (٥)ی ساڵی ( ٢٠٠٠)دا بەناونیشانی (پارتی هیوا لەکاتی دروست بوونییەوە لەشاری کەرکوك تا هەڵوەشانەوەی لەکۆنفرانسی کەلاردا ـ١٩٤٤) بڵاوکراوەتەوە.

٢- عبدالستار طاهر شريف ، الجمعيات و المنظمات و الأحزاب الكردية في نصف قرن (١٩٠٨ـ١٩٥٨)، بغداد ، ١٩٨٩ ، ص(٩٦).

٣- الدكتور مكرم طالبانى ، حزب هيوا ، السليمانية ، ٢٠٠٢ ، ص(١٨٠).

٤- مستەفا نەریمان ، بیرەوەرییەکانی ژیانم ، بەغدا ، ١٩٩٤ ، پەراوێزی (١٢٠)، هەروەها کاسێتی تۆمارکراو سەبارەت بەچالاکییەکانی حیزبی هیوا لەسنووری گەرمیاندا (شێخ عەتای تاڵەبانی) ، ئەرشیفی نووسەر (ا - ب).

٥- شاکیر فەتاح ، ئاوێنەی ژیانم - یاداشتەکانی شاکیر فەتاح ، بەرگی یەکەم ، کۆکردنەوە و ڕێکخستنی: ئەحمەد سەید عەلی بەرزنجی ، هەولێر ، ٢٠٠٣ ، ل٣٣٣ - ٤٢٧).

٦- ڕەفیق صالح ، ئیندێکسی ڕۆژنامەوانی نهێنی کوردی تا ١٤ی تەموزی ١٩٥٨ ، گۆڤاری ڕۆژنامەنووس ، ژمارە (١) ، ل(٢٣٦).

٧- ئەم زانیارییانەم لەمامۆستا (ئیبراهیم باجەلان)ەوە وەرگرتووە.

٨- جمال بابان ، اعلام كرد العراق ، السليمانيه ، ٢٠٠٦ ، ص(١٧).

٩- ئەم زانیارییەم لەکاك (لەتیف هەڵمەت)ی شاعیرەوە وەرگرتووە ١٨/٣/٢٠٠٦.

١٠- ئەحمەد باوەڕ ، چاوپێکەوتنی تایبەت لەگەڵ ئەحمەد شاکەلی ، گۆڤاری تۆژەر ، ژمارە (١) ، هاوینی ١٩٩٨.

١١- هەندێ زانیاری زیاتر لەمامۆستا (ئەحمەد شاکەلی)یەوە ، ١٧/٣/٢٠٠٦.

١٢- ئەم زانیارییانەی کە لەبارەی بڵاوکراوەکانی (کفری)یەوەن لە کاك (لەتیف هەڵمەت)ەوە وەرگیراون.

١٣- سەبارەت بەهەردوو بڵاوکراوەی (جیکۆر) و (الکواکب) زانیارییەکانم لەمامۆستا محەمەد حەمەصاڵح وەرگرتووە ، ٣١/٣/٢٠٠٦.



# ژن لە نەریتی خێڵەکیانەدا



بەناز عومەر ئەحمەد

هەر لە دێر زەمانەوە لە نێوان بردنی ڕوح و جەستەی ژنان بووەتە باو و تا هەنووکە درێژەی هەیە ، واتە لەو کاتەوەی نێرینە کشتوکاڵی وەك پیشە هەڵبژارد و زەوی وەك ئامرازی بەرهەمهێنان بووە مڵکی تایبەتی ، پێکهاتەیەك هاتە ئاراوە (خێڵ ، عەشیرەت ، هۆز ) ، کە بووە خاوەن یاسایەك بۆ ڕێکخستنی ئەرکەکانی خێڵ چ لەناوخۆدا و چ لە دەرەوەی خۆی . بەشێك لەم یاسا و بڕیارە دامەزراوانە بەمەبەستی پتەوکردنی دەسەڵات بەسەر ژنانی خێڵدا شکایەوە و هەر لێرەوە هاوکات لەگەڵ زەوی ژنیش بووە مڵکی پیاوانی خێڵ

و ناسنامەی ژن گرێدرا بە ناسنامەی خێڵەکەوە و بە کێشانی سنوورێك لە نێوان نێر و مێدا ، پلەدوو بوون بووە میرات و بە ژن بەخشرا . بە درێژایی ئەم مێژووە درێژخایەنە تا دەگاتە سەردەمی ئێمە ، دیاردەی ستەم لە ژنان بابەتێکی ژناوییە ، کە شارستانیەتی لەفکردووە .

لە کۆمەڵگای ئێمەدا کەم ڕۆژ هەیە ، کە هەواڵی کوشتنی کچێك لەلایەن باوك یان برا یان کەس و کارییەوە نەگاتە گوێمان لە ژێر ناوی ئەستاندنەوە و کڕینەوەی ئابروو و شەرەفدا ، مەبەستی ئەم نووسراوە هەڵدانەوەی گۆشەیەکە لە دابێکی خێڵەکیانە ، کە تەنیا لە پاش ماوەی چوارچێوە پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی بە ناوی خێڵ ، بەڵکو ترازان و پەل هاویشتنیەتی بۆ گشت کون و قوژبنێکی کۆمەڵگای کوردی . لەم عورفی خێڵەکیەدا تکانی ئابروو بەهۆی خۆشەویستی کوڕێك لەلایەن کچێکەوە دەگاتە ئەو ئەنجامەی ، کە کچەکە لە ترسی پیاوانی بنەماڵە و خێڵەکەی خۆی بکوژێت یان لە باشترین حاڵەتدا لەگەڵ خۆشەویستەکەی ڕەدووکەوێت ، ئەگەر هاتوو بەر لە خۆکوژی یان هەڵاتنی پێیان زانی بەبێ هیچ دوو دڵی و ڕاڕاییەك کچی بێتاوان بەحکومی مێینە بوونی ئەرکی کوشتنی لەسەر پیاوان فەرزدەبێت . لە فەرهەنگی خێڵەکیدا ئەم کردەوە دەبێتە مەرجی سەرەکی پیاوەتی و ئەگەر بێتوو بەجێیی



نەهێنێ دەکەوێتە پەراوێزەوە و پەراوێزبوونیشی واتە ناپیاوی و خوێریەتی و دەبێ لە بازنەی ئەم عورفە خێڵەکیەدا بچێتە دەرەوە ، ئەگەر هاتوو بەجێشی هێنا ، ئەوا ئابڕووی تاکاوی کڕیوەتەوە و توانیویەتی نەریتی خێزان یان تایفەکەی بپارێزێ و بە هەمووان بسەلمێنێ بە شەرەفە و لە پیاوەتیدا چەن بەهیبەتە و بە درێژەدانی ئەم کردەوە لەگەڵ سوننەت گەلی باووباپیرانی پەیمانی نوێ کردۆتەوە ، لە هەمان کاتیشدا گۆشزەدێکە بە نێرینەکانی دەوروبەری و هەروەها پاش خۆی کە لانەدەن لەم عورفە پیرۆزەی خێڵەکەیان و جوبرانی هیبەتی دۆڕاوی پیاوانی خێڵەکەیان تەنیا و تەنیا لە گرەوەی کوشتنی کچێکی بێ تاواندایە ، کە تاوانی خۆشەویستی دەبێ لە دادگایەکدا ، کە دادپەروەری ڕاونراوە و قازییەکەی هەموو شتێك دەباتەوە نێو داوێنی کچوڵەیەك ، داداگایی بکرێ و مەحکووم بە مەرکێکی نابەوەخت و زاڵمانە بکرێت . پاش کوشتنیشی تەرمەکەی گلاّو بەحیساب دێت و دەبرێتە دۆڵێك فڕێ دەدرێت یاخود ئەیدەن بەدەم ئاوەوە ، ئەگەر بێتوو کەسێك لە ئەندامانی خێزان یان خێڵەکە لە بەرانبەر ئەم کردەوەدا هەڵوێست بگرێت ، نە تەنیا پیاوان بەڵکو باقی ژنەکانی تایەفە ، جا چ لە ڕووی بێ دەسەڵاتیەوە بێت یاخود پابەندی چەمکی شەرف بن ، دەکەونە هێرشکردنە سەر ئەو کەسە بە دەیان ناو نێتکەی



بێناموس و بێ شەرف و زۆرجار لێدانیش دەمکوتی دەکەن . ژن لەم بازنە داخراوەدا تا دوێنێ کە گەورە بە بچووك و ژن بە ژن و خوێن بەها و شیربایی و بەزۆر بەشوودان و دەیان شتی دیکەی لەبەردەمدا بووە و بچووکترین پشتیوانی دەستی نەکەوتووە ، ئاخۆ دەبێ تەنیا پلە دوو پاشکۆ بێت ؟ هۆکاری جۆراوجۆر هەن بۆ ڕاڤەکردنی ئەم بابەتە ، کە لێرەدا ئاماژە ئەدەم بە چەند نموونەیەك لەو هۆکارە نیوەکییانە.

کۆمەڵگای ئێمە قۆناغێکی لە پێ قەبلاّندنی ئایینی ئیسلامدا هەیە و کاریگەری کەلتورێکی مەزهەبیانە لەسەر گشت ئۆرگانە کۆمەڵایەتییەکان بە ڕوونی دیارە ، عورف و نەریتی ملهوڕانەی پیاو مەزنی و خێڵەکییانە بە پشتیوانی باوەڕێکی ئیلاهی لە خۆیدا یەکێك لەو هۆکارە گرنگانە بوو ، کە ڕێگەی دا و زەمینەی خۆشکرد ، کەوا ژن ببێتە کۆیلەیەکی هەمیشەیی پیاوانی خێڵ و کەرەستەیەك بێت بۆ زاوزێ کردن یاخود داکوژانی شەڕی عەشیرەتەکان و لە بری خوێن بەهای نێوان دوولاوی هەرزەکار ، کە یەکێکیان کوژراوە و تاوانەکەی دەکەوێتەسەر شانی ژنانی خێڵ ، یا وەکو لە شەڕ و پێکدادانی نێوان خێڵەکاندا ، هەرکامیان خۆی بەمیراتگری ئایینی ئیسلام دەزانێ و ئەودی کافر و هەر ڕۆژە بە بیانووی جۆراوجۆر هەڵیاندەکوتایە سەریەك بەپێی لێکدانەوەی خۆی ئیسلامی ڕاستەقینەیە ،



ئەگەر لە شەڕەکەدا سەرکەوتایە ، دەبووە خاوەنی هەموو ئەو شتانەی کە لە پاش خێڵە دۆڕاوەکە بەجێ دەما ، ژنانیش بەشێکبوون لەو دەسکەوتانە ، دەستدرێژی جنسی بۆ سەر ژنان وەکو دەسکەوتێکی شەڕ ، یەکێك لە هۆکارە گرنگەکانی خولّقاندنی بیرۆکەی شەرف لە نێو خێڵدا بوو ، ئەمە پارێزگاری لە جەستەی خێڵی گرێدا بە جەستەی ژنەوە و لە ئاکامدا خەتەنەکردن و بە شوودانی تەنیا لە چوارچێوەی خێڵدا بوونە بەرهەمی ئەم قۆناغەی ژیان لە کۆمەڵگای کوردیدا و پاشانیش دەم و دەست کۆلکە مەلایەك یان صۆفی و شێخێك بە دەم وێردکردنی ئایەت و حەدیسێك لە مزگەوت و حوجرەوە بەرگی ڕەوابوونیان پێدەبەخشی . ئەمە تەنیا نموونەیەك بوو لەو سەدان نموونەی کە ئایینی ئیسلام پشتیوان و ڕێگە خۆشکەر بووە بۆی و لادان لێیان خیانەت بە خواوەند دەژمێرێت . لە پاڵ هەموو ئەمانەشدا بە هەڵەی دەزانم بڵێین بە تەنیا ئایین ڕێگە خۆشکەر بووە ، بۆئەوەی پیاو لە هەر زەمەن و شوێنێکدا دەم ڕاستی ژنان بێت ، چونکە نەخوێندەواری و هەژاری بە تایبەت لەناوچە گوندنشینەکاندا لە ئافراندنی پاشکەوتوویی و نەریتی گوندا دەستی باڵای هەبووە ، توانیویەتی بێتەیەکێك لە سەرەکیترین هۆیەکانی پێکهاتنی کۆمەڵگەیەکی پاتریارکاڵ و سونتەی کە بەشێك لە مرۆڤایەتی بێتە قوربانی دەستی

بەشکەی دیکە . هەروەها لەسەر دەمێکدا کە فیئۆدال و دەرەبەگەکان دەسەڵاتییان بە دەستەوەبوو ، زوڵم و زۆری لە ڕادەبەدەر دەرهەق بەرەعیەت و گوندنشینەکانی ژێردەستیان لە شێوەگەلی جۆراوجۆردا خۆی ئەنواند ، کە ژنان جیا لە باقی ئەو ستەمانەی دیکەی کە پێیان ڕەوا دەبینرا دەبوو لە بەرانبەر خواستی ئاغا یان کوڕ و کەس و کاریدا بەمەبەستی تێکەڵاوی جنسی ملکەچ بن ، دەیان و سەدان نموونە هەن و دەگێڕنەوە ، کە هەر کچێك شووی بکردایە ، دەبوو شەوی یەکەم هی ئاغا بووایە ، ئەگەر هاتوو کچ ڕازی نەبووایە تەمێیان دەکرد و پاشان بەزۆر دەیان بردە دیوی ئاغا ، بێگومان ئەم شێوە دەستدرێژیە بۆ سەر ژنان لە هەمان کاتدا ئەوپەڕی بێ حورمەتی و سووکایەتی بەهەست و ئیحساسی پیاوانی گوندنشین بوو ، کە لە ئاکامدا بەهۆی سەرشۆڕی کەسوکاری و ئەم ڕۆڵی بەرچاوی لە بێدەسەڵاتی و بچووکی ژناندا گێڕا ، پێشگرتن لە چوونە قوتابخانەی کچان لەلایەن کەسوکارییەوە بۆ فێربوونی زانست و عیلم ، هۆکارێکی تری هەرەگرنگی دواکەوتویی تاکی ژن لە کۆمەڵگای کوریدا بووە ، لەژێر ناوی ئەوەی دەرسی شەیتانی فێردەبن و کوفر و بێ حورمەتییە بە ئایین ، ئەم نەخوێندەوارییە کاریگەری بەرچاوی بووە لە زیندوو ڕاگرتنی پیاو مەزنی و دەستبەسەراگرتنی گشت بوارەکان



(سیاسی ، ئابووری ، کۆمەڵایەتی ) لەلایەن پیاوانەوە . ژنی کورد مادامەکی نەزان و نەخوێندەوار ڕاگیرا و مەودای هیچ چەشنە پەروەردەیەکی پێنەدرا ، سرووشتییەکە جگەلە کاروباری نێو ماڵ و بەخێوکردنی منداڵ لە بەڕێوەبردنی ئەرکی دیکەدا بێ تونادەبێت. ژن لەنێو بازنەی ئەم عورفەدا لە تەمەنی گڕوگاڵەوە واتە لە یەکەمین ساتەکانی منداڵییەوە بڤەیەکی پیاوانەی ڕەق کە یەکەم جار لەلایەن باوکییەوە دەبیستێ ، هەڕەشە ئامێزانە و بە دەنگێکی نێرانەی ترسناکی بەرز کچە تیوو و دێڵە سەگ بە گوێی ئاشنادەکا و هەرلەو کاتەوەیە کە سنوورێك بە دەوری سەرەتایترین ئازادییەکانی ژندا دەکێشرێت و بە بیستنی بڤەی باوکی وەك یەکەم نێرینەی ژیانی ، ڕادەچڵەکێ و هەوڵ ئەدا خۆی بخزێنێتە باوەش دایکییەوە وەك پەناگەیەك ، کە ئەتوانێ تێدا ئارام بگرێت و لە قیڕەی باوکی ڕزگاربێت . ڕۆژ و ساڵ لەگەڵ ساڵ جیاوازییەکان بەرجەستە تر دەبن ، تەنانەت کایەکانی نێوماڵ و کۆڵان بەشدەکرێت ، کوڕان هەلوکێن و موشێن و شەڕە تفەنگ و کچانیش ماڵماڵێنێ و شەشخان و بووکە شووشە . کچ دەربازبوو لەم قۆناغەی ژیانی بەتێپەڕبوونی زەمان سنوور بڤەکانی منداڵی خۆی دەگۆڕێ و لە شێوەیەکی دیکەدا خۆی ئاڕاستەدەکات ، تا باڵا دەکات و خۆی دادەڕێژێ شەرف زیاتر تێی دەئاڵێ.



# زیندانی گوانتانامۆ
# لە شانۆی لەندەندا



گێڕانەوە/ منوچهر بصیر
وەرگێڕانی لەفارسیەوە/ عومەر عبدولکەریم قادر



زیندانی گوانتانامۆ زیندانێکی ترسناکە ، کە لەبنکەی هێزی دەریای ئەمریکایە لەخاکی کوبادا ، کە بە هەڵسوکەوتی خراپ لەگەڵ زیندانییەکاندا بەناوبانگە.

دوای ڕووداوەکەی ١١ی سێبتەمبەر و داگیرکردنی عێراق و ئەفغانستاندا زیندانی گوانتانامۆ بەگشتی بوو بەیەکێك لە زیندانە ترسناکەکانی سەرپێچی کەرانی وڵاتی ئەمریکا . نموونەی ئەو هەڵسوکەوتە خراپەی کە بەرامبەر بە زیندانییەکان ئەکرێ ، لە زیندانی ئەبو غرێبی عێراقدا ئاشکرابوو ، بەمشێوەیە ئاشکرایە ، کەچی بەرامبەر بە زیندانییەکانی گوانتانامۆ ئەنجام ئەدرێت ، هەرچۆنێك بێت ئەمە (باستیل)ی ئەمریکایە ، کە لە (باستیل)ی فەرەنسی چارەنووسێکی باشتری نییە.

دوای کۆتایی هێنان و داخستنی پەردە ، بیرکردنەوە دەستی پێکرد ، (هارۆڵدپیتەر) شانۆنامەنووسی ئینگلیزی ، دوانزە ئەکتەری لە شانۆیەکی لەندەندا بردە سەر تەختی شانۆ و ژیانی لە بەندینخانەی جەنجاڵی گوانتانامۆدا لەسەر بنەمای شایەتی زیندانەکانی پێشووی ئەوێ نمایش کرد.

لەگوانتانامۆدا شەرەف ئەبێ بەرگری لە ئازادی بکات ، ئەکتەرەکان (تیری سایکڵ ، لەندەن) ڕۆڵی زیندانییەکان و خێزانەکانیان و سیاسەتمەدارانی وەك (دۆناڵد رامسفێڵد) وەزیری بەرگری ئەمریکایان بینی.

(نیکۆلاس کنت) دەرهێنەری شانۆکە دەڵێ : ئێمە نمایشێکمان بردە سەر تەختی شانۆ ، کە لە چاوپێکەوتن لەگەڵ زیندانییە ئینگلیزیەکان و خێزانەکانیان و زیندانییە پێشووەکانی ئەوێ ، کە گەڕاونەتەوە بۆ ماڵی خۆیان و پارێزەرەکانیان و هەتاوەکو سەربازەکانی گوانتانامۆ ئامادەکرابوو.

لە درێژەی قسەکانیدا وتی : تەنها یەك وشە لە نمایشەکە بەدەرنەبوو ، لەو قسانەی کە لە چاوپێکەوتنەکاندا ئامادەکرابوو ، ئەوەی ماوە تێبینییەکان لەو نامانەوە بەدەست هێنرابوو ، کە زیندانییەکان بۆ خێزانەکانیان نووسیبوویان.

(موزام بەگ) کە هاوڵاتییەکی ئینگلیزییە و ٣٦ ساڵە لەو زیندانە بووە ، لە نامەیەکدا دەنووسێ : ئاخر ژن و مناڵەکەی من چ گوناهێکیان کردووە ، کە ئەبێ بەمشێوەیە ئازار بچێژن؟

پێنج زیندانی ئینگلیزی تر کە لەناوەڕاستی مانگی مارسدا گیرابوون ، ماوەی دوو ساڵ بەبێ هیچ دادگایی کردن و روونکردنەوەیەك ، ژیانیان لە زینداندا بەسەر برد و دوای ئازاد کران.

هێشتا چوار ئینگلیزی تر لەگەڵ نزیکەی (٦٠٠) کەسی تر لە چل وڵاتی جیاوازدا زیندانن ، کە زۆربەیان لە دوای رووداوەکەی ١١ ی سێبتەمبەردا لەکۆتایی ساڵی (٢٠٠١)دا گیراون. کێشەکە لێرەدایە کە ئەمریکا لەگەڵ ئەو هەموو



ڕەخنە یەك لەدوای یەکانەی کە ڕێکخراوەکانی مافی مرۆڤ ئاراستەی دەکەن ، ئەو زیندانیانە بە زیندانی جەنگ ناناسێ.

دادگای باڵای ئەمریکا بۆ یەکەمین جار لە ئەپرلی (١٩٢٠)دا بڕیاری دا ، کە یاسای ئەم گرتنانە بەبێ هیچ سنووردارییەك بخاتە ژێر لێکۆڵینەوە ، دوای ڕای خۆی لە کۆتایی حوزەیراندا دەربکات ، بەتایبەت ئەم بابەتە ڕوون بکرێتەوە ، کە ئایا زیندانییەکانی گوانتانامۆ مافی ئەوەیان هەیە ، کە ڕەخنە لەباری زیندان و هۆی زیندانی کردنیان بگرن و لەدادگاکانی ئەمریکادا سکاڵا بکەن یان نە؟

(کنت) دەرهێنەری ئەم نمایشە بڕوای وابوو ، کە لەم نمایشەدا پێشوازیەکی زۆر گەرم کراوە و هەندێ لە بینەران لەئەنجامی توندی و ناڕەحەتی دەستیان کردووە بە گریان و هاواریان کردووە ، ئەمەش زۆر ناشیرین و ترسناکە.

ئەم دەرهێنەرە پێش ئەم نمایشکردنە ، دەرهێنەری شانۆی (دادگای نۆرنبێرگ) و کوشتنی لاوێکی ڕەش پێست بەدەستی نەژاد پەرەستان لەساڵی (١٩٩٣)دا بووە ، وتی : ئامانجی من لەهەمان کاتدا دەرخستنی بێ توانایی وڵاتی ئینگلیزە لە کۆمەککردن بە زیندانییەکانی گوانتانامۆ ، لێرەدا دەوڵەتی ئینگلیز تەنها بۆ هاوڵاتییە ئینگلیزییەکان هەنگاوی یاسایی ئەنجام ئەدات ، بەڵام هیچ بەرپرسیەك سەبارەت بە



کەسانێك کە هەتا تەمەنیان (١٦ و ١٧ و ١٨) ساڵانە و دانیشتووی وڵاتی ئینگلیزن قبوڵ ناکات ، چونکە خەڵکی ئەو وڵاتە نین . لەم بارەیەوە ئاماژە بۆ زیندانییەکی عێراقی دەکات ، کە (١٩) ساڵە لەبەریتانیادا نیشتەجێیە ، لەکاتێکدا داوای لەدەوڵەتی بەریتانیا کردووە ، کە بەدەم کێشەکەیەوە بێن ، ئینگلیزییەکان لەوەڵامدا وتوویانە: پێویستە دەوڵەتی صدام لەبارەی ئێوەوە هەنگاو بنێت و بەدەمتانەوە بێت ! چ بەدبەختیەکی گەورەیە !

**سەرچاوە:**

گۆڤاری چیستا



# گۆشە نیگایەک لە مەرژیانی گیڤارا گیڤارا ـ کاتێک بۆ فیشەک و کاتێک بۆ شکاری پەپولەکان !

وەرگێڕانی / عادل عەبدوڵڵا عەلی

بابەتەکە لە سایتی www.Islamonline.com وەرگیراوە



"شۆڕشێکی پۆلا ئاسا سوور وەك یشکۆ خۆڕاگر وەك داربەڕ و قووڵ و پڕ مانا وەك خۆشەویستەکەی دەیری بۆ نیشتمان.. لەم دونیایەدا هەستدەکەم بە ئازار ، کاتێك دەبینم ستەملێکراوێك بەری زللە دەدرێت ، لە هەر کوێیەکی ئەم زەوییە ستەمی تیادا هەبێ ، ئەوە نیشتمانی منە". ئەمە نە شیعر و نە وشەگەلێکی نووسەرانی نۆبڵە ، بەڵکو بلیمەتی خاوەن ئەم هەڵبەستە ئەوەندەی لە ڕاستگۆیدا دەردەکەوێت ، بە پێچەوانەی باش دارشتنەکەیەتی ، گەر هەلگری هەر بیروباوەڕ و ئایدیایەك بێت ، ناتوانێت ڕێز لە بیروباوەڕی خاوەن ئەم هەڵبەستە نەگری ، کە تا دوایین ساتەکانی ژیانی تێدەکۆشا لە پێناویدا ، خاوەنی ئەم هەڵبەستە کە نازناوی (تیچی یە) بە واتای هاوڕێ ، بەڵام ناوە ڕاستەقینەکەی (ئەرنتو گیڤارا دی لاسیرنایە) کە لە دایکبووی ( ١٤ی ئابی ساڵی ١٩٢٨) لە گەڕەکی "ڕۆساریۆ"ی شاری "بوینس ئایریس" پایتەختی ئەرژەنتین ، کە لە خێزانێکی بورژوازی دێرین هاتووەتە دنیاوە.

## ڕۆژێك کە نەخۆشی تەنگەنەفەسی ناتوانێت بیبەزێنێ :

ئەو وێنەیەی لەسەرەوەدا هاتووە ، کە وێنەی باوکێکی نایاخی سەر سیناریۆیەك دەردەکەوێت ، کە هەڵگری بروانامەی ئەندازیاری بیناسازییە ، هەمیشە ڕووخۆش ، هەردەم گەڕۆك تا دوایین ساتەکانی ژیانی لە کوبا گوزەرکرد ، بەڵام چ دایکێکی چالاك و ڕۆشنبیر ڕۆحی سۆز و پەروشی بۆ مێژووی ئەرژەنتین و هەموو ئەمریکای لاتینی کردبێ بە بەر ئەم لاوە خوێن گەرمەدا و خستبێتیە سەر ڕێچکەی ئازادیخوازانی مەزن یان "باوکانی نیشتمان".



ئەم لاوە کە درێژی باڵای لە (١٧٣) سم تێناپەڕێ ، پەنای بردەبەر راهێنانی وەرزشی بەشێوەیەکی بەرنامە بۆ داڕێژراو بۆ بەرەنگاربوونەوەی نەخۆشیە درێژخایەنەکەی ، کە هەر لە منداڵیەوە توشی بوو ، هەرچەندە نەخۆشیەکە نەیتوانی زاڵبێت بەسەریدا ، چونکە گیڤارا بۆخۆی کەسێکی زرنگ و بلیمەت بوو ، بەپێی ڕای زۆر لەو کەسانەی لێوەی نزیکبوون ، گواهی ئەو دەدەن ، کە ئەم پیاوە خاوەن دژیەکێکی خۆیی سەیر و سەمەرە بوو لە نێوان بوێری و شەرمدا ، هەروەها دەنگێکی نزمی پڕ مانای هەبوو ، خێزانەکەی گیڤارا لە پێناو تەندروستی گیڤارا ناچاربوون پایتەخت جێ بێڵن و ڕووبکەنە شوێنێکی لە بار و وشك ، ئەمە بووە هۆی ئاشناکردنی (ئەرنستۆ) بەهەژاری و بارودۆخی کۆمەڵایەتی دواکەوتوویی ئەمریکای لاتینی.



## گیڤارا و پیشەی پزیشك.. لە گەشتێکیدا :

لە مانگی ئازاری ساڵی (١٩٤٧) دا گیڤارا و خێزانەکەی گەڕانەوە بۆ پایتەخت ، هەر بۆیە گیڤارا دەستی دایە خوێندن ، تاوەکو لە کۆلێژی پزیشکی وەرگیرا ، لە کۆتایی ساڵی یەکەمی خوێندنیدا لە کۆلێژی ناوبراو و لە تەمەنی بیستویەك ساڵیدا سەرەتایی گەشتەکەی بەرەو باکووری کیشوەر دەستپێکرد بە سواری ماتۆڕێك لەگەڵ هاوڕێ پزیشکێکیدا ، کە بە تەمەن لەم گەورەتر بوو ، سەرقاڵیش بوو لە سیاسەت. لێرەدا ئاشنابوونی گیڤارا سەبارەت بە دواکەوتویی کۆمەڵایەتی کیشوەرەکە دەستی پێکرد و ڕادەی هۆشیاری تا دەهات بەرزدەبویەوە ، هەر ئەمەش وای لە گیڤارا کرد ، کە هەستبکات بە بوونی تەنگوچەڵەمەی زۆر لە ژیاندا بەپێچەوانەی نەخۆشیەکەی کە بووبووە خەمی سەرەکی خێزانەکەی ، هەر لەوێ بە چاوی خۆی ژیانی سەخت و دژواری گروپە هیندییەکانی بینی و خۆشی بە دەست کەم خۆراکی و سەرکوتکردن دەینالاند ، دواتر وەك خۆبەخشێك دەستی دایە ئەزمونی پزیشکی لەگەڵ کرێکارانی یەکێك لە کانە خەڵوزەکان ، هەر ئەمەش بووە هۆی ناوزەدکردنی بە یەکێك لە پزیشکانی پێست سووری ئەوروپییەکان لە سەدەی نۆزدەدا ، کە لایەنگری لە ڕێچکە کۆمەڵایەتییە شۆڕشگێڕیەکان دەکرد.



## گیڤارا.. و شکاری پەپولەکان بەگواتیمالا :

لە ساڵی (١٩٥٣) دا لە دوای وەرگرتنی مۆڵەتە پزیشکییەکەی گەشتی دووەمی بۆ گواتیمالا دەستپێکرد ، سەرۆکی وڵاتەکەی پشتگیری خۆی بۆ دووپاتکردەوە ، کە ئەو کاتانە هەوڵی چاکسازی ئەدا ، بەڵام لە لایەن دەستێوەردانەکانی دەزگای هەواڵگری ئەمریکا شکستی پێ هێنرا ، ئەمەش بووە هۆی دروستبوونی شۆڕشێکی جەماوەری ، کە ئیدانەی ئەو دەست تێوەردانەی کرد و مەحکومی کرد ، بەمەش کوژرانی نۆ هەزار کەسی لێکەوتەوە ، لێرەدا ئەم پزیشکە خۆبەخشە خوی دایە ئارەزووەکانی سەردەمی منالی هەر لە وێنەگرتن و ڕاوکردنی پەپولەکان ، ئەمەش گوتیە یەکێتی " تەنها نەتەوە چەك لە ئامێز گرتووەکان دەتوانن شتی باش و ژیانی باشتر و بەختەوەر بێننەکایەوە". گیڤارا لە ساڵی ( ١٩٥٥) دا چاوی بە کچە تێکۆشەری چەپڕەو (هیلدا) کەوت لە (پیرۆن) لە گواتیمالادا ، پاشان لەگەڵ (هیلدا) خێزانیان پێکەوەناوە ، کچێکی لە (هیلدا) بوو ، سەیرش لەوەدایە بۆ یەکەمجار گیڤارا لە ڕێگەی (هیلدا) وە ئاشنابوو بە هەندێ (کلاسیکاتی مارکس) ، سەرەڕای خوێندنەوەیەك لە بارەی (لینین و ترۆتسکی و ماو).

**گیڤارا.. و فیدڵ کاسترۆ لە مەکسیك :**

هەر لە دوای ڕووخانی حکومەتەکەی گواتیمالا ، گیڤارا ئەو وڵاتەی بەجێهێشت لەگەڵ (هیلدا) ی خێزانی ڕۆشتنە مەکسیك ، کە ئەو سەردەمە مەکسیك بوو بە پەناگەی شۆڕشگێڕان لە ئەمریکای لاتیندا.

هەڵگیرسانی کودەتای سەربازی لە کوبا لە (١٠ مارسی ١٩٥٢) دا ، بووەهۆی ئاشنابوونی گیڤارا بە (فیدڵ کاسترۆ) ، کە لە یادگاریەکانیدا ئەمە بە زەقی دیارە وەك دەیگێڕێتەوە: " فیدڵ کاسترۆ هات بۆ مەکسیك بە دوای خاکێکی ئازادا دەگەڕا لە پێناو زەمینەسازی بۆ پیاوەکانی بۆ ئیشێکی یەکلاکەرەوە" ، بەمشێوەیە هەردووکیان بە یەکتر ئاشنابوون ، کاسترۆ دڵنیایی کردەوە ، کە ئەو بۆ خۆی لە ئازادیخوازانە و ڕزگاریخوازانە . گیڤاراش بە بەردەوامی ئەم وتەیەی دووبارە دەکردەوە "ڕزگارکەر بوونی نییە ، گەلان تەنها بۆ خۆیان دەتوانن خۆیان ڕزگاربکەن" هەردووش هاوڕابوون لەسەر ئەم دروشمە " ئیتر با بەس بێ گریان ، سەر لە نوێ بزوتنەوەی چەکداری دەست پێبکاتەوە".

**خۆشەویستیەکی دیدیانە بۆ نیشتمان !!**

پاشان گیڤارا ڕۆشتە کوبا ، ئینجا لەگەڵ هەشت کەس لە هاوسەنگەرەکانی یەکەمین هێرشی کردەسەر حکومەت ،



بەمەش حەفتا کەسیان بوو بە قوربانی و دە کەسی لەگەڵدا مایەوە ، لەوانە کاسترۆ و براکەی (ڕائوڵ) و گیڤارا ، بەڵام سەرەڕای شکستهێنانی هێرشەکەیان لایەنگری زۆریان پەیداکرد بەتایبەت لە ناوچە دوورە دەستەکان و گوندنشینەکان ، پاش ئەمە بۆ ماوەی دوو ساڵ دەستیان دایە شەڕی پارتیزانی تاوەکو سەرئەنجام توانیان (هاڤانا)ی پایتەخت ڕزگاربکەن ، پاشان لە یەنایەری (١٩٥٩)دا توانیان بە تەواوەتی سەرکەون بەسەر فەرمانڕەوایی دیکتاتۆریەتی (باتیستا) ، هەر لەو کاتەشدا گیڤارا نازناوی (تچی) بەدەستهێنا بەمانای هاوڕێی تەفەنگ ، دواتر گیڤارا لەگەڵ (ئەلیدە مارش) خێزانیان پێکەوەنا ، لەم خێزانەشی چوار کوڕی هەبوو ، پاش جیابوونەوەی لە خێزانی یەکەمی.

(تیچی گیڤارا) گەشتە بەرزترین پلەی سەربازی (فەرماندە) ، دواتر لە دوای دامەزراندنی حکومەتێکی نوێ ، بە سەرکردایەتی (فیدڵ کاستروگیڤارا) بە دووەم کەس ناوەزەد دەکرێت ، جاروباریش ئەم پۆستانەی وەرگرتووە ، وەك:

- سەفیری نێردراو بۆ ستافە نێو دەوڵەتییە باڵاکان.
- ڕێکخەری میلیشیا.
- سەرۆکی بانکی ناوەندی.
- بەرپرسی پلاندانان و وەزیری پیشەسازی.



سەرەڕای وەرگرتنی ئەم پۆستانە ، (تیچی گیڤارا) توانی بەرەنگاری دەستێوەردانی ئەمەریکا بێتەوە ، ئەویش بە یەك دەنگی لەگەڵ کاسترۆدا بڕیاریاندا بە خۆماڵکردنی بەرژەوەندییەکانی وڵات ، بە ئەمەش ئەمەریکا ناچاربوو ئابڵوقەی ئابووری سەپاند بەسەر کوبادا ، هەر بۆیە کوبا هێدی نزیکبوویەوە لە یەکێتی سۆڤیەتی ئەو دەمە ، هەروەها پشتگیری خۆشی بۆ ئازادیخوازانی هەریەك لە ( چیلی و ڤێتنام و جەزائیر) دووپاتکردەوە.

**گیڤارا و... شۆڕشی چەکداری :**

سەرەڕای بوونی پەیوەندییەکی توندوتۆڵ لە نێوان گیڤارا و کاسترۆدا ، بەڵام پاش ماوەیەك جیاوازی کەوتە بیروبۆچونیانەوە ، کاسترۆ بووە لایەنگرێکی سەرسەختی یەکێتی سۆڤیەت ، هەربۆیە دەست بەجێ کەوتە سەرزەنشت و ڕەخنەگرتن لە وڵاتە سۆسیالیستەکان . گیڤاراش هەستا بە بەرەنگاربوونەوەی هەموو ئەو گەندەڵیانەی سەرکردایەتی شۆڕشی ئەو دەمە پێی هەستا ، چونکە گیڤارا ئەو ئیشە بە پێچەوانەی بردەبەر کۆنگۆی دیموکراتی و نامەیەکی نارد بۆ فیدڵ کاسترۆ لە ئۆکتۆبەری (١٩٦٥)دا تیایدا ڕوونی کردەوە ، کە دەستبەرداری هەموو بەرپرسیارییەتێك دەبێتەوە وەك سەرکردایەتی حیزب و



پۆستەکەی وەك وەزیر و پلە سەربازییەکەی وەك فەرماندە و هەڵوێستی وەك کۆبییەك ، هەرچەندە ئەو نکوڵی لە بوونی پەیوەندییەکی سروشتی نەکرد ، کە ناتوانرێت بە کاغەزی فەرمی بەسەریدا زاڵبێت ، خۆشەویستی خۆشی بۆ کاسترۆ و کوبا دەربڕی و دڵسۆزی بۆ خەباتی هاوبەش ڕاگەیاند.

پاشان (تیچی گیڤارا) ڕووی کردە ئەفریقا و پشتگیری خۆی بۆ بزاڤە ئازادیخوازەکان دەربڕی و بوو بە سەرکردەی (١٢٥) کوبی لەوێ ، بەڵام ئەزموونی ئەفریقا شکستی خوارد ، ئەوەش چەند هۆیەکی هەیە ، لەوانە بەهۆی نەبوونی هاوکاری و هەماهەنگی لەگەڵ سەرکردەی شۆڕشە ئەفریقیەکان و جیاوازی کەش و هەوا و زمانیش یەکێکی تر بوو لەو هۆکارانە ، یەکێك لە نەخۆشخانەکانی پراگ بە مەبەستی چارەسەرکردن هاوکات کاسترۆش لە نەخۆشخانە سەردانی کرد و داوای لێکرد بگەڕێتەوە بۆ کوبا.

**شانەی دەمانچە و خامەکان.. هەموویان فیشەکێ :**

گیڤارا لە دوای مانەوەیەکی کورت خایەن لە کوبا کە لە ئەفریقیاوە گەڕایەوە ، پاشان ڕوویکردە پۆلیڤیا ، ئەوەش لەوانەیە بە هۆی بوونی ڕێژەیەکی زۆر لە دانیشتوانی هندی بوو بێت لەو کیشوەرەدا . پڕۆژەی (تیچی) لە پۆلیڤیادا

دروستکردنی بزوتنەوەیەکی چەکداری پۆلیڤی نەبوو ، بەڵکو زەمینە سازکردنبوو ، بە مەبەستی یەکخستنەوەی ڕیزەکانی بزوتنەوە ئازادیخوازەکانی ئەمەریکای لاتینی ، بە ئامانجی بەرەنگاربوونەوەی چاوتێبڕینی ئیمپریالیستی ئەمەریکا بوو بەو کیشوەرە ، بەم مەبەستە (تیچی) هەستا بە سەرکردایەتی کردنی کۆمەڵێك لە پارتیزانەکان ، هەرلە ماوەی نێوان (٧ ی نۆڤەمبەری ١٩٦٦) و (٧ ی ئۆکتۆبەری ١٩٧٦) دا ، گیڤارا هەستا بە نووسینی نامیلکەی (ڕۆژانی جەنگ) لە بارەی ئەم نامیلکەیە فیدڵ کاسترۆ دەگێڕێتەوە: "نووسینی نامیلکەی (ڕۆژانی جەنگ) هەمیشە گیڤارا بۆ خۆی دەینووسی ، لەوەتەی ڕۆژانی شۆڕشی کوبا پێکەوەبووین ، کاتەکانی وچانی نێو دارستانەکانی تەرخانکردبوو بۆ نووسینی ئەو نامیلکەیە ، کە دەستی ئەدایە خامەکەی هەر ڕووداوێکی بە شیاو بزانیبایە تۆماری دەکرد لەو نامیلکەیەدا ، ئەم نامیلکەیە بە مەبەستی بڵاوکردنەوە نەنووسراوە ، بەڵکو ئەمە لە ساتەوەختە دەگمەنەکاندا نووسراوە، کە لە شەڕێکی پارتیزانی دەبووینەوە.



## ساتە وەختەکانی کۆتایی کە کەس تیایدا دەستگیرنەکرا :

لە ڕۆژی (٨ ی ئۆکتۆبەری ١٩٦٧)دا هێزێکی سەربازی حکومەتی پۆلیڤی کە پێکهاتبوو لە (١٥٠٠ ) کەس ، هێرشیان بردەسەر کۆمەڵەکەی گیڤارا ، کە لە (١٦) کەس پێکهاتبوون لە شیوێکی ئەو ناوچەیەدا خۆیان حەشاردابوو ، گیڤارا و هاوڕێکانی توانیان بۆ شەش سەعاتی تەواو شەڕبکەن لەگەڵ ئەو هێزەدا ، شایانی باسە ئەم شتێکی زۆر زەحمەتە و دەگمەنە نە لە شەڕی پارتیزانیدا لە ناوچەیەکی وشك و تەخت ، تەنانەت پەیوەندیکردن بە یەکترەوە زۆر زەحمەت بوو ، (تیچی گیڤارا) بێ کۆڵدان شەڕی کرد ، تەنانەت دوای کوژرانی هەموو هاوڕێ و هاوسەنگەرەکانی ، هەرچەندە پێیەکی توشی پێکانبوو ، هەتا وەکو تفەنگەکی تێکشکاو هەموو فیشەکی دەمانچەکەی تەواوکرد و کۆڵی نەدا ، سەرئەنجام دەستگیرکرا ، دواتر (تیچی) یان گواستەوە بۆ گوندی (لاهیجیراس) بۆ ماوەی (٢٤) سەعات مایەوە ، بەبێ ئەوەی وشەیەك بدرکێنێت ، پاشان ئەفسەری ڕیزکردن (ماریو تیران) لە قوتابخانەی گوندەکە فەرمانی هەردوو ئەفسەری خۆی (میچیل ئایۆدوا) و (ئەندرێس سیلنیش)ی "ماریۆ" بۆ یەکەمجار کە ڕۆشتنە سەری دوودڵ بوو ، بەڵام (تیچی) پێی وت بیتەقێنە ، مەترسە ، تۆ تەنها پیاوێك دەکوژی و هیچی تر ، بەڵام نەیتوانی دواتر لەدوای بیستنی فەرمانی هەردوو



ئەفسەرەکەی سەرلەنوێ ڕۆشتەوە سەری و لە ناوقەد و کەمەری بەرەو خوار بەر فیشەکی دا ، بەبێ ئەوەی فیشەك ئاراستەی دڵ و سەری بگرێت ، بۆئەوەی ماوەیەك بە ئازار و برینەوە بتلێتەوە ، هەتاوەکو دواجار چاوڕەشێکی سەرخۆشی هاتەسەر و فیشەکێکی ئاراستەی دڵی گیڤارا کرد و کۆتایی بە ژیانی هێنا ، دەستەڵاتدارانی پۆلیڤیاش ڕازی نەبوون ، کە تەرمەکەی بدرێتە براکەی بینێژێ و ڕێگەشیان نەدا کەس بە شوێنی ناشتنەکەی بزانێ ، بۆئەوەی نەبێتە مەزارگەی شۆڕشگێڕانی سەرانسەری جیهان.

## گیڤارا لە ڕوانگەی فەیلەسوف و بیریاران :

(ژان پۆڵ سارتەر و سمون دی بیڤوا) گیڤارا بە گیانێکی زیندووی جیهانە نموونەییەکەی خۆیان دەزانن ، کە ئەمە بوونی نییە ، جگە لە ئایدیایە فەلسەفەکەی ئەوان نەبێت ، لەلایەکی تر چەپڕەوەکان بە لاپەڕەیەکی گەش و پرشنگداری دەبینن لە مێژووی پڕ لە شکست و هەڵەی خۆیان و بە ئەفسانەیەکیش کە ناکرێ دووبارەبێتەوە لەسەر ئاستی سیاسی سەربازیدا ، بەوەك لەم وتە جوانەیدا ڕەنگی داوەتەوە ، سەبارەت بە هەموو تێکۆشەر و باوەڕدار بە پرانسیپێك سەرەڕای بوونی جیاوازی بیروبۆچوون (ڕوانگە) ، گیڤارا دەڵێت "هیچ کەس



ناتوانێت دڵنیا بێت لەوەی کەشتێك هەیە بۆی دەژی ، مەگەر ئامادە بێت ژیانی بەختکا لە پێناویدا".

## نیشانەکانی پرسیار؟؟

گیڤارای پزیشك و شاعیر و ژەنیاری گیتار و شۆڕشگێڕ و وێنەگری فۆتۆگرافی و شکارچی پەپولەکان و مرد و بە دوای خۆیدا پرسیاری زۆری جێهێشت ، زۆر کەس وای دەبینن ، هەروا بە ئاسانی ناتوانرێت وەڵامبدرێتەوە ، تاوەکو ئێستاش مەسەلەی ناوهێنان و باسلێکردنی بە (تیچی) یەك لاو ڕوون نەبوەتەوە ، ئایا مەبەست لە وێنەکێشی تۆمەتبار (بۆستۆس) کە زیاد لە (٣٠) ساڵ لە سوید لە ژیانی تاراوگە دەژیا یان مەبەست لە (دۆبری) بیریاری چەپڕەو بوو.. هیچ کەس نازانێت . وەك چۆن هیچ کەس بە شوێنی ناشتنی ڕاستەقینەی (تیچی) نازانێت ، بەڵام لێرەدا ڕاستییەك هەیە ، کە شایەنی لەبەرچاو گرتنە ، ئەوەش ئەوەیە کە گیڤارا خاوەنی لەشێك بوو ، کە نەخۆشی تەنگە نەفەسی بیبەزێنێ ، بەڵکو دیکتاتۆرییەت بووەهۆی کوشتنی ، بەڵام بەبێ گومان هەموو ئەمانە شکستیان هێنا لە بەزاندنی گیانی (ڕۆحی) گیڤارا..

# شیعر و ڕۆڵی لەپشت ڕاستکردنەوەی ڕووداوە مێژووییەکاندا

نووسینی/ هیوا غەفار

شیعر بەو واتایەی کە شێوازێکی ئەدەبی ڕەسەنە و لەدێر زەمانەوە ڕەگ و ڕیشەیەکی قووڵی لەژیانی مرۆڤایەتیدا داکوتاوە ، توانیویەتی وشە بە وشە و هەنگاو بە هەنگاو بچێتە بنج و بناوانی دیاردە و ڕووداوە مێژووییەکانەوە و بەشێوەیەکی زۆر پاراو و هونەریانە تەعبیریان لێبکات و لێکیان بداتەوە.

بۆیە بێگومان شیعر بەشێوەیەك لەشێوەکان چالاکییەکی بیرومێشکی مرۆڤ بووە ، بۆ بەرجەستەکردنی ئەو هەست و سۆز و خەیاڵ و ئەندێشەیەی کە شاعیر لەگەڵیدا دەژی و مانەوەی ئەم حاڵەتە بەبێ دەربڕینی شاعیر دووچاری هەستکردن بە نیگەرانی و ڕاڕایی دەکەن و بۆ ڕزگاربوون لەو حاڵەتە شیعر وەك حاڵەتێکی دەربڕین هاتووەتەکایەوە . شتێکی ئاشکرایە ، کە نەتەوە دێرینەکان بەچاوێکی تایبەتەوە تەماشای شیعریان کردووە و شاعیرانیان لەخەڵکانی تر جیاکردووەتەوە و جێگا و پلەوپایەیەکی بەرزیان بۆ داناون ، ئەمەش لەبەر ئەو



کاریگەرییە سەیرەی کە شیعر هەیەتی لەسەر دڵ و دەروونی مرۆڤ ، کە بەهەر شێوەیەك بیەوێت باری دەروون دەگۆڕێت لەنێوان خۆشی و خەم و شادی و ڕق و خۆشەویستی.. تاد. ئەمەش وای کردووە ، کە شیعر بەلای فەیلەسوفان و زانایان و کۆمەڵناسەکانەوە جێی سەرنج بێت و بەشێوازی جیاجیا لێی بڕوانن و پێناسەی جیاوازی بۆ دابنێن ، هەروەك (ئەفلاتۆن) فەیلەسوفی یۆنان شیعری بەگشتی بەلاوە خراپ بووە ، چونکە وای دەبینیٚ کە شاعیر ئەو لایەنە دەردەبڕیٚ ، کە خەڵك هەستی پێدەکەن و سەرناکەون بۆ ئەو جیهانەی کە لەسەرووی هەستەکانەوەیە ، کە ئەفلاتۆن بەجیهانی ئایدیا ناوی دەبات و بە بارەگای نموونەی بەرزی هەموو ڕاستی شتەکان دایدەنێت ، ئەو لایەنانەی کە شاعیریش دەری دەبڕێت بەدەنگدانەوەیەکی ڕاستی و شتەکانی جیهانی ئایدیای دادەنیٚ ، بەڵام لەهەمان کاتدا شیعری ویژدانی بەلاوە گرنگ بووە و بە باشتری دەزانی ، چونکە وای دادەنا کە ڕاستەوخۆ باسی قارەمانێتی پاڵەوانەکان دەکات ، لەگەڵ ئەوەشدا شیعری کۆمیدی و تراژیدی بەلاوە خراپ بووە ، وای هەستدەکرد ، کە کاریگەرییەکی خراپیان بەسەر ئاکارەوە هەیە و لایەنە لاوازەکانی دەروونی مرۆڤ دەردەخەن و هەندێك جاریش لەو بەرهەمانەدا شەڕخوازی بەسەر خێرخوازیدا سەردەکەوێت.



بەڵام لەهەمان کاتدا (ئەرستۆ)ش کە فەیلەسوفێکی یۆنانە ، شیعری بەلاوە باش بووە ، ئەمەش لەدوو ڕوانگەوە بووە ، کە یەکەمیان بەو پێیەی لاساییکردنەوەی سروشتە لەئاشکراکردنی ڕاستییەکان و هەروەها شێوازێکە لەشێوازەکانی ئەپستمۆلۆژیا (تیۆری زانین) ، دووەمیان ئەو کاریگەرییەی کە شیعر لەڕووی ئاکارەوە دەیکاتەسەر کەسایەتی مرۆڤ. هەروەها (سەلیم بەرەکات) کە ڕۆماننووسێکی کوردی سوریایە دەڵیٚ: ((شیعر کێڵگەی مەعریفەی گەلێکە ، واتە هەموو مەعریفەیەکی تێدا دەچێنریٚ و دەڕویٚ)) ، لەگەڵ ئەوەشدا (جۆرج لۆکاش) وەك کۆمەڵناسێك دەڵیٚ: ((شیعر منداڵی سروشتە)) ، واتە شیعر لەمنداڵدانی سروشت لەدایکبووە ، بەڵام کۆمەڵناسان بەگشتی دەڵێن: ((شیعر دەزگایەکی کۆمەڵایەتییە ، کە کەرەستەکەی زمانە و دروستکراوی کۆمەڵە ، هەموو شێوازە ئەدەبییەکانی وەکو ڕەمزیەت و عەرووزەکان لەناخی کۆمەڵەوە دروست دەبن و ئەوانەش تەنها لەکۆمەڵدا دەبینرێن)).

ئەوەی شایانی باسە شیعر بەو پێیەی کە ژانەرێکی (ڕەگەزێکی) کارتێکەر و کارتێکراو بووە ، بۆیە لەگەڵ ئەو گۆڕان و جوڵانەی کە بەسەر جیهانی ئەدەبدا بەگشتی هاتووە ، ئەمیش لەجێگای خۆی گۆڕاوە و گەشەی سەندووە و لەگەڵ ئەو قوتابخانە ئەدەبیانەی کە بەدرێژایی سەردەمە



مێژووییەکان هاتوونەتەکایەوە گۆڕاوە و ڕەنگ و بۆن و بەرامی ئەو قوتابخانانەی بەخۆوە وەرگرتووە ، وەك قوتابخانەکانی کلاسیکی و ڕۆمانسیزم و ڕیالیزم....تاد.

لەڕاستیدا شیعر بەحوکمی ئەوەی لەجیهانێکی قووڵ و بەرفراوانە ، لەکۆندا دەورێکی کاریگەر و بەرچاوی هەبووە لەو چوارچێوەیە چووەتە دەرەوە ، کە لایەنگرانی تیۆری ((هونەر بۆ هونەر)) بانگەشەی بۆ دەکەن ، کە باوەڕیان وایە شیعر وەسیلە نییە و ئامانجە ، واتە وادادەنێن کە جوانی ئامانجی تەواوی هونەرە ، نەوەك هونەر ڕەنگدانەوەی واقیع و کێشە و گرفتەکانی کۆمەڵ بێت ، هەروەها هونەرمەند بە کەسێکی تاك و تەرا دادەنێن لەکۆمەڵدا ، کە وەك سۆفییەك لەپەرستگای جوانیدا لەسەرووی ژیان و ڕووداوەکانییەوە وەستا بێت و هونەرەکەی پاکانە بۆ هەموو ڕەوشت و هەڵوێستێکی بکات ، هەروەك (تیوفیل نموتییە) کە لایەنگیری ئەو تیۆرەیە دەڵیٚ: ((ئێمە باوەڕمان بە سەربەخۆیی هونەر هەیە ، هونەر لای ئێمە ئامرازێك نییە ، بەڵکو ئامانجە ، هەر هونەرمەندێك لەگەیشتن بەجوانی بەو لاوە هیچ ئامانجێکی دیکەی هەبێت ، بەهونەرمەند ناژمێردرێت)) ، بەپێچەوانەی ئەم تیۆرەش هونەرمەند ((ئەحمەد سالار)) دەڵیٚ: ((سیاسەت هونەرە و هونەریش سیاسەتە ، ئەگەر هونەرێك بیروباوەڕ و فەلسەفەی لەگەڵدا

نەبێ و زەمینەی سەرەکی نەبێ ، هەرگیز ئەو هونەرە بالا نابێ ، واتە زەمینە فیکری و ئایدۆلۆژییەکە و ئەو زەمینە فەلسەفییە شتێکی پێویستە ، هەر هونەرمەندێك خۆی لەسەر ئەم زەمینە نەبینێتەوە بەروبوومی نابێ ، وەك ئەو درەختەی گەر ڕەگی نەبێ ، لەکوێ چاوەڕوانی بەروبوومی لێدەکرێت)).

ئەمەش دەمانگەڕێنێتەوە بۆ ئەو تیۆرەی کە دەڵێ: ((هونەر بۆ ژیان)) ، بۆیە دەتوانین بڵێین کە شیعر لەکۆنەوە تاوەکو ئەمڕۆ کەم و زۆر ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لەڕۆشنایی خستنەسەر ڕووداوە مێژووییەکان و دەرخستنی ڕاستییەکان ، چونکە شیعر لەکۆندا چالاکییەکی پڕ بایەخی مرۆڤایەتی بووە و زۆربەی ڕووداوەکانی کۆن لەدوو توێی شیعردا دەربڕاون و بە لایەنێکی پیرۆز سەیریان کردووە ، چونکە لەکۆندا باوەڕیان وابوو ، کە شیعر ئیلهامە و لەلایەن خواوە بەخشراوە بە شاعیر ، هەموو ئەمانە و بوونی گەلانی بندەست و چەشتنی ئازار و ئەشکەنجە و چەوسانەوەی زۆر لەلایەن گەلانی سەردەستە و نەبوونی مێژوونووس و یاخود کەمی ئەو کەسایەتییانە و ڕێگەنەدانی گەلانی سەردەست ، کە گەلانی بندەست مێژووی خۆیان بنووسنەوە و تۆماری بکەن ، لەم هەلومەرجەدا شیعر توانیویەتی ئەو بۆشاییە پڕبکاتەوە و ببێتە وەلامدەرەوەی زۆربەی زۆری ئەو پرسیارانەی کە لەئێستا و داهاتوودا ڕووبەڕووی



مێژوونووسان و لێکۆڵەرەوانی بواری ژیانی گەلان دەبنەوە ، بۆیە مامۆستا (سیاپۆش) لەم بارەیەوە دەڵێ: ((شیعر چرایەکە ڕێی ژیانمان بۆ ڕۆشن دەکاتەوە و یارمەتیمان ئەدات لەدۆزینەوەی حەقیقەتا)) ، تەنانەت شاعیرێکی کوردی وەك (ئەسیر)یش ویستوویەتی ئەم ڕۆڵە گرنگەی شیعر تۆختر بکاتەوە و داوا لەشاعیران دەکات ، کە شیعرەکانیان گوزارشت لەڕووداوە مێژووییەکان بێت ، ئەمەش بۆ ئەوەی ڕۆڵەکانی گەلی کوردی پێ ئاشنا بکەن و بیری نەتەوەییان لا چەکەرە بکات ، بۆنموونە لەپارچە شیعرێکیدا دەڵێت:

**شیعری تەئریخی بڵێ بۆ ئینتیباهی میللەتت**
**مورشیدی عیلم و مەعاریف بە ، ئەگەر عەقڵت هەیە**
**ناوی (هۆمێر) چەند هەزار ساڵە لەیۆنان باقییە**

شیعری تەئریخی ئەگوت ، وەك ئەو بە ، گەر زەوقت هەیە

وە لەگرنگترین ئەو ڕووداوە مێژووییانەی کە شیعر ڕۆڵی تیادا هەبووە و ساغی کردوونەتەوە ، بەشێوەیەك ئەگەر شیعر نەبووایە نەماندەزانی لەکێوە باسی لێوەبکەین و چی لەسەر بدرکێنین ، سەرکردەی کورد (ئەبو موسلمی خۆراسانی) کە لەناوچەی خۆراسان ڕۆڵێکی گەورەی هەبووە لەکۆتایی هێنان بەخەلافەتی ئومەوی و هاتنەسەر کاری خەلافەتی عەباسی ، کە دواتریش لەلایەن خەلیفە منسوری عەباسییەوە کۆتایی



بەژیانی هێنراوە ، هەر لەخۆڕا و بێ بەڵگە وا باسکراوە ، کە سەرکردەیەکی فارس بووە ، بەلام (ئەبودولامە)ی شاعیری عەرەب لەپارچە شیعرێکیدا ئەم باسە یەکلادەکاتەوە و دەڵێ: ((آبا مجرم أفي دولة المنصور حاولت غدرها لا - ان أهل الغدر أبائك الكورد)) ، واتە ئەی باوکی تاوانبار ئایا لەدەوڵەتی منسوردا هەوڵی ئەوەت داوە غەدری لێبکەی – ئاگادار بە و بێگومان خەڵکی غەدار باوکە کوردەکانتە ، ئەمەش تاکە بەڵگەیە بەدەست مێژوونووسانەوە بۆ ناسینی کەسایەتی ئەبو موسلیم ، کە دەیسەلمێنێ کوردە.

ڕووداوێکی تری گرنگ کە جێگەی سەرنجە ئایینی زەردەشتە ، کە لەزۆر کۆنەوە مشتومڕێکی زۆری لەسەرە لەنێوان مێژوونووسان و ئایینناسان و زمانناسانەوە ، بەوەی کە ئایا ئایینی زەردەشتی ئایینێکی ئاسمانییە یاخود ئایینێکە دەستکردی مرۆڤە وە لەهەمان کاتدا ئایا ئەو زمانەی کە پێی نووسراوەتەوە زمانی فارسییە یاخود زمانی کوردییە ، لەمیانەی ئەم پرسیارانەدا قانعی شاعیر لەدیوانی (شاخی هەورامان)دا ئەم مەسەلەیە بەمجۆرە ڕووندەکاتەوە و زۆر بەجوانی هۆنیویەتییەوە ، کە دەڵێ:

**کتێبی زەردەشت کە ئاوێستایە**
**وەك باقی کتێب خەڵاتی خوایە**
**بەزوان هەورامی هاتە سەر بەشەر**



**یانێ های زەردەشت بوو بەپێغەمبەر**

لەکۆتایی باسەکەدا دەکرێت بڵێین شیعر بووەتە هۆی ڕەوینەوەی زۆربەی زۆری ئەو تەمومژ و تەڵخییەی کە سەردەمانێك بوو ئاسمانی مێژووی ژیانی گەلانی کۆنی داپۆشیبوو ، شانبەشانی ئەوەش بووبووە ئاو ڕۆشنکەرەوەی چاوی گەلان لە ڕوانینیان بۆ هەردیاردە و ڕووداوێکی مێژوویی.

**ئەو سەرچاوانەی کە سوودم لێوەرگرتوون :**


١- توێژینەوەیەك سەبارەت بەچامەی جەلالدی (بەختیار عەلی) ، نووسینی: ماجد نوری قادر.
٢- سۆسیۆلۆژیای شیعری کوردی لەڕووی پێوەرە ئاکارییەکانیەوە ، نووسینی: ئازاد عبدول واحد کەریم.
٣- ڕەخنەسازی (مێژوو پەیڕەوکردن) ، نووسینی: د.کامل حسن بەسیر.
٤- جەهالەتی ئیسلام و دونیای هاوچەرخ ، نووسینی: ئارام ڕەشید.
٥- گۆڤاری جەماوەر ، ژمارەکانی (٧٤-٧٥).
٦- گۆڤاری ڕامان ، ژمارە (٢٦).
٧- ڕۆژنامەی خەبات ، ژمارە (٢١٣٣).

# خوێندنەوەیەکی تر بۆ شیعرەکانی بێدار (١٨٩٤ ـ ١٩٤٩)



فەرهاد قادر کەریم

بێدار یەکێکە لەو شاعیرانەی گوڕوتینێکیان بەخشیووەتە شیعری کلاسیکی کوردی لەناوچەی گەرمیاندا و نەیانهێشتووە ئەم دەڤەرە لە کاروانە شیعرییەکەی ئەو قۆناغەی ئەدەبی کوردی دوابکەوێت ، ئەوەی تائێستا لەسەر ئەم شاعیرە نووسراوە چەند وتار و لێکۆڵینەوەیەکی کەمە ، کە هەر هەمووی لەگەڵ ئەو (١٦) دەقە شیعرییەی شاعیردا لە پەرتووکێکدا بەناوی (بەشێك لە دیوانی شێخ بابا عەلی - بێدار- )لە ساڵی (٢٠٠٣ ) دا چاپکراوە.



ئەوەی من لێرەدا دەمەوێ بیخەمەڕوو چەند سەرنج و تێبینییەکە لەسەر ئەزموون و قۆناغە شیعرییەکانی ئەم شاعیرەمان ، بۆ ئەو مەبەستەش زیاتر ئاوڕم لە ڕاکانی مامۆستا (برایم باجەلان) داوەتەوە ، کە لەو پەرتووکەدا خستوونیەڕوو[١] .

مامۆستا برایم لە بارەی شیعرەکانی بێدارەوە دەڵێت: ((ناوەڕۆك و ڕووخساری هۆنراوەکانی بێدار بەپێی کات و شوێن گۆڕانێکی زۆری بەخۆوە دیوە ، بۆیە دەتوانین هۆنراوەکانی بکەین بە دوو بەشەوە))[٢] ، بە بڕوای ناوبراو بەشی یەکەمی شیعرەکانی شاعیر ((ئەو هۆنراوانەیە کە لە دەوروبەری جەنگی جیهانی یەکەمدا داینــاون ، ئەمە بەسەرەتای شیعری دەژمێردرێت))[٣] و بەشی دووەمی شیعرەکانیشی ئەو شیعرانەن کە ((لە سەرەتای جەنگی جیهانی دووەمەوە دەست پێدەکات تا ئەو ڕۆژەی ماڵئاوایی لە گەلی کوردستان کرد.))[٤]

سەرەتا دەمەوێت بڵێم جیاکردنەوەی قۆناغ بەپێی کات بۆ شیعرەکانی بێدار هەروا کارێکی ئاسان و زانستی نییە ، چونکە:

١- سەرجەم شیعرەکانی شاعیرمان لەبەردەستدا نییە ، تاکو لەڕووی ڕووخسار و ناوەڕۆکەوە بڕیار لەسەر جیاکردنەوەی ئەو قۆناغانە بدەین.

٢- ئەو شیعرانەشی کە لەبەردەستدایە ، بەتەواوی بەروار و ساڵی نووسینیان نازانین ، تاکو ڕێگەی جیاکردنەوەی ئەو



قۆناغانەمان بۆ ئاسان بکەن ، ئەمە سەرباری ئەوەی بەتەواوی سەرەتای دەست بەشیعر نووسینی بێدار نازانین ، چونکە لەلایەکەوە مامۆستا برایم دەڵێت:(کە تەمەنی دەگاتە دوازدە ساڵان - واتە بێدار - باوکی ڕەوانەی خانەقینی دەکات و لای (شێخ ساڵحی مودەڕیس) دەست دەکات بەخوێندن و سەودای هۆنراوە و شیعر دانانی دەبێت ، لەپێشدا تەخمیس لەسەر غەزەلی (حافظ) دادەنێ.)[٥] ، واتە شاعیر لەتەمەنی (١٢) ساڵیدا هاوکات لەگەڵ چوونیدا بۆ خانەقی ، بە مەبەستی خوێندن بەرەو جیهانی شیعر نووسینیش هەنگاو دەنێت ، کە ئەمەش دەکاتە ساڵی (١٩٠٦) ، بەڵام ئەم سەرەتایە لەڕووی کاتەوە لەگەڵ ئەو بۆچوونەی ناوبراودا یەك ناگرێتەوە کە پێشتر خستمانەڕوو ، چونکە سەرەتای قۆناغی یەکەمی شیعرەکانی دەگەڕێتەوە بۆ ساڵانی دەوروبەری جەنگی جیهانی یەکەم ، کە وەکو ئاشکرایە ساڵانی (١٩١٤-١٩١٨) دەگرێتەوە.

لەگەڵ ئەو سەرنجانەشدا ناکرێ دەستەوەستان بوەستین و بەرانبەر شیعرەکانی شاعیر دەستەوئەژنۆ خۆمان ڕابگرین ، بەڵکو بەپێی توانا هەوڵی خوێندنەوەیان بدەین.

وەکو پێشتر وتمان لەبەرئەوەی ساڵی نووسینی شیعرەکانمان لەبەردەستدانییە ، ناتوانین ئەو ڕایە پەسەند بکەین و بەپێی ئەوکاتانە سنوور لەنێوان دەقە شیعریەکانی



شاعیردا دابنێین ، بەڵکو بۆ ئەو مەبەستەش زیاتر پشت بەهەردوو نازناوەکەی شاعیر کە (بابا) و (بێدار)ن دەبەستین ، کە یەکەمیان نازناوی یەکەمی شاعیرە و دووەمیشیان وەکو چەند نووسەرێکی تر دووپاتیان کردووەتەوە[٦] .

مامۆستای خواڵێخۆشبوو (ڕەفیق حیلمی)ی سەرۆکی حیزبی هیوا لەشاعیری ناوە ، واتە نازناوی (بێدار) لەهەمان کاتدا کە نازناوی شیعری شاعیربووە ، نازناوی سیاسیشی بووە لەڕیزەکانی حیزبی هیودا ، هەر ئەمەش بەرەو ئەوەمان دەبات ، بڵێن کەواتە ئەو شاعیرانەی کە (بێدار)یان تیادا هاتووە لەکۆتای سییەکان و سەرەتای چلەکانی سەدەی بیستەم کە حیزبی هیوا لە کۆڕی خەبات و سیاسەتدا بووە ، لەدایکبوون و بەپێچەوانەشەوە هەر ئەو شعرانەی کە (بابا)یان تێدا هاتووە لەساڵانی پێش ئەو قۆناغە لەدایکبوون ، لەکۆی ئەو (١٦) دەقە شیعرییەش کە لەو سەرچاوەیەدا کۆکراونەتەوە ، (٩) دەقیان نازناوی (بابا)یان تێدا هاتووە ، کە ئەوانیش دەقەکانی (چ بکەم ، فەلەك زەبوونم ، سەفەربەڵك ، عەشق ئازیز ، ئەم شەو ، لەگەڵ گەلدا ، هیجران ، لەوەڵامی بانگکردنی مامۆستا مەلا ئەحمەدی دەکەدا ، دەقێك بەزمانی فارسی).

ناوەڕۆکی ئەم دەقانەش (تەسەوف ، دڵداری ، سۆزێکی خۆشەویستانە بۆ مامۆستاکەیەتی) ، جگە لەدەقی (لەگەڵ

گەلدا)کەی کە تیایدا ڕەخنە لە گەلی کورد دەگرێ ، کە نەیتوانیوە وەکو گەلانی تر ببێتە خاوەنی ئازادی و قەوارەی سیاسی خۆی ، واتە تەنها ئەم دەقەیان بۆنی نیشتمان و نەتەوەی لێ دێ ، بەمەش لەگەڵ ڕاکەی مامۆستا برایم جیا دەبینەوە ، کە سەبارەت بەناوەڕۆکی بەشی یەکەمی شیعرەکانی شاعیر دەڵێت:((بەشی یەکەمی هۆنراوەکانی پڕە لە گلەیی و گازندە لە چارەنووسی ڕەشی گەلی کوردستان و بڕوای غەیبی و پاڕانەوە بۆ ڕزگاربوون لە زۆرداری))[7] ، جیاوازییەکەشمان لەوەدایە ، کە ئێمە ئەو ناوەڕۆکە (پڕ لە گلەیی و گازندە لە چارەنووسی ڕەشی گەلی کوردستان))ـە لەو شیعرانەیدا نابینین ، کە لەقۆناغی یەکەمدا نووسیونی ، بەڵکو زیاتر ناوەڕۆکەکانیان لەو چەشنە بابەتانەیە ، کە پێشتر سەرنجمان ئاڕاستەکرد.

هەرچی ناوەڕۆکی ئەو (٤) دەقەشێتی کە نازناوی (بێدار)یان تێدا هاتووە (قەومی کورد ، غەم بۆ کورد ، هاواری نیشتمان ، خۆشەویستی نیشتمان) ، ئەوا هەموویان هەروەکو لەناونیشانەکەیانەوە دیارە ، لێوالێون لە گیانی نیشتمانپەروەری و نەتەوایەتی ، هەر ئەمەشە مامۆستا برایمی بۆ ئەوە بردووە لەبارەی شیعرەکانی دواقۆناغی شاعیرەوە ( هەرچەندە وەکو پێشتر وتمان لەڕووی شێوازی پۆلێنکردنی شیعرەکانی شاعیرەوە لەگەڵیدا جیاوازین) بڵێت: ((لەم



شیعرانەدا پڕبەدەم بۆ خەبات لەپێناوی کوردستاندا هاواری دەکرد)[8] ، ئەم گیانە نەتەوەی و نیشتمانپەروەرییەی کە لەم شیعرانەیدا ڕەنگیان داوەتەوە ، تەنها ناگەڕێتەوە بۆ هۆکاری دەرەکی بەرپابوونی جەنگی دووەمی جیهانی ، کە مەسەلەی ئازادی و پێکهێنانی قەوارەیەکی سیاسی بۆ گەلانی ژێردەستە ، کە کوردیش یەکێك بوو لەو گەلانە بوو بەدیارترین دروشمی سیاسی ئەو قۆناغە ، بەڵکو هۆکارێکی خودیشی هەیە ، کە ئەویش پەیوەست بوونی بێدارە بەحیزبی هیوا ، کە یەکەم حیزبی ناسیونالیزمی کوردی بوو لەکوردستانی عیراقدا و لەپێناوی قەوارەیەکی سیاسی سەربەخۆ بۆ کورد خەباتی دەکرد.

لەو تەنیا دەقەیش (قسەی واعیز) کە هەردوو نازناوەکە (بابا ، بێدار)ی تێداهاتووە ، بەبڕوای ئێمە سەرەتای هەنگاو نانیەتی بەرەو قۆناغی دووەمی شیعرەکانی ، کە دەتوانین ناوی (قۆناغی سیاسی) لێ بنێین ، واتە سەرەتای وشیاربوونەوە و بە چاویلکەی سیاسەت تەماشاکردنیەتی بۆ واقیعە تاڵەکەی ئەو ڕۆژگارەی گەلەکەی ، خودی شاعیر خۆیشی پەشیمان بوونەوەی لەو تێڕوانینەی کە لەوەو پێش هەیبوو بۆ ژیان ڕادەگەیەنێ و ئەم وشیاربوونەوە بەئاگاهاتنەوەیەی خۆی لەئاست دۆزی تایبەتی گەلەکەی بە درەنگ وەخت پێناسە دەکات و دەڵێت:



**قسەی واعیز لەگوێ ناکەم ، لەرێی ژینا ونی کردم**
**بەحیلە چاوی بەستم ، گۆشەگیری قوژبنی کردم**
**لەخۆیەوە ژینی پشاندام ، چ ژینێ؟ ژینی حەیوانی!**
**لەدەرسی مەعریفەت خەو وخواردنی کردم**

**لەژێر بووم و پەیژەم دی ، کە دیم پێ پێ بەرەو ژوورە**
**کە تێفکریم بەوردی ڕانووەمای سەرکەوتنی کردم**
**بەسەرکەوتن کەخۆمم دی لە ریزی ئادەمیزادا**
**پەشیمانی لەمەو پێشم ئیشارەی مردنی کردم**
**لەوێدا ژینی ئینسانی کە (بێدار) بوو لەنەحواڵم**
**بەگورجی دەستی گرتم لۆمەیی دێرهاتنی کردم**

دەربارەی دوا دوو دەقیش (خودایە ،لایە لایە) کە هیچ یەکێك لە نازناوەکانیان تێدا نەهاتووە ، ئەوا هەر بەپێی ئەو پێوانەیەی کە بۆ جیاکردنەوەی قۆناغە شیعرییەکانی شاعیر دامانناوە ، دەتوانین بڵێن دەقی یەکەمیان هەمان ناوەڕۆکی سۆفیگەریانەی دەقە شیعرییەکانی قۆناغی پێش بە سیاسی بوونی بێداری هەیە ، بەڵام دەقی دووەمیان کە (لایەلایە)یەکی شاعیرە بۆ (ساڵح)ی کوڕی و ئاودراوە بەسۆزێکی نیشتمانیانە و نەتەوەییانەی زۆر بەرز و جوان خۆی لەریزی دەقە



شیعرییەکانی دواقۆناغی ژیانیدا دەبینێتەوە.

ماوەتەوە بڵێن هیواداریین ئەو دەقە شیعرییە زۆرانەی بێدار ، کە ئێستا ڕووناکی چاپکردن و بڵاوکردنەوەیان نەبینیووە و لەملاولەولا ماونەتەوە ، هەرچی زووە بکەونە بەردەست و بڵاوبکرێنەوە ، کە بێگومان ئەوکات هەموو نووسەرێك بۆچوونی تری لەلا گەڵاڵە دەبێ و دەشێتیش ئەم تێڕوانینانەی ئێمەش ئەوکات بەشێوەیەکی تر بکەوێتەوە.

## پەراوێزەکان

١- ئەو بۆچوونانەی مامۆستا برایم بۆ یەکەمجار لە ڕۆژنامە و گۆڤارەکانی ساڵانی حەفتاکانی سەدەی بیستدا بڵاوکراونەتەوە و یەکەم کەسە لەسەر شاعیری نووسیوە.

٢- بەشێك لە دیوانی شێخ بابا عەلی (بێدار) ، کۆکردنەوە و لێکدانەوە و فەرهەنگۆك: ئیبراهیم باجەلان ، چاپی یەکەم ، ٢٠٠٣ ، ل(١٤).

٣- سەرچاوەی پێشوو.

٤- سەرچاوەی پێشوو.

٥- سەرچوەی پێشوو ، ل(١٣).

٦- بڕوانە: سەرچاوەی پێشوو ، ل(٢٨) ، کە ڕای مامۆستا هیدایەت ئەحمەدە ، هەروەها لە ل(١٠٣)یشدا مامۆستا ئەحمەد باوەڕ ئەو ڕاستییەی دووپات کردووەتەوە.

٧- سەرچاوەی پێشوو ، ل(١٤).

٨- سەرچاوەی پێشوو ، ل(١٥).

# شیری دایک

وەرگێرانی لە ئینگلیزییەوە/ د. جەمال مەعروف
مەڵبەندی ڕاهێنانی منداڵانی سلێمانی



شیری دایك شلەیەكی یەكگرتووە ، لەشیری دەستكرد و گیانلەبەرانی تر جیاوازترە ، گەشەی مێشك لەدوو ساڵی یەكەمدا بەردەوام دەبێت ، لەبەرئەوە ئەو خۆراكانەی بۆ گەشەی مێشك گرنگن ، وەك (ئاسن) ئەگەر لەو ماوەیەدا كەم ببێتەوە ، ئەوا كاریگەری خراپ لەسەر مێشك دروستدەكات ، شیری دایك ئەو خۆراكە گرنگانەی تێدایە ، كە بۆ گەشەی مێشك پێویستن.



شیری دایك دەتوانێ هەموو پێداویستییەكانی كۆرپە ببەخشێت ، هەروەها بەهۆی بوونی خانە بەرگرییەكان كە لەشیری دەستكردا نییە ، كۆرپە لەمیكرۆب دەپارێزێت و لەنەخۆشی بەدوور دەبێت ، كۆمپانیاكانی شیر دروستكردن هەوڵی زۆردەدەن ، كە لاسایی شیری دایك بكەنەوە ، بەلام ناتوانن ئەم خاسیەتە بەرگرییەی پێ ببەخشن ، كۆمپانیاكانی شیر دروستكردن پروپاگەندە دەكەن ، گوایە بەرهەمەكانیان لەشیری دایك دەچێت ، بەلام بەدڵنیاییەوە ناتوانن لەشیری دایك نزیك ببنەوە.

دایكێكی تێر دەتوانێ بۆ ماوەی (٤-٦) مانگی تەمەن هەموو پێداویستییە خۆراكییەكانی كۆرپەیەكی تازە لەدایكبوو ببەخشێت و لەو ماوەیشدا كۆرپەكە پێویستی بەهیچ جۆرە خۆراكێكی زیادە نییە ، جگەلە ڤیتامین (كەی) كە پێویستە لەكاتی بووندا لەشێوەی دەرزیدا وەریبگرێت.

دایكی شیردەر دەتوانێ پێداویستییە خۆراكییەكانی (بەهۆی خواردنی دانەوێڵە ، سەوزە ، میوە ، گۆشت و بەرهەمەكانی ، هەروەها ماسی و بەروبوومەكانی شیر) ئامادە بكات ، دایكی شیردەر پێویستە ڕۆژانە دوو پەرداخ شیر وەربگرێت ، وەرگرتنی خۆراكی باش یارمەتی دروستبوونی شیر دەدات و زۆر لە كڕینی شیری دەستكرد ئاسانترە.



**پێكهاتووەكانی شیری دایك:**

پێكهاتووەكانی شیری مرۆڤ لەمەمكدا دروست نابن ، ئایا پەیوەندە بەخۆراكی دایكەكەوە؟

١- كاربۆهایدرات: كاربۆ هایدرات لەمەمكدا دروست دەبێت ، بەلام نەزانراوە خۆراكی دایك كاری تێدەكات یا نەخێر.

٢- چەوری: هەندێكی لەخۆراكی دایكەكە و هەندێكی تر لەچەوری لەشی دایكەكە و هەندەكەی تر لەمەمكدا دروست دەبێت ، شیری ئەو دایكانەی كە خۆراكی ڕووەكی دەخۆن ، جۆری چەورییەكەی دەچێتەوە سەر جۆری ڕۆنی ڕووەكیێ كە لە ڕۆنی گیانلەبەران بەسوودترە و بێ زیانە.

٣- پرۆتین: هەندێ جۆر لەپرۆتینەكانی خۆراكی دایك دەچێتە شیرەكەیەوە و لەوانەیە كۆرپەكە هەستیاری (حەساسیەتی) پێ هەبێت.

بەشێوەیەكی گشتی ئەگەر خۆراكی دایك باش بێت ، ئەوا پێدان و بەخشینی ڤیتامین هیچ كارێك لەئاستی شیری دایك ناكات ، لەوانەیە كەم خۆراكی دایك كار لەكۆرپەكە نەكات ، بەلام دەشێ لەم بارانەی خوارەوەدا كەمی پێكهاتووەكانی شیری دایك لەكۆرپەی نۆ مانگ و نۆ ڕۆژدا ڕوودەدات.

٤- ڤیتامینی (كەی): شیری دایك بەبڕی تەواو ڤیتامین (كەی) تێدا نییە ، لەبەرئەوە پێویستە هەموو كۆرپەیەك



لەكاتی بووندا ڤیتامین (كەی) وەربگرێت.

٥- یۆد: دایكانی شوێنە شاخاوییەكان (ئەو شوێنانەی كە یۆدیان كەمە) پێویستییان بە بەكارهێنانی خوێی یۆد هەیە.

٦- ڤیتامینی بی دوانزە (بی توێلف): ئەو دایكانەی خۆراكی ڕووەكی دەخۆن و بەروبوومی گیانلەبەران بەكارناهێنن ، ئەوا پێویستییان بەوەرگرتنی ڤیتامینی (بی دوانزە) دەبێت ، بۆئەوەی كۆئەندامی دەماری كۆرپەكانیان بەئاسایی گەشە بكات و زیانی پێنەگات.

**قەبارەی شیری دایك:**

★ بەرهەمهێنانی شیری دایك پشت بە بەركەوتنی لێوەكانی كۆرپەكە دەبەستێت ، قەبارەی شیری دایك پەیوەندی نییە بە قەبارەی مەمكی دایكەكەوە ، چونكە بەهۆی چەوری و خانە ڕژێنەكانەوە گەورە دەبێت نەك بەهۆی بوونی شیر تێیدا.

★ هیچ دایكێك لەشیر بێ بەش نییە ، تەنها لەم بارانەی خوارەوەدا نەبێت:

ا/ دایكێك لەكاتی سكپڕیدا سەبارەت بەگەشەكردنی مەمكەكانی شارەزا نەبێت ، واتە پێویستە هەموو دایكێك لەكاتی سكپڕیدا شارەزای لەبایەخ پێدانی مەمكدا وەك (ڕاگرتن و شێلان) پەیدابكات ، هەروەها باری دەروونی دڵنیا بكات ، كە ئامادەیە بۆ شیر پێدانی كۆرپەكەی.

ب/ نەبوونی یەکێك لەمەمکەکان ، چ زگماکی بێت یان بە کاری نەشتەگەری لابرابێت.

★ دایکی جگەرەکێش ئەگەر ڕۆژانە (٤-١٠) جگەرە بکێشێت ، ئەوا بەشێوەیەکی ڕوون و ئاشکرا بڕی شیرەکەی کەم دەبێتەوە.

★ گەورەترین پێکهاتەی شیر ئاوە ، بەڵام زۆر خواردنەوەی ئاو بەهیچ شێوەیەك کار لەزیادبوونی بڕی شیر ناکات.

★ ئەو کۆرپانەی شیری دایك وەردەگرن ، پێویست ناکات ئاوی زیادەیان بدرێتێ ، تەنانەت لەشوێنە گەرمەکانیشدا.

★ دەرچوونی شیر لە مەمکەوە یارمەتی لابردنی ئەو ماددانە دەدات ، کە بەرهەمهێنانی شیر کەم دەکەنەوە ، کەواتە پێدانی شیری دایك یارمەتی زیادبوونی بڕی شیر لە ژەمی داهاتوودا دەدات.

## خۆراك باشی دایکی سکپڕ و سوودەکانی بۆ کۆرپەلە:

١- بوار ڕەخساندن بۆ دروستکردنی کۆرپەیەکی ئاسایی نۆمانگ و نۆڕۆژ.

٢- کەمبوونەوەی ئەگەری لەبارچوون.

٣- کەمبوونەوەی ئەگەری ناتەواوییە زگماکییەکان.

٤- باشکردنی گەشەی کۆرپەلە (کێش لەکاتی بووندا ، درێژی لەش ، چێوەی سەر).



٥- بە باشبوونی خۆراکی دایکی سکپڕ لەبەرهەمهێنانی بڕی تەواوی شیری دایك دڵنیا دەبین.

**ئەگەر کۆرپەیەك تا شەش مانگ شیری دایك وەربگرێت و پاشان لەگەڵیدا تا تەمەنی دوو ساڵی خۆراکی تر وەربگرێت ، ئەوا لەهەموو ئەم خاڵانەی خوارەوەدا سوود وەردەگرێت:**

١/ ڕەخساندنی بواری ژیان لەتەمەنی کۆرپەیی و منداڵیدا، بۆنموونە باشکردنی بڕی ڤیتامینی (دی) لە لەشدا بەشێوەیەکی ئاشکرا ڕێژەی مردن لەناو منداڵاندا کەمدەکاتەوە.

٢/ باشبوونی بەرگری لەش و کەمبوونەوەی نەخۆشی و توندی نەخۆشی و کورتکردنەوەی ماوەکەی ، باشبوونی گەشەی جەسەدی منداڵ (کێش دروستکردن تا تەمەن دوو ساڵی ، باڵاکردن تا تەمەن پێنج ساڵی).

٣/ بەهێزبوونی پابەندی بە دایکەوە.

٤/ باشبوونی گەشەی دەماری (وەك بینین و بیستن).

٥/ باش گەشەکردنی جوڵە و دەروون.

٦/ بەئاگایی و توانای فێربوون و بەدەستهێنانی زانیاری لەساڵانی داهاتوودا.



## سوودەکانی شیری دایك:

١- زۆر بەئاسانی دەست دەکەوێت.

٢- زۆر پاکە.

٣- هەمیشە لەپلەیەکی گەرمی گونجاودایە بۆ منداڵ.

٤- شیری دایك منداڵ لە بەکتریا و ڤایرۆس و نەخۆشییەکانی وەك سکچوون دەپارێزێت.

٥- شیرپێدان یارمەتی گرژبوونی دیواری منداڵدان دەدا و خوێنبەربوون کەمدەکاتەوە.

٦- شیری دایك پەیوەندی نێوان دایك و منداڵ بەهێز دەکات.

٧- سکپڕبوون دوادەخات.

## لەشیر برانەوە:

شەش مانگی تا دوو ساڵی ناسکترین کاتی گەشەی منداڵە ، کە تێیدا سەرەڕای شیری دایك پێویستی بەخواردن و خواردنەوەی زۆر هەیە ، بۆیە دەبێ لەهەموو پێداویستییە بایۆلۆجی و دەروونییەکان (کە زۆربەیان خۆراکن) دڵنیا ببین تا منداڵێکی لەش ساغ و بەرهەمهێنەری لێدەربچێ.

لە وولاتە دوواکەوتووەکاندا زۆربەی هەواڵەکانی نەهێشتنی بەدخۆراکی بۆ ئەو منداڵانە دراون ، کە لەنێوان تەمەنی (٠ - ٥) ساڵیدان ، لەکاتێکدا کە پێویستە لەماوە



ناسککەدا بێت(٦-٢٤) مانگی ، منداڵ لەتەمەنی شەش مانگییەوە پێویستە خواردن بخوات و تا تەمەنی دوو ساڵیش لەسەر شیری دایکی بەردەوام بێت.

## لە زۆربەی لێکۆڵینەوەکانی بەدخۆراکیدا ئەم خاڵانەی خوارەوە بەرچاو دەکەون:

١- نارێکی کاتی پێدانی خۆراك ، واتە زوو پێدان یا دواکەوتن لەپێدانی خۆراکەکانی تر سەرەڕای شیری دایك.

٢- کەمی خۆراك و ئاوی تەواو و خاوێن.

٣- زوو لەشیر بڕینەوە هۆکارێکی گرنگی بەدخۆراکییە.

لەوڵاتە دواکەوتووەکاندا بەردەوامبوونی شیری دایك لەدوو ساڵی یەکەمدا و پێدانی ئەو خۆراکانەی کە بڕێکی زۆر ڤیتامینی (ئەی)یان تێدایە لەنەهێشتنی کەمی ئەم ڤیتامینەدا گەلێك گرنگن ، بوونی بڕی تەواو لەڤیتامینی (ئەی) لەو دایکانەدا ، کە شیر بەکۆرپە دەدەن و پێدانی ئەوخۆراکانەی ڤیتامینی (ئەی)یان تێدایە بەکۆرپەکە ، گرنگترین ڕێگان بۆ باشکردنی باری ڤیتامین ئەی لەکۆرپە و منداڵدا.

لەزۆربەی کۆمەڵگەکاندا ئەو خۆراکانەی بەبڕی باش ڤیتامینی (ئەی)یان تێدایە ، بەکەمی بەردەم ئەو منداڵانە دەکەون ، کە لەشیر دەبڕدرێنەوە ، بوونی ئەم ڤیتامینە

لەسەوزە گەڵاییەکاندا کە بڵاو و هەرزانن زۆرە ، بەڵام خواردنیان لەلایەن منداڵانەوە ئاسان نییە ، چونکە دەشێ تامیان ناخۆش بێ یان ڕیشاڵاوی بن ، بۆیە پێویستە ورد بکرێن و بکوڵێنرێن و لەگەڵ خۆراکە بەتامەکاندا تێکەڵ بکرێن.

**هۆکارە ترسناکەکان:**

١- نەبوونی زانیاری سەبارەت بە گرنگی و بەنرخی ژەك و شیری دایك.

٢- نەبوونی ئاوی خاوێن لەئامادەکردن و خاوێن کردنەوەی خۆراکدا ، ئەگەر بایەخ بەخاوێنی نەدرێت ، ئەوا سکچوون لەئارا دەبێ ، بۆنموونە لەنێو ئەو منداڵانەدا کە شیری قوتو دەخۆن (بێگومان پیسبوون ڕوودەدات) سکچوون زۆر بڵاوە.

٣- نەبوونی زانیاری دەربارەی ئامادەکردن و ڕێگاکانی خۆراك پێدان لەکۆرپە و منداڵدا.

٤- سەرقاڵبوونی دایك بەئیش و کاری دەرەوە و نەبوونی کاتی تەواو بۆ ئامادەکردنی خۆراکی گونجاو بۆ منداڵەکەی.

٤- بوونی خو و ڕەفتاری کۆن لە خۆراکدا.



**ئەو خواردنانەی لەکاتی شیر بڕانەوەدا بەکار دێن ، پێویستە لەم خۆراکانەی خوارەوەدا پێکبێن:**

١- خۆراکە پارێزەرەکان: وەك کانزاکان و ڤیتامینەکان ، ئەم ماددانە لەنەخۆشییە کەم خۆراکییەکان دەمانپارێزن.

٢- خۆراکە دروستکەرەکانی لەش: پرۆتینەکان لەدروستکردنی لەشدا بەشدارن و یارمەتی دروستکردن و گەشەکردنی خانە تازەکان و چاکبوونەوەی شانە بریندار بووەکان دەدەن.

٣- خۆراکە وزەییەکان: وەك کاربۆهایدرات وچەوری.

**ڕێگاکانی خۆراك ئامادەکردن:**

| تەمەن | جۆری خۆراك |
|---|---|
| ★(٤-٦) مانگ | |
| بەیانیان زوو : | شیری دایك |
| چێشت هەنگاو (کاتژمێری ٩-١٠) بەیانی: | شۆربای دانەوێڵە یان هەریسە و تریت ، شیری دایك |
| نیوەڕۆ: | ئاوی میوە |
| کاتژمێر (٣) پاش نیوەڕۆ: | میوەی هاڕدراو ، شیری دایك |
| ئێوارە: | پەتاتە و کولەکەی هەریسە کراو ، ئاوی گێزەر |
| شەو ، کاتی نووستن: | شیری دایك |
| ★ (٧-١١) مانگ | شیری دایك ، خۆراکی هاڕدراو و نەرمکراو ، ئاوی میوە. |



ئەو خۆراکانەی کە لەکاتی بڕینەوەی شیردا بەکاردێن ، پێویستە بکوڵێنرێن و وردبکرێن ، هەروەها دەبێ لەگەڵ پێدانی ئەو خۆراکانەدا شیری دایکیشی بدرێتێ.

لەتەمەنی یەك ساڵیدا پێویستە هەموو جۆرەکانی خۆراك بەهاڕدراوی و نەرمکراوی وەربگیرێ ، هەروەها هەر لەم کاتەدا نێوانە ژەمەکان (خواردنی کەم لەنێوان ژەمەکاندا) کارێکی باشە.

**خاڵە گرنگەکان لە ئامادەکردنی خۆراکدا:**

١- ئەو شوێنانەی خۆراکی تێدا ئامادە دەکرێ ، پێویستە خاوێن بن.

٢- پێش دەستدان لەخواردنەکە زۆر گرنگە ، ئەگەر هەموو کەلوپەلەکان و دەستەکانت پاك بشۆیت.

٣- خواردنی ئامادەکراو بەسەر بەتاڵی جێ مەهێڵە ، پێویستە لە تۆز و مێش بپارێزرێن.

٤- هەوڵبدە خۆراکی منداڵەکە تازە ئامادەکرابێت.

٥- خۆراکی ئامادەکراو لەشوێنی سارد و وشکدا بپارێزە.



# نەخۆشی سەرئێشە
# (Head ache)

و/ ئەرکان محەمەد ڕەشید
یاریدەدەری پزیشک



سەرئێشە چەند جۆر و شێوەیەکی هەیە ، پێدەچێ سەرئێشە پچڕپچڕ بێت یاخود بەردەوام بێت ، لەوانەیە مرۆڤ تووشی سەرئێشە بێت و ماوەی مانگێك یان چەند سەعاتێك بخایەنێت یان سەرئێشەکە هەفتانە بێت یان

رۆژانە.

ئازاری سەرئێشە جۆراوجۆرە: لەنێوانیاندا ئازاری زۆر هەیە ، ئازاری سادە هەیە ، زۆرجاریش بەکەمی هەست بەئازار دەکرێت.

ئازاری سەرئێشە زۆرجار لەلای چاوەوە یان لەپشت سەرەوە یان ناوچەوانەوە یاخود دەموچاوەوە دەبێت ، لەگەڵ سەرئێشەیشدا چەندین ئازاری تری وەکو رشانەوە و دڵ تێکهەڵچوون و لێلی لە بینین و هەست ڕوودەدات.

**جۆرەکانی سەرئێشە:**

پزیشکان ئازاری سەرئێشە بۆ دوو جۆر دابەشدەکەن:

١- سەرئێشەی ئەندامەکان (organic head ache): ئەم جۆرەی سەرئێشە کاتێ ڕوودەدات ، کە کەسەکە نەخۆشییەکی هەبێت یاخود یەکێك لە ئەندامەکانی تووشی نەخۆشی بووبێت ، ئەم جۆرەش ڕێژەی لە ١٠٪ زیاتر نییە . لەکۆی گشتی جۆرەکانی سەرئێشە ـ سەرئێشەی ئەندامی کاتێ ڕوودەدات ، کە کەسێك تووشی پێکانێك دەبێت یاخود تووشی تا دەبێت وەکو بوونی نەخۆشی هەوکردنی مێشك.

چەندین هۆکار هەن بۆ ڕوودانی حاڵەتەکانی سەرئێشەی ئەندامی ، لەوانە:

١- نەخۆشییەکانی بەرزبوونەوەی پەستانی خوێن و خوێن



تێزان (الأحتقان) لە سەر.

٢- بەرزبوونەوەی پەستانی خوێنی لەناکاو (تیژ).

٣- گۆڕانکارییەکانی لەش:

★ ئازارەکانی چاو: چونکە چاو بەشێکی هەستیاری لەشە و لەگەڵیدا هەزاران موولولەی خوێن هەیە و لەکاتی تووشبوونی بە ئازاری سەرئێشە ڕوودەدات.

★ هەوکردنی پێڵووی چاو ، هۆیەکە بۆ سەرئێشە.

★ کورت بینی و بوونی ئازار لەکاتی بینیندا.

★ گۆڕانکاری لە چاویلگە و بەکارهێنانی چاویلگەی نوێ بۆ ئەو کەسانەی کە بەکاری دێنن.

★ گلوکۆما (نەخۆشی چاو).

★ هەوکردنی گوێی ناوەڕاستی بلاّو لەمندالأندا.

★ خراپی ددانەکان.

★ برسێتی.

★ سەرئێشەی پێش کەوتنەسەر خوێن لە ئافرەتاندا.

٢- سەرئێشەی نائەندامی (no organic head ache): ئەم جۆرەی سەرئێشە بەهۆی نەخۆشییەوە ڕوونادات ، ٩٠٪ ی سەرئێشە لەم جۆرەیە ، سەرئێشەی نائەندامی کاتێ ڕوودەدات ، بەهۆی گۆڕانە فزیۆلۆجۆیەکانەوە یان ئەو گۆڕانانەی کە لە کەللەی سەردا ڕوودەدەن ، وەکو خوێنبەر و



خوێنهێنەرەکان و دەمارەکان ، ئەمانەش دەبنەهۆی ئەوەی کە ئەو گۆڕانانە لە لەشدا ڕووبدات.

سەرئێشەی نائەندامی چەند جۆرێکە:

١- سەرئێشەی شەقیقە (migraine).

٢- سەرئێشەی دوودڵی (نائارامی) (tension head ache).

٣- سەرئێشەی بڕبڕەکانی مل (cluster head ache).

٤- جۆرەکانی تری سەرئێشە (other types).



# بەنداوی دەربەندیخان و کارەبای هەرێم



ئەندازیار: خلیل بەرزان برزو
Khalil.B.77@yahoo.com

بەنداوی دەربەندیخان دەکەوێتە قەزای دەربەندیخان و (٧٠)کم لەباشووری شاری سلێمانییەوەیە ، ئەم بەنداوە لەسەر ڕووباری سیروان لەساڵانی (١٩٥٧ ـ ١٩٦١) بەبڕی بودجەی (٣٠) ملیۆن دیناری عێراقی ئەو کاتە دروستکراوە ، ئەم جۆرە بەنداوە بە بەنداوی خۆڵی (ترابیە) ناسراوە ، درێژی بەنداوەکە نزیکەی (٤٤٥)م و بەرزاییەکەیشی نزیکەی (١٢٨)م و پانی بنکەکەی نزیکەی (٥٠٠)م و پانی لای سەرەوەیشی نزیکەی (١٧)م و ڕووبەری حەوزی دەریاچەکە نزیکەی (١١٣)کم$^2$ و توانای

خەزنکردنی (٣) مليار م٣ ئاوی هەيە . ئەم بەنداوە سێ ڕێڕەوی بۆ دروستکراوە ، کە هەریەکێکیان نزیکەی (٩١) تەن و رووبەرەکەيشی (١٥ × ١٥)م دەبێت ، ئەمەش بەمەبەستی دەرچوونە دەرەوەی ئەو بڕە ئاوە زیادەیەی کە لەکاتی زیادبوونی ئاستی ئاوی دەریاچەکە.

بەڵام بەنداوی دەربەندیخان چەند کێشەیەکی هونەری هەیە ، یەکێك لەوانە کێشەی ڕۆچوونە ، چونکە لەدەستی چەپی بەنداوەکەوە دوو چین زەوی لێك جودا هەن و لەنێوانیاندا چەند سەرچاوەیەکی ئاوی ژێر زەوی هەن ، کە ئەمەش کاریگەری لەسەر بەنداوەکە هەیە ، بەتایبەتی لەکاتی دابەزینی ئاستی ئاوی دەریاچەکە ، کە دەبێتە هۆی زیادبوونی ئەم ڕۆچوونە ، بۆیە هەردەم دەبێت ئاستی ئاوەکە لە (٥٣)م کەمتر نەبێت.

ئەوەشمان لە بیر نەچێت ، کە ئەم بەنداوە کاتی خۆی بۆ مەبەستی ئاودێری و گلدانەوەی ئاوی لافاو دروستکراوە ، پاشان کاربەدەستانی عێراق بیریان لە دروستکردنی ویستگەیەکی کارەبایی لەسەر ئەم بەنداوە کردۆتەوە و لە ساڵانی (١٩٨٠ ـ ١٩٨٤) ئەم ویستگەیە لەلایەن دوو کۆمپانیای جیهانی بەناوبانگ دروستکراوە ، یەکەمیان کۆمپانیای بۆلۆنسکی زولزی ئەڵمانی کە تەنها ئیشی دروستکردنی بینایەی ویستگەکە بوو و دووەمیان کۆمپانیای میسۆبۆشی یابانی کە ئیشی دانانی



ویستگە کارەباییەکە بوو.

ئەم ویستگەیە لە حەوت نهۆم پێکدێت و سەرجەم خزمەتگوزارییەکانی تێدایە ، ویستگەکە لە سێ یەکە ( وەحدە) پێکدێت ، کە هەریەکەیان توانای بەدەستهێنانی (٨٣) میگاواتی هەیە ، واتە کۆی گشتی بەدەستهێنانی وزەی کارەبا لەم ویستگەیەدا نزیکەی (٢٤٩) میگاواتە ، جۆری تۆربایینەکانیشی لە جۆری (Francis water Turbine)ە ، ئەم جۆرە تۆربایینە لەسەر ئەو دەریاچانە دادەنرێت ، کە ئاستی بەرزی ئاوەکەی لە نزیکەی (٨٠ ـ ١٥٠)م بێت ، بەڵام لە ویستگەی دەربەندیخاندا ئەم تۆربایینە توانای ئیش پێکردنی هەیە ، بەمەرجێ ئاستی بەرزی ئاوەکە لە نزیکەی (١٠٣ ـ ٥٣)م بێت ، وەکو ئاشکرایە بەرهەمهێنانی کارەبا لە هەرێمی کوردستاندا پشت بە هەردوو ویستگەی دەربەندیخان و دوکان دەبەستێت ، کە بەهەردووکیانەوە توانای بەدەستهێنانی (٦٤٩) میگاواتی هەیە ، ئەمەش لەکاتێکدا کە ئاستی ئاوی هەردوو دەریاچەکە لەئاستێکی بەرزدا بێت ، بۆیە ئەم بڕە کارەبا دیاریکراوە بەتەواوی بەشی هەرێمی کوردستان ناکات ، چونکە لەساڵانی پێش (١٩٩١)دا هەرێمی کوردستان لەگەڵ سەرجەم ویستگەکانی عێراقدا پێکەوە بەستراوبوون ، کە لێرەدا سەرجەم ویستگەکانی عێراق لەگەڵ ژمارەی یەکە و تواناکەی دەشتنیشان دەکەین :



| ز | ناوی ویستگەی کارەبا | ژمارەی یەکە (عدد الوحدات) | تواناکەی (سعە) ـ MW |
|---|---|---|---|
| ١ | ویستگەی دبس | | |
| | ـ حەراری | ٤ | ٦٠ |
| | ـ غازی | ٣ | ٧٥ |
| | ـ گوێزراو (مۆبایل) | ٥ | ٥٠ |
| ٢ | ویستگەی بێجی | | |
| | ـ حەراری | ٦ | ١٣٢٠ |
| | ـ گوێزراو (مۆبایل) | ١ | ١٢٠ |
| ٣ | ویستگەی بەنداوی موسڵ | | |
| | ـ بەنداوی سەرەکی | ٤ | ٧٥٠ |
| | ـ بەنداوی ڕێکخراو | ٤ | ٦٠ |
| | ـ بەنداوی ناوەندی | ٢ | ٢٤٠ |
| ٤ | ویستگەی غازی مەلا عەبدوڵڵا | ١٢ | ٢٤٠ |
| ٥ | ویستگەی بەنداوی حەمرین | ٢ | ٥٠ |
| ٦ | ویستگەی بەنداوی دوکان | ٥ | ٤٠٠ |
| ٧ | ویستگەی بەنداوی دەربەندیخان | ٣ | ٢٤٩ |

پاش ڕاپەڕینە مەزنەکەی بەهاری ساڵی (١٩٩١) کاربەدەستانی ڕژێمی بەعس سەرجەم هێڵە کارەباکانیان لە هەرێمی کوردستان پچڕاند ، تەنها دوو سەرچاوەی وزەی کارەبای ویستگەی دوکان و دەربەندیخان مایەوە ، کە ئەمەش کێشەی کارەبای هەرێمی کوردستان بەتەواوی پڕ ناکاتەوە ، چونکە





ئەم دوو ویستگەیە پشت بە سەرچاوەی ئاو دەبەستن ، ئەمەش گەورەترین کێشە لە وەرزی کەم ئاویدا دروست دەکات ، بەڵام حکومەتی هەرێم هەستا بەدانانی ویستگەی (٢٩) میگاواتی بۆ هەرسێ شارەکانی (هەولێر و سلێمانی و دهۆك) ، ئەمەش هەمان کێشەی هەیە ، ئەویش پێویستییەکی زۆری بە سوتەمەنی هەیە بەتایبەتی گازەویل ، ئەوەیشمان لەبیر نەچێ ، کە بەنداوی کارەبای (بەخمە)ش یەکێکە لە هەرە بەنداوە مەزنەکانی هەرێمی کوردستان ، کە توانای بەدەستهێنانی (١٥٠٦) میگاواتی هەیە ، بەڵام تائێستا وەکو خۆی ماوەتەوە و کەس خۆی بە خاوەنی نازانێ ، ئەگەر هیچ نەبێ ئەم بەنداوە

گرنگی پێبدرێت ، ئەوا نیوەی کارەبای هەرێم دابین دەکات.

لای هەمووان ڕوون و ئاشکرایە ، کە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ دانیشتوانی هەرێمی کوردستان ڕوو لە زیادبوونە و ئامێرە خزمەتگوزارییەکانی مرۆڤ کارەباین ، بەڵام بەپێچەوانەوە تاوەکو ئێستا بیر لە سەرچاوەی بەرهەمهێنانی کارەبا لەناو هەرێمدا نەکراوەتەوە ، وەکو ویستگەی حەراری و غازی.



# خۆشەویستی لە ئێوارە ژوانێکی وەنەوشەییدا

ئامادەکردنی:
دلێر عەبدولڕەحمان و پەیمان ئەمین

خۆشەویستی ئەو دوو باڵەیە مرۆڤ دەگەیەنێتە ئاسمانی جوانییەکان ، ئەو دەرگایەیە لە چوونە ژوورەوەی ڕوح ڕەها دەکات ، ئەو گوڵەیە ڕۆژانە بە دەستی یەکێکمانەوەیە تا لە فرسەتدا بیدەین لە بەرۆکی ئەویترمان ، ئەو دڵۆپەیە هێمنتر لە شەونم لەسەر زارمان دەتکێتە دنیای ستاتیکا ، ئەو نەغمەیە دەمانکاتە خەو ، ئەو چاوانەیە قەت تێر نابێت لە ڕوانین . . هەموو ئەمانە وایانکرد لە ئێوارەیەکی وەنەوشەیی شاردا زاری چەند کەسێك بکەینەوە لەسەر خۆشەویستی بەم پرسیارانە :

**پ١ / فاکتەرەکانی نەمانی خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە لەنێو توێژی گەنجاندا بۆچی دەگەڕێنیتەوە ؟**

**پ٢ / کێ هەڵگری پەیامی ڕاستەقینەی خۆشەویستییە ؟ کچان یان کوڕان ؟**



**زانا عەلی مەولود - خوێندکاری قۆناغی دووەمی بەشی ئینگلیزی کۆلێژی پەروەردەی کەلار :**

پ١/ فاکتەری نەمانی خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە لەنێو ئەم توێژەدا ئەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی متمانە لەنێوان ئەو دوو ڕەگەزەدا بەرامبەر بەیەکدی ، چونکە هەریەك لەو دوانە کە ئەیانەوێ بگەنە ئەو خۆشەویستییە ناتوانن و نایانەوێ ئەوەی کە لە ناخی خۆیاندایە بیگەیەننە بەرامبەرەکەیان ، لە ئەنجامدا هەمان کەس هەڵدەستێت بە پۆشینی ماسکێکی جوان بە ڕوومەتیدا و باسکردنی شتە ناوازەکان و پەنهانکردنی خاڵە لاوازەکانی ژیان و بیروبۆچوون و ئەو ئایدیایەی کە پێیەتی . بۆیە پاش چەند ساڵێکی کەم ناتوانێت ئەو ماسکە بپارێزێت و لە ئەنجامدا ئەو خۆشەویستییە هەرەس دەهێنێت.

پ٢/ بە ڕای من هەڵگری ئەو پەیامە ڕاستەقینەیە ئەگەڕێتەوە بۆ جۆری بیرکردنەوە و بۆچوونی ئەو کەسە "کوڕ یان کچ"، واتە هەریەك لەودوانە ئەتوانن ڕووەو ئاراستەیەك بڕۆن ، کە سەرچاوەی خۆشەویستییەکی ڕاستەقینە و توانەوە بێت لەو خۆشەویستییەدا ، ئەڵبەت بە ڕەچاوکردنی کاریزمەکان لەچوارچێوەی کۆمەڵگایەکی سەلامەتدا.



**نیشتمان نامیق - مامۆستا :**

پ١/ درۆ هۆکاری نەمانی خۆشەویستی ڕاستەقینەیە لەنێو توێژی گەنجاندا ، ئەمە جیا لەوەی کە مەزهەبیش زۆرجار خۆشەویستی ڕاستەقینە لەناو ئەبات.

پ٢/ خۆشەویستی دوولایەنە ڕاستی و بڕواهەڵگری پەیامیانە واتە لە هەردوو ڕەگەزی کوڕ و کچ.

**ئاوات ئەحمەد - خوێندکاری قۆناغی دووەمی بەشی کارگێڕی پەیمانگای تەکنیکی کەلار :**

پ١/ بە بڕوای من ساردوسڕی پەیوەندی خۆشەویستی یان نەمانی خۆشەویستی بڕوانەبوونە بە ڕاستی مەسەلەکە و ئەگەڕێتەوە بۆ ئەو فروفێڵانەی کە گەنجان بەناوی خۆشەویستییەوە دەرحەق بەیەکتری کردوویانە ، ئەوەش لە ئەنجامی ئەو پەیمان و گفتە ناڕاستانەی کە ڕۆژانە لەنێوان توێژی لاواندا ئەبینرێ و ئەبیسترێ ، لەبەرئەوە ئەمانە بوونەتە شتێکی ڕەمزی لەسەر زاری لاوان و یاریکردن بەخۆشەویستی ، وایکردووە کە بە شێوەیەکی زۆر سادە و ساکار لاوان مامەڵەی لەگەڵ بکەن . بەداخەوە ئەڵێم تەنها چەند کەسێکی دیاریکراویش نابینرێ ، کە مانای خۆشەویستی بزانێ ، وەك ئەوەی کە هەیە مامەڵەی لەگەڵ بکات.

پ٢/ بێ یەك ودوو كچان زیاتر ئالاَ هەڵگری خۆشەویستی ڕاستەقینەن ، چونكە كەمتر كوڕان وەك كەسێكی دڵسۆز دێنە بەرچاو ، ئەگەرچی زیاتریش كچان لەم بوارەدا زیانیان لێكەوتووە و دەستیان بڕدراوە بەناوی خۆشەویستییەوە ، ناڵێم كوڕان مانای خۆشەویستی لە دەروونیاندا نیە و ڕاستگۆ نین لە بەردەم خۆشەویستیدا ، بەڵام زیاتر كچان خۆیان یەكلایی ئەكەنەوە لەم ڕووەوە و یەك دیوی مامەڵە و قسە و وتوویژیان هەیە ، لەبەرئەوەی كە ئافرەتان خاوەن هەستێكی ناسك و بەهێزترن و سۆزی ئەوان زاڵترە ، بۆیە بەیەكجار بڕیار ئەدات و كەمتر پەشیمان بوونەوەیان دەرئەبڕن ، كە ئەمەیان لە كوڕاندا پێچەوانەیە.

**موئمن یاسین -خوێندكاری قۆناغی دووەمی بەشی ئینگلیزی كۆلێژی پەروەردەی كەلار :**

پ١/ خۆشەویستی ڕاستەقینە ئەمڕۆ هەردوو شێوەكەی و هەردوو پێوەرەكەی دەبینین . لە هەندێك شوێن و كاتدا بەهیچ شێوەیەك نایبینین ، هەروەها لە هەندێ كاتی تردا بە دەگمەن دەیبینین ، بۆیەش پێموایە لاوان بەدوای خۆشەویستیدا وێڵن ، بەڵام چۆن دەستی دەخەن ؟ ئەوە لەسەر هاوكار و ڕێ نیشاندەرەكەیان بەندە ، كە



مەبەستیەتی دوو پەپوولەی باخچەی میهرەبانی بەرەو خۆشەویستی هەڵبنێت.

پ٢/ دیارە بیركردنەوە لە هەڵگرتن و بەدواداچوونی هەر ئامانجێك بەمەبەستی شوێن پێهەڵگرتنی لای تاكەكانی كۆمەڵگە جیاوازە ، بەتایبەتیش كاتێك ئەو كۆمەڵگە یان ئەو نشینگەیە بیركردنەوەی جیاوازی لێبكەوێتەوە ، بەو واتایەی كە هەموومان بەئاراستەی تایبەتی ئەمانەوێت ئامانجەكانمان بەرەو سەركەوتن گلۆربكەینەوە ، هەڵگرتنی پەیامێكی بەرزی وەك خۆشەویستیش ئەبێت سەرەداوەكانی تێدا دەستنیشانبكرێت ، پاشان شوێن پێی هەڵبگیرێ ، هەردوو ڕەگەزەكەش لەم بوارەدا كاران ، بەڵام كامەیان زۆر ڕاستگۆترە و بە ڕاستەقینەیی پەیڕەوی دەكات ، لەسەر كات و شوێنەكە بەندە ، بەڵام ئەوەی گرنگە ئەوەیە كە هەردووكیان دڵسۆزن بۆ سەرگرتنی پرۆسەی خۆشەویستی.

**شەیما جەمال - مامۆستا :**

پ١/ بەڕای من هۆكاری نەمانی خۆشەویستی ڕاستەقینە لەنێو گەنجاندا دەگەڕێتەوە بۆ نەمانی بڕواپێكردن بە یەكتری لە ناو هەردوو ڕەگەزەكەدا ، چونكە زۆربەی ئەو خۆشەویستیانە بۆ كات بەسەربردنە و كەمن ، ئەو كەسانەی بە ڕاستی بیر لە یەكتر دەكەنەوە و دەچنە ژیانێكی نوێوە.



پ٢/ ئەو كەسە هەڵگری پەیامی ڕاستەقینەی خۆشەویستییە ، كە نرخی خۆشەویستی بزانێت و ڕێز و وەفای بەرامبەر كەسی بەرامبەری هەبێت و بیر لە داهاتوویەكی پرشنگدار بكاتەوە . بەڵام بەداخەوە زۆر كەمن ، ئەو كەسانەی كە هەڵگری پەیامی ڕاستەقینەی خۆشەویستین كە گرنگ نیە كچ یان كوڕ بن.



# سێكس لە ڕوانگەی فرۆیدەوە

ئامادەكردنی: چالاك عبدالباقی- كفری



فرۆید دەڵێت:
هەموو شتێک لە ژیاندا تەنها لە پێناو
سێکسدایە)

**ژیانی فرۆید بەکورتی:**

دامەزرێنەری دەروونناسی لەساڵی (١٨٥٩) لەشاری فریبرگ کە ئێستا بەشێکی چیکۆسلەفاکیایە لەدایکبووە. بڕوانامەی دکتۆرای لەساڵی (١٨٨١) لەزانکۆی ڤیننا بەدەستهێناوە ، فرۆید ژنی هێناوە و شەش منداڵی هەبووە. لەکۆتایی تەمەنیدا دووچاری نەخۆشی شێرپەنجە بووە ، لەساڵی (١٩٢٣) بەدواوە زیاتر لە (٣٠) نەشتەرگەری بۆ چارەسەرکردنی کراوە . لەبەرئەوەی بەردەوام بێت لەکاری خۆی و زۆربەی بیردۆزە گرنگەکانی لەکۆتایی هەمان ساڵدا بە دەستهاتن . لەساڵی (١٩٣٨) دانا زیرەکەکانی هاتنە ناو سویسرا و فرۆیدی (٨٣) ساڵە ، کە جولەکە بوو ، ناچار بوو بەرەو لەندەن بەڕێ بکەوێ و پاش چەند ساڵێ هەر لەوێ مرد ، بابەت و بیردۆزەکانی فرۆید لە زەمینەی دەروونناسیدا ئەوەندە زۆرە ، کە نووسینیان لە یەك ناملیکەدا دژوارە.

**پەیوەندی منداڵ بە دایك و باوکەوە:**

تەنها ئەوە نییە ، کە کوڕ حەزێکی سیکسی هەبێ بەرامبەر دایکی و یان کچ بەرامبەر باوکی ، بەڵکو زۆرجار دایك بەهەست و حەزێکی سیکسیەوە سەیری منداڵەکەی کە لە ڕەگەزی نێرە دەکات ... وە کاتێ دایك ماچی منداڵ ئەکات و



ئەیلکێنێ بە سنگیەوە و ختوکەی ئەدات بەئاشکرا هەستێکی سێکسی لە دڵێ دایکەدا بەرامبەر بە کوڕەکەی دەردەکەوێت وە ئەو کوڕەش مەمکی دایکی ئەمژێ و لەجیهانێکی سێکسیدا ئەژێ ، بۆیە منداڵی کوڕ دڵی ئەچێ لە دایکی و زۆر حەزی لێدەکات ، دوایی سەیرئەکات باوکی وەکو شاخێك بەری ئەو حەزە سێکسیەی لێگرتووە ، ئەو کوڕە هەژارە ناچار حەزەکەی خەفە و سەرکوت بکات و تا دواجار تووشی گرێ کوێری (ئۆدیب) دەبێت. هەروەها کچ حەزی سێکسی و ئارەزووی ڕابواردن لە باوکی ئەکات ، کەچی دایکی وەکو شەملی شەڕ پڤەپڤەی پێ ڕائەگەیەنێ و قەدەغەی حەزەکەی لێئەکات ، باوکی ئەو کچە هەژارە داگیرئەکات ، تەنیا بۆ خۆی هەرچەندە کچەکە حەزئەکا وەکو ژن و مێرد لەگەڵ باوکیدا تووشی نەخۆشی (عقدە البکترا) گرێی ئەلبکترای دەروونی دەبێت. بۆیە کچ زیاتر حەز لە شێوەی کوڕێك ئەکات لە شێوەی باوکی بچێت ، چەنکە وێنەی یەکەم دڵداریان (باوك بۆ کچ و دایك بۆ کوڕ لە یاد ناچێتەوە و هەوڵ ئەدا ئەو هیوایەی بێتەدی یان لەو وێنەیە نزیك بێتەوە . فرۆید وشەی ئەلیکترای لە چیرۆکێکی ئەفسانەوە وەرگرتووە ، گوایە (کچێك بە ناوی (ئەلیکترا) حەزی سیکسی لە باوکی ئەکرد ، بەڵام لە مێردایەتی باوکی بێ وەری بوو ، ئەمە بووە هۆی ئەوەی براکەی (ئۆریست)ی هەڵنا بۆ کوشتنی دایکیان و پاش



کوشتنی دایکیشی میردی کرد بە براکەی خۆی.

**دروستبوونی سێکس لە لەشی مرۆڤدا:**

لەلای فرۆید سێکس لە یەکەمین ڕۆژی لە دایکبوونی مرۆڤەوە دروستدەبێت وە لە یەکەمین ڕۆژی هەستکردنی بە برسێتی ، هەستیش ئەکات بە برسێتی سێکس ، لەلای دایك کاتێك منداڵ کۆرپە و ساوا مەمکی دایکی بە چێژوتام و ئارەزوویەکی سێکسەوە ئەمژێ وەکو برسێتی بە شیرەکە ئەشکێنی ، وە کاتی منداڵ خۆی ئەلکێنێ بە سنگی دایکییەوە ، ئەو خۆنووساندنە پاڵە پەستۆیەکی سێکسییە ، ئیتر سۆزی دایك فرزەندەی لای فرۆید شتێکی دوور لە زانیارییە وە هەروەها منداڵ لە دەست مژینەوە فێری مەمك ئەبێ ، دەست مژینەکەیشی بۆ پڕکردنەوەی برسێتی سێکسییە وە منداڵ کە خۆی ئەخورێنی ئەو خۆ خورانە ئارەزوویەکی سێکسییە لەلای فرۆیدیزم.

***پەیدابوونی دەنگ و زمان لای فرۆید:**

(گیانداران لەبەرئەوەی دەنگدارن و دەنگیان هەیە ، بۆئەوەی نێرینەکانیان مێینەکانیان و مێینەکانیان نێرینەکانیان بۆ لای یەکتر ڕاکێشن... وە لەو هەستەوە دەنگ و زمان پەیدابوو.

سێکس هەمووی پاڵنەرێکە: فرۆید هەموو کۆسپ و



ناخۆشی و نارەحەتی و ئازارەکانی ژیان ئەداتە دەست خەفەکردنی سێکسی و پێیوایە کاتی مرۆڤ لە کوتەکانی ڕەوشت ڕزگاری بوو ، ئیتر ئەو مرۆڤە خۆشحاڵترین و بەختیارترین و دڵنیاترین مرۆڤە ..

**ئافرەت لەڕوانگەی فرۆیدەوە:**

ئافرەت کەم بیر و ئەقڵ سووکە و ژێریان کۆڵە لەئاستی تێگەیشتن لەکاروباری ژیاندا . ئافرەتی کردووەتە لانەی نەخۆشی و شێتی و هەستێری و هەموو نەخۆشییەکانی تری عەسەبی . ئافرەت بریتییە لە بووکەشووشەی دەست شەڕواڵ پسیان و خوێنمژانی شەرەف و کەرامەتی پیاوان یان ئافرەت بریتییە لە یاری و گاڵتە و گەپ و دەستەمۆی پیاوان ، چەندی بیەوێ پێی ڕادەبوێرێ و دواتر پیاوەکە (بای......بای) پێ بکات.

**خێزان لەڕوانگەی فرۆیدەوە:**

کوڕ ڤینی لە باوکێتی ، ژن دژی مێردەکەیەتی حەز بەمردنی دەکات ، مێرد ژنەکەی تەوقە و لە ملیەتی ، خوا خوای ڕزگاربوونێتی لەدەستی ، تەنانەت ئەویش و گریان و قور پێوانەی کە بەسەر مردووە ئەیکەن ، ئەوە دڵگرانی نییە بۆ لەدەست دەرچوونی خۆشەویستەکەیان ، بەڵکو ئەو گریانە

پیشوازیکردنی خۆش رزگاربوونیانە لە پیاو ، کە ئاواتەخوازی مردنی دەکا و ئەمڕۆ ئاواتەکەیان هاتەدی..خێزان شتێکی سروشتی نییە لەژیانی مرۆڤدا ، بەڵکو ماڵ و خێزان تەنیا کاری سێکسی و ئارەزوو و شکاندنی تامەزرۆیی سێکسییە ، بەس ئافرەت کاتێ سەربەستی تەواوی وەرگرتووە ، کە بەند نەبێ بە تاقە پیاویك ، بەڵکو سەربەست بێت و هەر شەوێ بۆی هەیە لە باوەشی پیاوێك یان دڵدارێك رابوێری . وە شەوی دوایی لای لاویکی تر کە لەسەر رێگا ناسیویەتی شەوێ لەگەڵدا بەسەر بەرێ ، کەس ناتوانی پێی بڵێ نابێ وابکەی .. ئەبێ شووبکەی.. ئەبێ خێزان و خاوەن ماڵ و منداڵ بێت ، ئەبێ وای پێبووترێ ، چونکە سەربەستی ئابووری وەرگرتووە و دەستخواری پیاو نییە ، پیاو بۆی نییە یاسای دروستکراوی خێزان و ڕەوشت و ئایین بێت هتد.. ئەمانە هەمووی بارودۆخێکی ئابووری دروستی کردبوون ، ئەمڕۆ باری ئابووری لەسەران سەری جیهاندا گۆڕاوە و ڕەوشت و ئایین و خێزان بگۆڕدرێت.

**ویژدان لەدیدی فرۆیدەوە:**

لای فرۆید شتێکی سروشتی و ریشەدار نییە لەژیان مرۆڤدا ، بەڵکو بیرکردنەوەیەکی سەرزاویە لەو شتانەی کۆمەڵگا لەسەر تاك قەدەغەی کردووە.. فرۆید گاڵتەی دێت



بە ویژدان ، گاڵتەکردنی خەڵکییە بەخۆیان و بەڵکو خۆگێلکردن لەڕاستی ، ویژدان کار کپکردنەوەی هەست و سۆزی دەروونییە ، بۆئەوەی لەدەستی کۆمەڵ و یاسا و رژێم و ئایین بەجارێ رزگاری بێ . لەلای فرۆید کاتێك مرۆڤ داخوازییە سروشتییەکانی خەفە ئەکات و رووی ئاوەوەی خۆی ئەشارێتەوە ، بۆئەوەی هەڵنەشاخێت بە هێزەکانی دەوروبەریدا ، ئەو هێزە هەستە پەیدائەبێ ، کە پێی ئەڵێن (ویژدان).

**خۆپەراستی لەڕوانگەی فرویدەوە:**

فرۆید یەکێکە لەو کەسانەی کە ترس بە هاندەری مرۆڤ دەزانێت بەرەو خوپەراستیی ، چونکە مرۆڤ لە ئاقار ئەو دیاردە سروشتییە بە سامانە ، لەبەرئەوەی زانیاری و شارەزایی نەبوو ، ناچار بوو پەنابەرێتە بەر پاڕانەوە و نەزر و قوربانی کردن بۆ خوایەکان تاکو لەمەترسی ئەو شتانە بیپارێزن.

**سەرهەڵدانی خواپەراستی:**

سەردەمی کۆن خێزانێك هەبووە ، کە لە باوك و کۆمەڵێك ژن و کوڕ و کچ پێکهاتووە ، باوکەکە هەموو خێزانەکەی بەتایبەتی ژن و کچەکان دەخاتە ژێر رکێفی خۆیەوە و لەگەڵ کوڕەکاندا زۆر دڵڕەقانە رەفتار دەکات ، بەڵام دوای



ئەوەی باوکەکە پیر و کەنەفت دەبێ ، کوڕەکان دەیکوژن و گۆشتەکەی دەخۆن ، بەڵام هیچ کام لەکوڕەکانی ناتوانن جێی باوکیان بگرنەوە لەترسی ئەوەی کە بە مەرەدی باوکیان بچن ، پەشیمان بوونەوە لە کوشتنی باوکیان ، ئینجا رێزنواندنێکی تێکەڵ بەترس بەرانبەر باوکەکە کرد ، ئینجا قەدەغەکردنی ژنهێنان لە ئافرەتانی ئەو تیرەیە کرد ، لەمەوە رەگ و ریشەی ئایین و رەوشت دروستبوون ، چونکە لەقەدەغەکرانی بەژن گرتنی ئافرەتانی تیرەکە رەوشت و ئاکار پەیدابوو ، ئینجا پەرستنی باوکەکەش وازی لێهێنرا و پەرستنی بەرد و ڕووەك و گیاندار جێی گرتەوە ، ئینجا لەدواییدا ئاستی پەرستنەکە ژوور ڕاچوو و بوو بەپەرستنی هێزێکی نابەرستنی هێزێکی نابەرهەست بەناوی خوا.

**قۆناغەکانی گەشەی سێکس لەمرۆڤدا:**

فرۆید قۆناغەکانی گەشەی سێکسی لەمرۆڤدا کرد بە چەند قۆناغێکەوە ، کە ئەمانەیە:

١- قۆناغی دەم: ئەم قۆناغە لەڕۆژانی یەکەمی ژیانی مناڵییەوە دەست پێدەکات ، کە شوێن و سەرچاوەکەی دەمی مناڵەکەیە ، ئەمەش کاتێك کە مەمکی دایکی دەمژێ و شیر وەردەگرێ ، بەو پێیە چێژی سێکسی لەم مەمك مژین و شیر



خواردنەوەکەوە وەردەگرێت ، کەواتە دەبێ وای دابنێین ، کە ئەم شوێنە بەتەنها شوێنی تێربوونی خواردن نییە ، بەڵکو مەڵبەندی تێربوونی چێژی سێکسیشە ، هەروەها مناڵ زۆرجار بەدەم پەنا بۆ مژینی پەنجەکانیشی دەبات ، کە بەهەمان شێوە چێژی لێوەردەگرێت.

٢- قۆناغی کۆمی: ئەم قۆناغە لەتەمەنی (١٨) مانگییەوە دەست پێدەکات و تا تەمەنی (٣) ساڵی بەردەوام دەبێت ، لەم ماوەیەدا شوێنی وروژراندنی سێکسی لەدەمەوە بۆ کۆم دەگوێزرێتەوە ، ئەمەش لەکاتێکدا دەبێت ، کە مناڵ نەتوانی لەئەنجامی ڕاهاتنی و پەیڕەوکردنی ئەو بارەی کە خۆڕابگرێ و بتوانێ دەست بەسەر دەردراوە پاشەڕۆکییەکان (میز و پیسایی)دا بگرێت ، واتە کۆنترۆڵکردنی ڕێڕەوی میز و پیسایی کە یەکەمجار چێژ لەرێگەی ڕیخۆڵەکانەوە وەردەگرێت.

٣- قۆناغی (چووك ـ تول)ی ئۆدیی: قۆناغی چوك لەتەمەنی (٣-٦) ساڵی دەست پێدەکات ، مناڵ لەم قۆناغەدا ئەندامەکانی زاووزێی (سێکسی) دەبێتە شوێن و جێگەی وروژاندن و بزاوندنی پاڵنەری سێکسی و چێژ لێوەرگرتنی بەتایبەتی ( چووك) لەنێرینەدا و (قیتکە) لەمێینەدا ، کە دوو ئەندامی گرنگی ڕاستەوخۆی سێکسین ، مناڵیش لەئەنجامی بەکارهێنانی ئەم ئەندامە سێکسیانەوە و لەشێوەی دەسپەڕدا بەخودی خۆی

ئەو چێژە وەردەگرێت ، هەر لەم قۆناغەدا دەتوانرێ جیاوازی لە رووی گەشە و باری دەروونی سێکسی بکرێت ، ئەو گەشەش بە تێر و تەسلی لە (پەیوەندی نێوان منداڵ و دایك و باوك)وە باسمان کرد پێویست بە دووبارەناکات.

٤- قۆناغی کپبوون: فرۆید ئەم قۆناغەی لەنێوان دوو ساڵی (پێنچەم و شەشەم )ی تەمەندا دیاریکردووە تاکو دەگاتە تەمەنی باڵغ بوون ، هەروەها دەڵێت: (لەم قۆناغەدا بە تەواوەتی یان بەشێك لەو پاڵنەرە (کەبت) دەبێت و هێزی عەقڵی دروست دەبێت ، کە لەداهاتوودا هەموو ئایدیا و فاکتەر و غەریزە سێکسییەکان دەخاتە ژێر دەسەڵات و چالاکی خۆیەوە.


**سەرچاوەکان :**

١- سێکس و لاوی زیرەك ، نووسینی: کولن ولسن ، و/ فازیل هیمەت.
٢- فرۆید لە تەرازووی ژیریدا ، محمد ملاصلاح شارەزووری.
٣- خواناسیی ئایین ئیمان ، علی باپیر.
٤- رێبەری خێزان ، فاضل هیمەت.
٥- سنوورە قەدەغەکان مەشکێنن ، علی باپیر.




# (جینی بۆماوەیی)
# لەماستەر نامەیەکدا

ئامادەکردنی/ مەلا تەحسین



حەسەن محەمەد رۆستەم بیویانی
خاوەنی ماستەرنامەکە

لە رۆژی دوو شەممە بەرواری (١٩/١٢/٢٠٠٥) لە هۆڵی قودس لە کۆلێجی تەکنیکی پزیشکی و تەندروستی لە بەغدا نامەی ماستەری خویندکار (**حەسەن محەمەد رۆستەم بیویانی**) لەبەشی (شیکاری نەخۆشییەکان) لە (کۆلێجی تەکنیکی پزیشکی و تەندروستی) بەناونیشانی :
[HLA Typing for Children with Nephritic Syndrome in Iraq]



تاوتوێ کرا لەلایەن لیژنەی تاوتویکردن ، کە لەم بەرێزانە پیکهاتبوو:

**١- د. علی حسين أدحيه/ پرۆفیسۆری یاریدەدەر/ سەرۆك**
**٢- د. عبدالعظيم ياسين البراك / پرۆفیسۆری یاریدەدەر/ ئەندام**
**٣- د. رجوه حسن عيسى/ پرۆفیسۆری یاریدەدەر / ئەندام**
**٤- د. بتول علی احمد الحيدری/ پرۆفیسۆری یاریدەدەر/ ئەندام و سەرپەرشت**
**٥- د. عامره جابر عمر/ خەبیر/ ئەندام و سەرپەرشت**

دوای چوار کاتژمێر لە پێشکەشکردن و تاوتوێکردن نامەکە بە پلەی نایاب (امتیاز) پەسەندکرا.

خویندکار لە توێژینەوەکەیدا ئەوەی دەرخست ، کە جینی بۆماوەیی (HLA-DR7,HLA-B21)پەیوەندی پۆزەتیڤانەی هەیە لەگەڵ دەرکەوتنی نەخۆشی (Nephritic Syndrome) لە گورچیلەی منداڵان لە عێراقدا وە بوونی جینی بۆماوەیی (HLA-B5)کاریگەریی پارێزیکەری هەیە لە تووشبوون بەو نەخۆشییە . توێژینەوە لەم بوارەدا بۆ یەکەمجارە لە سەر ئاستی عێراق ئەنجامدەدرێ ، هەروەها هەڵساوە بە هەژمارکردنی تەواوی دژە تەن و تەواوکەر (total serum Igs & Complement) و پەیوەندییان لە گەل تەنەکانی HLA-antigens، توێژەر یەکەمین کوردە لەم کۆلێژەدا بڕوانامەی ماستەر بەدەستدەهێنێ.